د. خالید ئێر توغرول



# تەکنیکی نوێ لە
# کتێب خوێندنەوەدا

## ئەوانەی ئەم کتێبە دەخوێننەوە:

١- جیهانێکی نوێ دەدۆزنەوە.

٢- سەرلەنوێ خۆیان دەناسنەوە.

٣- نیگەرانی و خەمەکانیان کەم دەبێتەوە.

٤- بە شێوەیەکی جوانتر ژیان دەبینن.

٥- هاوڕێیەك و نهێنیپارێزێك دەدۆزنەوە.

٦- زۆر سوپاسگوزار دەبن کە ئەم کتێبەیان خوێندووەتەوە، چونکە هەست بە چێژی خوێندنەوە دەکەن.

تاقی بکەنەوە...

# پێشەکی

## نامەیەك

**مامۆستای خۆشەویستم...**

لە کرێوەی ساردی زستاندا، گەرمترین ڕێز و خۆشەویستیم بۆت هەیە و لە ناخی دڵمەوە هیوای باشیت بۆ دەخوازم. هەمیشە لەگەڵ خێزانەکەم دوعای خێرت بۆ دەکەین، کە بوویت بە هۆکاری ناسینی کتێبەکانت و بوونمان بە خوێنەرێکی باش.

مەحاڵە ئەو کەسانەی کتێب ناخوێننەوە، تێبگەن لە حاڵی ئەوانەی کتێب دەخوێننەوە. ئەسمای کچمان، کە یەکەم جار ئاشنای کتێبەکانت بوو، بەبەردەوامی کتێبی دەخوێندەوە. من و دایکی زۆر جار ڕووبەڕووی دەبووینەوە، چونکە وامان دەزانی ئەگەر مرۆڤ لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بێت، ئیدی پێویستی بە خوێندنەوەی کتێب نابێت.

زۆر هەڵە بووین زۆر... تەمەنمان بەبێ کتێب و زانست و زانیاری بەسەر چوو. لەبەر ئەوەی لە گەورەکانمانەوە نەمانبینیبوو،

بۆیە ئێمەش نەمانتوانیبوو خۆمان لەسەر کتێب خوێندنەوە ڕابهێنین و پێیەوە هۆگر بین. کاتێك کچەکەمان دەستی کرد بە خوێندنەوەی کتێبە ئاینییەکان، ئێمەش ناڕەزاییمان دەردەبڕی و پێمان ناخۆش بوو و چەندین جار ئاگادارمان دەکردەوە و پێمان دەوت: "کچم زۆر تێیدا ڕۆمەچۆ، دوایی مێشکت تێك دەچێت!"

بیرکردنەوە و تێڕوانینێکی چەندە هەڵە و ناپەسەندە. ئایا دەکرێت بە نەخۆشێك بوترێت: "زۆر مەڕۆ بۆ لای پزیشك، دوایی نەخۆش دەکەویت!" هەر نەخۆشێك چەند بچێت بۆ لای پزیشك و چاودێریی تەندروستیی خۆی بکات، ئەوەندەش خێرا چاك دەبێتەوە. بێگومان نەخۆشخانە بەخششێکە بۆ نەخۆشەکان، بەڵام ئێمە ئەوەمان نەدەزانی. ئێمە لە ڕاستیدا دەمانویست ڕۆڵەکەمان (هەم سەربەرز و سەرکەوتوو و خاوەنی کەسایەتیی خۆی بێت، هەم زۆریش باوەڕدار نەبێت.)

چاوەڕێی کارێکی مەحاڵمان لە منداڵەکانمان دەکرد؛ هەم سەرکەوتوو و خاوەن کەسایەتی بن، هەم لە ئاینیش دوور بکەونەوە! مەگەر دەکرێت شتێکی هێندە بێ بنەما هەبێت؟ ئەمە وەك ئەوە وایە داوا لە پیاوێکی برسی بکەین لە چێشتخانەیەکدا کار بکات، بەڵام تامی هیچ شتێك نەکات و هیچ نەخوات. مرۆڤە سەرکەوتوو و خاوەن کەسایەتییە بەرزەکان، باوەڕێکی بەهێزیان هەیە. ئەگەر مرۆڤەکان لە باوەڕەکانیان دابېڕێن، کەسایەتییان نامێنێت و خۆیان دەدەن لە ئاژاوەگێڕی...

•••

زۆر سـوپاس بـۆ خـودا، لە نیـوەی ڕێگـادا گەڕایـنەوە. هەڵسوکەوتەکانی کچەکەمان، کە تا دەهات پێگەیشتووانەتر دەبـوون، کاری تێ کردبووین. پەرۆش بووین بۆ ئەو کتێبانەی دەیخوێنـدنەوە. کتێبەکانیش هی بەڕێزت بوون...

یەکەمین بەرهەمت کە پێکەوە لەگەڵ هاوسەرەکەمدا خوێندمانەوە، (خۆشەویستی بەم جۆرە دەبێت) بوو. بەدوایدا کتێبەکـانی (ئایسـێڵ و محەمەدی دوزجەیی)مان خوێندەوە. نازانم چۆنتان بۆ بـاس بـکەم... بەداخ بـووین، زۆریـش بەداخ بـووین بـۆ ئەو کاتـانەی بێهـوودە لەدەسـتمان دەرچـوون. ئـای لە ڕێگـای بەندایەتیـدا چەنـدە دوا کەوتبووین! سوپاس بـۆ خـودا ماڵەکەمـان ئیتر بـووەتە خوێنـدنگە. ئێمەش بەخێزانی بووینەتە (خوێنەر). هەموومان بەرنامەمـان هەیە بـۆ خوێندنەوە؛ هەم بە تەنها و هەم پێکەوە. هەندێك جاریش کۆ دەبیـنەوە و دەربارەی ئەو کتێبـانەی خوێنـدوومانەتەوە، زانیارییەکـان تـاووتوێ دەکەین و بە یەکتریان دەڵێین.

لەم ڕێـگەیەوە خـودای گەورە ئاسـوودەیی بەسـەر ماڵەکەمانـدا پەخش کرد و بووینە خێزانێکی بەختەوەر. ئەوانەی دەگەڕێن بەشـوێن ئاسوودەیی دڵ و بەختەوەریی خێزانی و چێژبینین لە ژیاندا، با کتێـب بخوێننەوە، بەڵام با کتێبگەلێکی باش و هەڵبژاردە بن.

دووبارە لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیمدا...

**خوێنەرێك**

# بەشی یەکەم

## خوێندنەوە بۆ هەموو کەسێك پێویستە



# خوێندنەوە بۆ هەموو کەسێك پێویستە

لە ژیانی ئەمڕۆماندا بەشێکی زۆری مرۆڤەکان، گلەیی ئەوە دەکەن کە ناتوانن کتێب بخوێننەوە. هەندێکی دیکەش دەڵێن، سەرەڕای ئەوەی دەیانەوێت بخوێننەوە، ناتوانن دەست بکەن بە خوێندنەوە و ئەو کاتەشی دەست پێ دەکەن، ناتوانن بەردەوام بن. واتە بە جۆرێك، ناتوانن لەسەر خوێندنەوەیەکی دروست و ڕێکوپێك خۆیان ڕابهێنن.

کێشەی نەخوێندنەوەی کتێب، سەرەڕای ویست و خواستی کەسەکان لەسەری، بە هۆی سنووردار بوونی بەهرە و تواناکانەوە نییە، بەڵکو لە دروست بەکارنەهێنانی ئەم توانا و بەهرانەوە سەرچاوەی گرتووە. لە کاتێکدا گرنگترین و یەکەمین سەرچاوە بۆ ئەو کەسەی دەیەوێت ببێتە خاوەنی زانست و زانیاری و دروست بیر بکاتەوە و ئاخاوتنی جوان بێت و بە شێوەیەکی ڕوون و کاریگەر بنووسێت، بەدڵنیاییەوە کتێبە.

کتێب، ئەو مامۆستایەیە کە هەر کاتێك ویستتان، ئامادەیە بۆ وانەوتنەوە. دەتوانن لە تەك خۆتاندا هەڵی بگرن و ئەو کاتەی ویستتان

زانیاریی لێ وەربگرن و پارە و خۆراك و پۆشاكی ناوێت... تاكە شتێك كە ئەو دەیەوێت، سەرنجدان و پەیوەستبوونتانە. بە زبری قسە ناكات، دڵتان نائێشێنێت و بە نمرە ناتانترسێنێت. تەنانەت ئەو كاتانەشی حەزتان لێی نییە، بە وانەوتنەوە بێزارتان ناكات.

دەتوانن پرسیاری لێ بكەن، مشتومڕی لەگەڵدا بكەن و پێی بڵێن كە بیروڕاكانی پەسەند ناكەن. لە سەروو ئەوانەیشەوە، گۆڕینی ئەو مامۆستایەی بەدڵتان نییە لە دەستی خۆتاندایە.

هەموو كەسێك ئارەزووی گفتوگۆكردن لەگەڵ كەسە ناودار و بەڕێزەكاندا دەكات، تاكە ڕێگای بەدیهێنانی ئەم خەونەش خوێندنەوەیە. ورد خوێندنەوەی كتێبێك، واتە گفتوگۆكردن لەگەڵ نووسەرەكەیدا بۆ ماوەی چەندین كاتژمێر. لە ڕێگەی بەرهەمەكانیانەوە، دەتوانن بیروڕاكانیان سەبارەت بە جیهان و مرۆڤ و ژیان بزانن. كتێبەكان ئامرازی ئاڵوگۆڕی زانیارین لەنێوان مرۆڤەكان و سەردەمەكاندا. هەروەها بەشێكی زۆری ئاڵوگۆڕی زانیاری لەنێوان ئەو كەسانەی لە وڵات و ناوچەیەكی جیا دەژین، لە ڕێی كتێب خوێندنەوەوەیە.

كتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارەكان، هەر یەكەیان سەرچاوەیەكی دەوڵەمەندی بابەت و پێداویستین بۆ هەر نووسەرێك. ئەو وتاربێژەی بەدوای سەرچاوەی پشتگیریكەری بیروڕاكانیدا دەگەڕێت، یان ئەو چیرۆكبێژەی بۆ دۆزینەوەی ڕووداوێك لە هەوڵداندایە، تەنها لە ڕێگەی خوێندنەوەوە دەتوانن ئەو زانیارییانە

بەدەست بهێنن کە دەیانەوێت. هەندێك جار بەسەرهاتێکی بچووك ئیلهام بە نووسەر دەبەخشێت، یان ڕستەیەك دەتوانێت ئاسۆیەکی نوێی بە ڕوودا بکاتەوە.

بەرهەمە بەنرخەکان، مرۆڤەکان فێری بیرکردنەوەی دروستیش دەکەن. ئەو کەسەی ئەو بەرهەمانە دەخوێنێتەوە کە بە شێوازێکی ژیرانە تێڕوانینە دروستەکانیان تێدا باس کراوە، پاش ماوەیەك دەبینێت کە زۆر باشتر بیر دەکاتەوە. توانای تێگەیشتنی فراوان دەبێت، هەستەکانی تیژ دەبن و توانای ژیریشی زیاد دەکات. لە تێگەیشتن لە مرۆڤ و ڕووداوەکان و چارەسەرکردنی کێشەکاندا دەبێتە پسپۆڕ.

بەداخەوە زۆربەمان ئەو تێڕوانینە بەسەرماندا زاڵە، کە لەو باوەڕەداین خوێندنی سەرەتاییمان بەسە بۆ ئەوەی ببین بە خوێندەوار. لە هەڵەیەکی زۆر گەورەداین، کە دەڵێین: "هەر چۆنێك بێت دەزانم بخوێنمەوە، چ پێویست دەکات لە ئاستێکی بەرزتردا بخوێنم؟" خوێندنەوە مەشقکردنی مێشك و خۆراکی ڕۆحە. بە واتایەکی دیکە، خوێندنەوە وەك دەرمان وایە. کەواتە مرۆڤ هەر چەندە کتێبی باشتر و زیاتر بخوێنێتەوە، هێندەش توانای ناسین و دۆزینەوەی خۆی بەدەست دەهێنێت. گەر مرۆڤ بەڕێکوپێکی و بەردەوامی بخوێنێتەوە، پێداویستییەکانی مێشك و ڕۆحی دەستەبەر دەکات.




# دەرمانی من، کتێبەکان بوون

سەدان و هەزاران سوپاس بۆ تۆ مامۆستا... لە کۆتاییدا ئەوەی بەدوایدا دەگەڕام، دۆزیمەوە. سەرەڕای ئەوەی لەو هەموو ناز و نیعمەتەدا بووم، بەڵام هێشتا نەمدەتوانی لە خەم دەرباز بم. نائارامی و دڵتەنگی و بێئامانجی و بێئاگایی لەوەی نەمدەزانی بۆچی دەژیم، ڕەشبینی و بێئومێدی و چەندین نەخۆشی دیکەش ناخمیان شێواندبوو...

باسی خەمەکانم لای کێ بکەم؟ دەڵێن: "تۆ پیاوێکی دەوڵەمەند و هەبوویت، هەموو کارەکانت بەباشی دەڕۆن بەڕێوە. ئەگەر تۆ بڵێیت، 'نائاسوودە و دڵتەنگم'، دەبێت هەموو مرۆڤەکانی دنیا دڵتەنگ بن."

هەر کەسێك یەکەم جار منی ببینیایە، مافی خۆی بوو وا بڵێت، چونکە بەڕاستی پیاوێکی دەوڵەمەند و هەبوو بووم. کارەکانم بەباشی دەڕۆشتن بەڕێوە و هیچ نەخۆشییەکی جەستەییم نەبوو، بەڵام شتانێك

هەبوون کە ناخمیان دەپووکاندەوە. ئەمە گەردەلوولێك بوو وای لێ کردبووم هەموو کەسەکانی چواردەورم بە دوژمن ببینم. هیچ شتێك چێژی نەمابوو، ژیان زۆر بێمانا بووبوو.

هەمیشە لە خۆمم دەپرسی: "ئەگەر ئەو ژیانەی باسی دەکەن ئەمە بێت، ئەی دەبێت لەبەرامبەر فشارەکانی ئەم ژیانەدا چی بکەم؟ ئایا شێوازێك نییە بۆ بەختەوەربوون؟ چۆن دەتوانم بیدۆزمەوە و پەیڕەوی بکەم؟"

گەشتم کرد، بینیم، خواردم، خواردمەوە... ئۆتۆمبێلە کەشخە و گرانەکان، خانووە نایابەکان، ساڵ بە ساڵ زیادکردنی قازانجەکان... بە ماوەیەکی زۆر کورت گەیشتم بەو شوێن و پێگەیەی، هەموو کەسێك ئیرەیی پێ دەبرد... باشە، ئیدی لەوە زیاتر دەبووایە چیم بکردایە؟ خەمەکانیشم بەتەواوی هەر لەم خاڵەوە دەستیان پێ دەکرد.

• • •

لە شاری (تارسوس) ئاشنای بەڕێزتان بووم. بە هۆی کارێکی بازرگانییەوە هاتبوومە ئەوێ. لەسەر داوای ئەو هاوڕێیەم، کە میواندارییی دەکردم، هاتین بۆ کۆنفرانسەکەتان. لەدوای کۆنفرانسەکەش، گفتوگۆیەکی کورتمان کرد. ئێوە بەبەردەوامی باسی خوێندنەوەتان دەکرد. کاتێك وتتان: "کتێب خوێندنەوە باشترین و کاریگەرترین دەرمانە." ئەو قسەیە وەك هەورەبرووسکەیەك دای لە مێشکم. ڕاستە هەموو شتێکم هەبوو، بەڵام ڕانەهاتبووم لەسەر کتێب

خوێندنەوە. وتم: "تۆ بڵێی هۆکاری دڵتەنگییەکەم، نەخوێندنەوەم بێت؟" دەستبەجێ هاتم لێم پرسین:

- مامۆستا چۆن کتێب بخوێنمەوە؟

- دەبێت ئەو کتێبانە بخوێننەوە، کە باسی مرۆڤ دەکەن و نهێنییەکانی مرۆڤ ئاشکرا دەکەن و بە مرۆڤەکان ڕادەگەیەنن کە بۆچی دەژین.

ئەم وەڵامە سەرنجی ڕاکێشام، چونکە منیش پێویستیم بەو کتێبانە بوو کە بە مرۆڤ دەڵێن بۆچی دەژیت. هەر لەوێدا دوو کتێبی خۆتان بۆ ئیمزا کردم، بە ناوەکانی (محەمەدی دوزجەیی) و (خۆشەویستی بەم جۆرە دەبێت).

تا گەیشتمەوە ئەنقەرە، کتێبی (محەمەدی دوزجەیی)م تەواو کرد. ئای خوایە! چۆن دەتوانرێت کتێبێکی هێندە نایاب و بێوێنە باس بکرێت! دواتر کتێبەکانی دیکەشتانم خوێندەوە. بەڵێ، ئەم وتەیەتان زۆر ڕاست بوو: "کتێب خوێندنەوە، دەرمانی هەموو کەسێکە." منیش دەرمان و چارەسەرەکەم بەم شێوەیە دۆزییەوە.

ڕووناکی ڕووی کردە ژیانم و بەختەوەریی ڕۆحم دۆزییەوە. خوای گەورە هەزاران جار لێتان ڕازی بێت.

لەگەڵ ڕێزدا...

**ئەمرە گوندوز**

•••

# پێشنیارێك

خۆشەویستی بۆ خوێندنەوە، جۆرە ڕەفتارێك نییە کە لەخۆوە دروست ببێت. خۆشویستنی خوێندنەوەش بە هەمان شێوەی دروستبوونی هەموو خۆشەویستییەکان، پێویستی بە چەند دەستپێشخەرییەك هەیە.

خۆشەویستی، بە وەگەڕخستنی کۆمەڵە هەستێکی وەك؛ چاو و مێشك و دڵ و تامەزرۆیی و خەمخۆری دێتە کایەوە. خۆشەویستیی خوێندنەوەش، بە بزواندنی هەستەکانی گرنگیپێدانێکی زۆر و خەمخۆری و خاوەندارێتیکردن خۆی دەردەخات و دێتە کایەوە.

بۆ ئەوەی وا لە مرۆڤێك بکرێت کتێبی خۆش بوێت، دەبێت بابەتێك یان نووسراوێك یان کتێبێکی وەهای بۆ بدۆزرێتەوە، کە سەرنجی ڕابکێشێت. هەندێك جاریش، گفتوگۆ و سەیران و گەشتەکانیش یارمەتیدەرن بۆ دروستبوونی خۆشەویستیی کتێب خوێندنەوە.

نامەیەك

## چۆن خوێندنەوەم خۆش ویست؟

مامۆستا، چەند جارێك نامەم بۆ بەڕێزتان نووسیوە و چەند جارێکیش بە پەیوەندیی تەلەفۆنی قسەمان کردووە.

کێشەی سەرەکیم ئەوە بوو، هیچ حەزم لە کتێب و خوێندنەوە نەبوو، هیچیش پەرۆش نەبووم بۆ ئەو شتانەی لە کتێبەکاندا نووسرابوون. بەتەواوی نازانم هۆکارەکەی چی بوو، بەڵام هەر حەزم لێیان نەبوو. پێدەچێت ئەم بارودۆخەم هۆکارەکەی ئەوە بووبێت، کە لەناو هاوڕێکان و خێزانەکەمدا، کەم کەس هەبوون کتێب بخوێننەوە. وا هەست دەکەم بە درێژایی ژیانی خوێندنیشم، پردێك لەنێوان من و کتێبەکاندا دروست نەکراوە. وانەکان هیچ سەرنجیان ڕانەدەکێشام.

زۆر سوپاستان دەکەم بۆ پێشنیارەکانتان، سەبارەت بە خوێندنەوە و خۆشویستنی کتێب. کاتێك کتێبی (ئایسێڵ)ی بەڕێزتانم خوێندەوە، هەموو چەوتی و هەڵە بیرکردنەوەکانم سەبارەت بە کتێب خوێندنەوە

گۆڕان. دوابەدوای ئەمە، بیرم دەکردەوە و دەموت: هەر بەهەڕەمەکی بە گەنجەکان دەڵێن کتێب بخوێننەوە... دەبێت کتێبەکان گەنجەکان بخوێننەوە، نەك گەنجەکان کتێب بخوێننەوە، کتێبەکان تامەزرۆیان بکەن. مرۆڤ دەبێت خۆی لە کتێبدا بدۆزێتەوە، لانی کەم بەشێك لە کێشەکانی باس بکات...

کاتێك کتێبی (ئایسێل)م تەواو کرد، لە لایەك ئاشنای زۆرێك لەو نەزانراوانە بووم کە دەربارەی خۆم بوون، لە لایەکی دیکەشەوە حەزم لە خوێندنەوەی ئەو جۆرە کتێبانە کرد. لەبارەی کتێب خوێندنەوەشەوە، ئیدی لەو بڕوایەدام کە دەبێت مرۆڤ لەو کتێبەی دەیخوێنێتەوە خۆی بدۆزێتەوە، بە شێوەیەك خۆی بدۆزێتەوە کە حەز و خۆشەویستیی بۆ کتێبەکە زیاد بکات.

ئێستا منێك کە هیچ حەزم لە کتێب خوێندنەوە نەبوو، لە سایەی هەندێك لە کتێبەکانتانەوە کتێبم زۆر خۆش ویست.

سوپاسێکی بێپایان.

**مەریەم ئاککۆر**

• • •

ئەم نامەیەی لەبارەی چۆنێتیی دروستبوونی خۆشەویستیی کتێبەوەیە، وا دیارە کە ڕاستییەکی زۆر گرنگی خستووەتە ڕوو، بۆیە بەدڵنیاییەوە دەبێت لەم بارەیەوە شتانێك بوترێن.

# پێشنیارێک

بۆ دروستبوونی خۆشەویستیی کتێب، پێویستە سەرنج لەم خاڵانە بدرێت:

١- لەپاش لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی باش، ئینجا کتێب بکڕن، چونکە کتێب لە هەمان کاتدا هاوڕێیە، هەر وەك چۆن هاوڕێی باش هەیە، بە هەمان شێوە هاوڕێی خراپیش هەیە. بزانن ئەو کتێبەی بە دەستتانەوەیە، لە کام جۆرەیانە.

٢- ئەو کتێبە مەخوێننەوە، کە سەرنجتان ڕاناکێشێت. ئەم جۆرە خوێندنەوانە، ویستی خوێندنەوەتان کەم دەکەنەوە.

٣- خوێندنەوە بکەن بە بەرنامەی ڕۆژانەتان.

٤- هێندەی خواردن و خواردنەوە، هەست بە پێویستیی خوێندنەوە بکەن.

٥- بزانن کە کتێب خوێندنەوە، لە زۆرێك لە نەخۆشییە دەروونییەکان دوورتان دەخاتەوە.

٦- ئەو کتێبانەی دەیانکڕن، با لەبەر چاوتاندا بن و بەڕێز ڕێکیان بخەن. کاتێك کتێبەکان بەبەردەوامی بە

ڕووتانــدا زەردەخەنە دەکەن، ئەو کـاتە هەسـت دەکەن پێویستیتان بەوەیە بیانکەنەوە و بیانخوێننەوە.

٧- هەر چۆنێك بووە، خشتەیەکی ڕۆژانە بـۆ خوێنـدنەوە دابنێن.

٨- کتێب بکەن بە دیاری. ئەوەی کتێب دەکات بە دیاری، کتێب بە دیاری وەردەگرێتەوە.

٩- فێری تەکنیکەکانی خێرا خوێندنەوە ببن.

١٠- ئەوانەی خوێنـدووتاننەتەوە، بەکـورتکراوەیی لەسـەر کاغەزێـك بیاننووسـن، چـونکە نووسـین هۆکـارێکی گرنگی خێراکردنی خوێندنەوەیە.

١١- لەبیرتان نەچێت کە خوێندنەوە هاوسەنگیی دەروونـی ڕێك دەخـات و لە کـۆمەڵگەدا کەسایەتیتان بەڕێـز و مەزن ڕادەگرێـــت و دەتانکـــات بە (کەسـێکی هۆشمەند).

# 1

# کتێب خوێندنەوە، ژیانت لا خۆشەویست دەکات

بۆ مرۆڤ، ژیان پڕیەتی لە ڕاز و پەنهان. ئەو مرۆڤانەشی ناتوانن ئەم نەزانراوانە بدۆزنەوە، هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێدان.

قەیرانی دارایی، جەنگ، بەگژداچوونە نێوخۆییەکان، بوومەلەرزە، مردن و... هتد، ئەو ڕووداوانەن کە ژیانی مرۆڤەکان سەخت دەکەن و دڵتەنگ و نائاسوودەیان دەکەن و خۆشییەکانیان لێ تێک دەدەن. بەڵام کاتێک لە ڕووی ڕاستەقینەی ژیان تێدەگەین، هەر چییەک ببێت، ئیدی مرۆڤ لە ژیان زویر نابێت و ژیان بەسەخت نابینێت.

# نامەیەك

## لە ژیان زویر بووبووم

ماموٚستای بەڕێزم...

زۆر سوپاستان دەکەم بۆ بەهەندوەرگرتنی نامەکانم و گرنگیدانت بە کێشەکانم.

من کێشەی دەروونیم هەبوو، ژیانم خۆش نەدەویست و هەستم بە نائارامی دەکرد. بەڕێزیشتان، هەموو جارێك پێشنیاری کتێب خوێندنەوەتان بۆ دەکردم. یەکەم جار بەلامەوە قورس بوو، بەڵام دواتر تێگەیشتم کە ژیان بە کتێبەوە جوان دەبێت و واتا بەدەست دەهێنێت. فێربوون و زانینی واتا و نهێنییەکانی ژیان، زۆر بەختەوەر و ئاسوودەیان کردم. کتێبەکەتان بە ناوی (من کێم؟)، بووە یەکەم هەنگاوی کتێب خوێندنەوە بۆ من. لەم کتێبەدا تێگەیشتم کە مرۆڤ بۆچی دەژی و بۆچی بوونی هەیە. تێگەیشتن لەمە زۆر خۆش و ئارامبەخشە...

پاشان بە (پەیامەکانی نوور) ئاشنا بووم، ئەمەش وای کرد بەتەواوەتی لە کێشەکانم ڕزگارم ببێت. خوێندنەوە و زانین و تێگەیشتن، چێژ بە ژیان دەبەخشن و ڕۆح خاوێن دەکەنەوە. هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەرماندان و بە بێسوود و بێواتا و بێگیان دەیانبینین، شێوەیەکی نوێ وەردەگرن و وەك هاوڕێیەکیان لێ دێت بۆ مرۆڤ و تێڕوانینی مرۆڤەکان دەگۆڕێت.

تێگەیشتم لەوەی، مرۆڤ کتێبێکی نایاب و بێکەموکورتییە و گەردوونیش کتێبێکی زۆر گەورەیە. هەر کاتێك بیر لەمانە دەکەمەوە و لێیان ڕادەمێنم، ناخم وەك مۆمێك دەتوێتەوە و دەگەم بەو ئاسوودەییەی چەندین ساڵ تامەزرۆی بووم. لە ناخی دڵمەوە دوعای خێرم بۆتان هەیە...

**سەلوە ئارکچی**

# 2

# خوێندنەوە، دەبێتە هۆی پێگەیشتنی بیرکردنەوەکانمان

ئەو بیرکردنەوە و تێڕوانینانەی مرۆڤ خاوەنیانە، بەپێی ئاستی زانیاری و ڕۆشنبیرییەکەیەتی. کاتێك مرۆڤ باس لە ئەزموونەکانی دەکات، بەگوێرەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا باسیان دەکات. ئەمەش پێگەیشتوویی مرۆڤەکە لە چەند ڕوویەکەوە دەردەخات، لەوانە؛ لە هەڵسوکەوتەکانیدا، ئاستی بیرکردنەوەکانی، ڕێکوپێکیی پەیوەندییەکانی و توانای بەکارهێنانی ئەزموونە کلتوورییەکان و زانیارییەکانی لە شوێنی خۆیاندا.

ئیدی ئەوەی مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەم پلەیە، بەهرەی زانین و پیادەکردنە. دروستبوونی ئەم بەهرەیەش، بە خوێندنەوەیەکی ڕێکوپێك و بەردەوام دەبێت.

# نامەیەك

## بیرەکانم پێگەیشتن

مامۆستای بەڕێز...

لە کۆتاییدا، پاش ئەوەی دەستم بە کتێب خوێندنەوە کرد، هاتمەوە سەر خۆم. هەستم بە گرنگی و پێگەی خۆم لەناو کۆمەڵگەدا کرد و توانیم هەڵسوکەوتەکانم بخەمە ژێر چاودێریی خۆمەوە. سوپاستان دەکەم، ناتوانم نکوڵی لە ڕۆڵی کتێبەکانت بکەم، لە گەیشتنم بەم پێگەیە.

سەرەتا لەبەر ئەوەی هیچ کتێبم نەخوێندبووەوە، هەر خەریکی ئەو قسە بێمانایانە بووم کە گوێکانمیان پێ پڕ کرابوو. وەك دەڵێن: "ئەوەی کتێب ناخوێنێتەوە، وا دەزانێت هەموو شتێك دەزانێت. ئەوەشی دەخوێنێتەوە، تێدەگات لەوەی چەندە کەم دەزانێت." منیش وەك ئەوەم لێ هاتبوو.

کاتێك دەستم کرد بە کتێب خوێندنەوە، سەرلەنوێ چاوم بە بۆچوون و تێڕوانینەکانمدا خشاندەوە. هەموو ئەو زانست و زانیارییانەی بەدەستم هێنان، بوونە هۆی پێگەیاندنی بۆچوونەکانم.

ئێستا بیر دەکەمەوە و دەزانم بۆچوونەکانی پێشووترم چەندێك سەرەتایی و سادە بوون. خۆم لە خۆم تووڕە دەبم و دەڵێم: چۆن ئەمانەم دەکرد؟

لێرەدا دەمەوێت وەك نموونە ئەمە باس بکەم؛ پێش ئەوەی کتێب بخوێنمەوە، بەبەردەوامی هەڵەکانی برا بچووکەکەمم دەدایەوە بە ڕوویدا و وام دەزانی کارێکی باش دەکەم و بەرەو شتێکی دروست ئاراستەی دەکەم. لە کاتێکدا، ئێستا تێدەگەم لەوەی دەبێت بە شێوازێکی نەرم هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەم، بێ ئەوەی هەڵەکانی بدەمەوە بە ڕوویدا و شەرمەزاری بکەم. ئایا شتێك هەیە هێندەی خوێندنەوە خۆش بێت بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت ژیانیان جوان بکەن و خۆیان پێبگەیەنن؟

لەگەڵ ڕێزدا...

**سەلامی چاکر**

•••

## پێشنیارێك

پێویستە چەندین جار کۆتا ڕستەی ئەم نامە جوانەی (سەلامی چاکر)ی برامان دووبارە بکەینەوە: "ئەوانەی دەیانەوێت ژیانیان جوان بکەن و خۆیان پێبگەیەنن، بێگومان دەبێت بەرێکوپێکی کتێب بخوێننەوە."

# 3

# کتێب خوێندنەوە، فشاریش کەم دەکاتەوە

بێتوانایی و لاوازی لە قسەکردن و دەردەدڵکردن و ڕوونکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەدا، مرۆڤ دووچاری فشار و گرژیی باری دەروونی دەکات. ئەو کەسەی ڕووبەڕووی ئەم کێشانە و هاوشێوەی ئەمانە بووەتەوە، پێویستە لەسەری کتێب بخوێنێتەوە.

ئەو کتێبەی بەباشی هەڵی دەبژێرن و خۆتانی تێدا دەدۆزنەوە، دەبێتە نایابترین و متمانەپێکراوترین ڕێبەر و هاوخەم بۆتان. لەوێدا پێشنیاری ڕێگەچارەی ئەو کێشانە دەدۆزنەوە، کە ناتوانن باسیان بکەن. فێر دەبن چۆن لە تێکچوونی باری دەروونی ڕزگارتان ببێت و ڕێبەرێکتان بۆ بەها کەسێتییەکانتان دەست دەکەوێت. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە، گوێگرێکی بێزمانتان هەیە هەموو شتێك ڕێك دەخات، دەتوانن لێی تووڕە ببن، یاخود بگرین. ئەمەش بە ئەندازەیەکی زۆر هێور و ئارامتان دەکاتەوە.

کتێبی نووسەرێکی ناودار بخوێننەوە و ببن بە هاوڕێی. ئایا پێویست دەکات سوودی ئاخاوتن و ڕەفتارکردن لەگەڵ مرۆڤە مەزنەکان باس بکەم؟ ئەم هاوڕێیەتییەتان بۆ دۆزینەوەی کەسێتیی خۆتان بەسوود دەبێت.

## لە فشار ڕزگارم بوو، تێگەیشتم بۆچی دەژیم

تەنانەت خۆشم نازانم ئەمە چەندەهەمین نامەیە کە دەینووسم، بەڵام کاتێك دەنووسم، ئاسوودە دەبم و ئارام دەبمەوە.

پێشتر من کچێکی گەنجی گۆشەگیر بووم، کە لەگەڵ خەمەکانمدا تەنها مابوومەوە، لەگەڵ کەسدا نەدەکرامەوە و پەیوەندییەکانم لاواز بوون و هەمیشە دڵتەنگ بووم. هەر کێشەیەك کە نەمتوانییایە چارەسەری بکەم، کێشەیەکی دیکەی دەهێنایە کایەوە. لەبەر ئەوەی کێشەکانم تایبەت بوون بە خۆم، نەمدەتوانی لای کەس باسیان بکەم...

دوای ئەوەی هاوڕێکانم زۆر پێداگیرییان کرد، دەستم کرد بە خوێندنەوەی کتێب. وردە وردە چاوم کرایەوە و دەستم کرد بە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو کێشانەی نەمدەتوانی چارەسەریان بکەم و بەردەوام خواست و ویستم لەسەر خوێندنەوەش زیادی دەکرد. کتێب هاوڕێیەکی هێندە باشە، کە دەکرێت هەموو جۆرە کێشەیەکی لەگەڵدا باس بکرێت و ڕێگەچارەی هەموو کێشەیەکی تێدا بدۆزرێتەوە. بە خوێندنەوەی تێڕوانینە بەسوودەکانی، دەکرێت تێڕوانین و بۆچوونەکانمان ڕاست بکەینەوە و لە چەندین شتی دیکەدا سەرکەوتوو بین...

خودای گەورە هەزار جار لە ئێوەش ڕازی بێت. لە سایەی کتێبەکانی بەڕێزیشتانەوەتەوە؛ لە لایەك هەستم کرد بۆچی دەژیم، لە لایەکی دیکەش لەسەر کتێب خوێندنەوە ڕاهاتم. ئەو کەسانەی لە نارەحەتی و نیگەرانیدا دەژین، دەزانن ئەمە واتای چییە.

لەبیرتان نەچێت، هەمیشە لە دوعاکانمدان.

بمێنن بەخێر.

**فلیز ئۆزدەمیر**

•••

## پێشنیارێك

پێویستە ئەم وتە و باسانەی خاتوو فلیز دەربارەی ڕزگاربوون لە گرفتە دەروونییەکان، بەهەند وەربگرین.

کتێب خوێندنەوە تەنها بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش نییە و تەنها بۆ خوێندنی وانەش ناخوێنرێتەوە. با لەبیرمان نەچێت ئەو کتێبەی بەباشی هەڵدەبژێردرێت، هەم دەبێتە ڕێبەر و هەم دەبێتە دەروونناس.

# 4

# خوێندنەوەیەکی ڕێکوپێك، ژیری والا دەکات

ژیری مرۆڤ پێکهاتەیەکی هەیە، کە بە کـارپێکردنی دەکـرێتەوە و بە بیرکردنەوە فراوان دەبێت و بە تێگەیشـتن پێـدەگات. هاوسـەنگی و ژیری و تێڕوانینی هەر مرۆڤێك کە دەخوێنێتەوە و قسـە دەکـات و بیر دەکاتەوە و چالاکیی ژیری ئەنجام دەدات، بە شێوەیەکی ئێجگـار زۆر بەجێ و لە ئاستێکی بەرزدا دەبن.

## بەگوێرەی وتەی پەروەردەکاری ناودار (دیل کارنگی):

"ژیریی هەموو مرۆڤێکی خوێنەر، هەمـوو سـاتێك زینـدوو و پڕ وزە و بەهێـزە. زینـدوویی ژیـریش، مـرۆڤ لە سسـتی و شـپرزەیی دەپارێزێت. چونکە ئەگەر ژیریی مرۆڤ بەهێز و زیندوو بێـت، لەناو کۆمەڵگەدا چالاکییەکانی زیاد دەکات و دەبێتە کەسایەتییەکی بەنرخ."

جوانترین بەهرەیەك کە مرۆڤ بتوانێت لە ژیانیدا بەدەستی بهێنێت، هێشتنەوەی ژیرییەتی بە زیندوویی و بە شـێوەیەکی چـالاك و بەهێز. ئەمەش بە کۆشش و خوێندنەوەی بەبەرنامە و ڕێکوپێك دێتە دی.

# نامەیەك

## زۆر سست و ناچالاك بووم..

کاتێك سەیری هاورێکانم دەکرد، ئیرەییم پێ دەبردن. ئەوان بە شەوق و زەوقەوە بەردەوام چالاکییان ئەنجام دەدا و شتیان بەرهەم دەهێنا، منیش کەسێکی سست و شپرزە و پووکاوە بووم. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گۆشەگیرتر و داخراوتر دەبووم و کارم تەنها خواردن و خەو بوو. ژیان بۆ من تەنها بریتی بوو لە خواردن و خواردنەوە و خەوتن.

مێشکم بەتاڵ و نەمدەتوانی لێکدانەوەیەك بۆ ڕووداوەکان بکەم، نەمدەتوانی بەئاسانی لە مرۆڤەکان تێبگەم. ئەم دۆخەی منی تێدا بووم بووبووە جێگەی ڕەخنە، بەڵام خۆشم بەم دۆخە خۆشحاڵ نەبووم، بەدوای ڕێگەیەکدا دەگەڕام بۆ خۆم. بەڵام چۆن و لەکوێوە؟

بۆ پشووی هاوین هاتمە تورکیا، لە شارۆچکەیەکی بچووکدا دەماینەوە. مامم کچێکی هەبوو، کە دوو ساڵ لە من گەورەترە. زۆر منی خۆش دەویست و گرنگی پێ دەدام. لەوێش هەر لەگەڵ ئەو پێکەوە بووین و پشووی بیست ڕۆژیمان بەسەر برد.

من کێشە تایبەتییەکانم بۆ ئەو باس کرد، وتی: "زۆر ئاسانە، بڕوانە بۆ چ شتێك خۆت بێتاقەت کردووە! من کتێبێکت دەدەمێ، بە هۆی ئەو کتێبەوە؛ هەم دەتوانیت بە ڕادەیەکی زۆر لە کێشەکانت ڕزگارت ببێت، هەم کتێب خوێندنەوەت لا خۆشەویست دەبێت و شتی زۆر فێر دەبیت."

یەکەم کتێب کە پێی دام، کتێبی (ئایسێڵ) بوو، پاشان ئەوانی دیکە.

بە پەیوەندیی تەلەفۆنی بۆم باس کردن، کە چەندە پێی کاریگەر بووم و چۆن هاتمەوە سەر خۆم و بە ژیانەوە پەیوەست بوومەوە و بوومەوە بە مرۆڤێکی نوێ و تێکەڵی مرۆڤەکان بوومەوە. نەخۆشیی سستی و شپرزەیی و زۆر خەوتنم نەما. بەدڵنیاییەوە ئەمەش لە سایەی کتێبەکانەوە بوو. ئەگەر مرۆڤ پلانێك بۆ ڕۆژەکەی دابنێت و پابەند بێت بەو پلانەیەوە، هەموو شتێك باش دەبێت.

بەو کەسانەی لە ژیان زویر بوون، دەڵێم:" کتێب بخوێننەوە، لەو ڕێگەیەوە باش دەبن. بێشك هەموو جۆرە کتێبێکیش نا... بەڵکو بە هەوڵدان بۆ خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی خۆتانی تێدا دەدۆزنەوە."

**سێڤجان ئوغور**

• • •

## پێشنیارێك

ئەی ئەوانەی تووشی کێشەکانی خاتوو سێڤجان بوون! فەرموون کتێبەکان چاوەڕێتان دەکەن. بخوێننەوە و ئێوەش خۆتان لە سستی ڕزگار بکەن.

# 5

# کتێب خوێندنەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی ژیان جوانتر ببینین

شێوازی تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی مرۆڤەکان، ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ڕۆح و ژیرییانە.

کاتێك بەدیعوززەمان، سەعیدی نوورسی دەڵێت: "ڕۆح لە پەنجەرەی چاوەوە دەڕوانێتە ئەم جیهانە"، تیشکی خستووەتە سەر ئەم بابەتە. واتە پێکهاتەی ڕۆح و ژیری و کلتوور و کەسایەتیی مرۆڤ هەر چییەك بێت، چاویش لەو ڕوانگەیەوە دەڕوانێتە ژیان. کاتێك دەوترێت: "جوان دەڕوانێتە شتەکان"، یاخود: "هەر بە ڕەشبینی دەڕوانێت"، بەمە گوزارشت لە تایبەتمەندیی ڕۆحی و باری دەروونی کەسەکە دەکرێت. لە ناخی مرۆڤدا هەر چییەك هەبێت، هەر ئەوەش لە کەسایەتیدا ڕەنگ دەداتەوە.

کەواتە هەر مرۆڤێك کاڵفام بێت و چوارچێوەیەکی بۆ ئاستی ژیریی دانەنابێت و نییەت و ئامانجەکانی تەنها خووە زەرەرمەندەکان بن و نەتوانێت ڕزگاری بێت لێیان، بەدڵنیاییشەوە جوان ناڕوانێت و

ناتوانێت جوانییەکان ببینێت. ئەو کتێبانەی گەردەلوولی ناخی مرۆڤەکان خامۆش دەکەنەوە و چارەسەر بۆ کێشە دەروونییەکان دەدۆزنەوە و یارمەتیدەرن بۆ بوون بە کەسێکی بەسوود، دەتوانن مرۆڤ بکەن بە کەسێکی جوانبین.

## نامەیەك

# تەماشام دەکرد، بەڵام نەمدەتوانی ببینم

مامۆستای بەڕێز، ئیدی لە نامەکانمدا ڕەشبینی نابینن. بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئێستا زۆریش ئومێدەوارم. تێڕوانینی مرۆڤ و لێکدانەوەی بۆ ڕووداوەکان، بەستراونەتەوە بە ڕێکوپێکی و جوانیی ناخییەوە. ئەو کاتەی هۆگربوونم بۆ کتێب خوێندنەوە زیادی کرد، لەم ڕاستییە تێگەیشتم.

لەماڵەوە، بەردەوام دایك و باوکم وەك منداڵێك تەماشایان دەکردم، کە هەمیشە هەڵە دەکەم و بە شێوەیەکی نەرێنی بیر دەکەمەوە. بە چاوێکی نزم تەماشایان دەکردم و لێیان دەدام و وەك

کەسێکی بەڕێز لێیان نەدەڕوانیم. ئەمەش کاری کردە سەر تێڕوانین و بۆچوون و هەڵسەنگاندنەکانم.

هاوڕێیەك، یان ژیانێك، یاخود ئەزموونێك نەبوو تا بەڕاستی وام لێ بکات بەجوانی بڕوانمە شتەکان. بەم هۆیەشەوە هەستەکانی وەك خەمباربوون، ڕقلەدڵگرتن، ڕەخنەگرتن، ڕەتدانەوە و دڵشکاندن لە مندا دروست بوون... وام لێ هاتبوو ڕوویەڕووی هەر کەسێك و هەر ڕەفتارێك ببووومایەتەوە، هەستم دەکرد نیازێکی لەپشتە. وەك بڵێی لە دونیادا بیرکردنەوەی باش کۆتایی پێ هاتبوو و مرۆڤی نیازپاك نەمابوو.

مامۆستایەکمان هەبوو بە ناوی (خاتوو فاتمە)، خوا لێی ڕازی بێت، زۆر گرنگیی بە هەموومان و بەتایبەتی بە من دەدا. قسەی بۆ دەکردین و کتێبی پێ دەداین. بۆ یەکەم جار لەوەوە فێری بیرکردنەوەی ئەرێنی و جوانبینی بووم. کتێبی (محەمەدی دوزجەیی)ی بەڕێزتانی پێ دام. ئەم کتێبە سەرلەنوێ سەرتاپای ژیانمی ڕێك خستەوە. پێناسێکی نوێ، تێڕوانینێکی نوێ... هەستم دەکرد ئەو پەردە تاریك و ڕەشەی بەسەرمەوە بوو، لا برا و دەستم کرد بە بینینی لایەنە ئەرێنییەکانی هەموو شتێك.

زۆر باش لەوە تێگەیشتم کە تێڕوانینی مرۆڤ بۆ ڕووداوەکان، خۆڕاگری و بیروڕا و ئامانجەکانی دیاری دەکات. ڕێگای بەسەربردنی ژیان و چێژ و خۆشی بینین لێی، بەستراوەتەوە بە تێڕوانینەکانمانەوە. ئەو کەسانەی بۆچوون و ڕوانینەکانیان باش و

دروستن، هەر وەك چۆن لە هەموو ڕووداوێکدا سەرکەوتوو دەبن، بە هەمان شێوە کاریگەرییان لەسەر سەرکەوتنەکانی کەسانی دیکەش دەبێت. لەگەڵ زیادبوونی بەهای گەشبینی، سەرکەوتن و بەختەوەریش زیاد دەکات. بیرکردنەوە و تێڕوانینی نەرێنیش، خەم و نەخۆشی لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن.

ڕێگای ڕزگاربوون لە ژینگەیەکی نەرێنی و جوان و باش بینین بریتییە لە: خوێندنەوەی کتێبە باشەکان و بەدەستهێنانی ڕوانگەیەکی نوێ. من پابەندی ئەمە بووم و ڕزگارم بوو. کتێبەکان بوونە هۆی (جوانبینین)م. لەبیرتان نەچێت کە هەموو ئەو کەسانەی دەخوێننەوە، جوان دەبینن و لە ژیانیشیاندا بەختەوەر دەبن.

سێڤدە دیکیلی

# پێشنیارێك

هەنـدێك لە مرۆڤەكـان، هەوڵ دەدەن لە هەمـوو ئەو قسانەی خەڵكی دەیانڵێن و لە هەمـوو ئەو ڕووداوانەی لە دەوروبەریان دەگوزەرێن، مەبەستێكی شاراوە بـدۆزنەوە. لەسەر ڕووداوە خەمناك و بێزاركەرەكان، زیاد لە پێویست ڕۆدەچـن. زیـادەڕەوی لە هەواڵە ناخۆشـەكاندا دەكەن و هـیچ گرنگـی بە هەواڵە خۆشـەكانیش نـادەن. هەروەهـا ڕادێن لەسـەر ئەوەی هەمیشـە وا هەسـت بـكەن هەمـوو ڕۆژێكیـان بەهەدەر دەڕوات و سـبەینێیان لە دوێنێیـان خراپتر دەبێت. تەنانەت هەست بەوە ناكەن كە پێشوەخت بە پێشبینییە خراپەكانیان، داهاتوویان ژەهراوی دەكەن.

بیركردنەوەی گەشبینانە و ئومێدەوار بوون بە داهـاتوو، ژیان ئاسان دەكات. ئەو مرۆڤەی لە بوونی خۆی ڕازییە، ژیان بە هەموو ناڕەحەتییەكانییەوە دەگرێتە باوەشی. مرۆڤە ڕەشـبینەكانیش، بەردەوام سـەرچاوەی دڵتەنگـی و نائاسـوودەیین بـۆ دەوروبەریـان. بێـار و ڕەشـبین و نەگونجـاون. خـۆی لە بنەڕەتـدا، بیركـردنەوەی نەرێنـی ئەنجامی بێهیوابوون و ڕووداوە خەمناكەكانی ڕابردووە.

بیرکردنەوەی ئەرێنی، بزاوت و تەکنیکی گۆڕینی هەموو جۆرە ئازار و بەڵایەکە بۆ خۆشبەختی و ئاسوودەیی. لە ناخی هەموو مرۆڤەکاندا، سەرچاوەکانی دەروونێکی تەواو هەیە بۆ دەوڵەمەندکردنی ژیان. ئەو هەستە بەهێزانەی لە بنیاتی مرۆڤدان، دەتوانن ئەم سەرچاوانە بەخەبەر بهێننەوە. پێویستە لەبیرمان نەچێت کە هەموو کەسێك ناچارە لەو سنوورانەدا بمێنێتەوە، کە خۆی بۆ خۆی کێشاوە. ئەو کەسەی دەیەوێت گەورە ببێت و پێش بکەوێت، پێویستە لەسەری بچێتە دەرەوەی ئەو سنوورانە. بۆ نموونە؛ ئەو خوێندکارەی لەو باوەڕەدا نییە لە وانەیەکدا سەرکەوتوو بێت، ناتوانێت فێری ئەو وانەیە بێت. بە بیری: "ناتوانم سەرکەوتوو بم"، خۆی کۆتوبەند کردووە. ئەو مرۆڤانەی لەو باوەڕەدان لە سەرکەوتن بەسەر کۆسپەکانی ژیاندا شکست دەهێنن، هەر بەڕاستیش شکست دەهێنن.

# 6

# چۆن دەتوانین ببینە کەسێکی جوانبین؟

ئایا وردەکارییەکانی ئەو ڕێگایانەی هەموو ڕۆژێك پیایدا دێن و دەچن، چەندێك سەرنجتان ڕادەکێشن؟ چەندێك تەماشای ئەو درەختانە دەکەن، کە هەموو وەرزێك سەرلەنوێ تازە دەبنەوە؟

ئایا دەتوانن ئەو خونچە و ئەو گژوگیا سەوزانەی پێکەوە لەگەڵ بەهاردا نیشانەی سەرلەنوێ لەدایکبوونەوەن و ئەو هەرد و شاخە پڕ لە گوڵانەی هەزاران نەخش و نیگاریان لەخۆ گرتووە، ببینن؟ هەستتان کردووە بە جیاوازیی نێوان گوڵی هەڵووژە و سێو و گێلاس، لەگەڵ ئەو گوڵە بادەمانەی زۆر پەلەی دەرکەوتنیانە؟ ئەی هی قۆخ؟ ئایا دەزانن، گوڵەکانی چەندە ڕەنگێکی پەمەیی جوانیان هەیە؟

لەدوای بارانی بەهار، خاك بۆنێکی زۆر خۆشی لێ دێت. هەرگیز ئەو بۆنەتان هەڵمژیوە؟ ئەی لەو شوێنەی لێی ڕادەکشێن -بەتایبەتی لە وەرزی بەهاردا- تەماشای ئەو هەورانەتان کردووە، کە ڕێگەی ئاسمانیان گرتووەتە بەر و چەندان شێوە و جۆری جیاواز دەگۆڕێن؟

ئایا هەستتان کردووە، کە هەر وەرزێك خاوەنی ڕووناکییەکی تایبەت بە خۆیەتی؟ لە کاتێکدا ڕووناکیی وەرزی هاوین بە درەوشاوەترین شێوە وزەی خۆی دەنێرێت بۆ سەر شاخ و گوڵەکان، گورزە ڕووناکییەکانی وەرزی پاییز زیاتر تەمومژاوین، وەك ئەوەی بیانەوێت زیاتر کاریگەر بن. لە ڕووناکییەکانی بەهاریشدا، نیشانەی نوێبوونەوە و گەنجێتی و ناسەقامگیری بەدی دەکرێت. وەرزی بەهار، تەنانەت بارانەکانیشی سەقامگیر نین. دەبینین کە لەناکاو بە تووڕەییەکەوە دادەبارێت، کەچی هەر وەك چۆن دەستی پێ کرد، بە هەمان شێوەش بەخێرایی دەوەستێتەوە و خۆر دەردەکەوێتەوە.

لە چواردەورماندا کەسانێك هەن هەموو ڕۆژێك ڕووبەڕوویان دەبینەوە، بەڵام نایانبینین. ئەوانمان کردووەتە سندووقە تەسك و بچووکەکانی مێشکمانەوە، کە وا دەکات تەنها بە شێوەیەکی ڕووکەشانە بڕوانینە شتەکان و دەتوانرێت بە هەر هۆکارێك بێت، کاریان تێ بکرێت. بۆیە تەنها لایەنێك لە هەر یەکێکیاندا دەبینین و دەڵێین: ئەو(مامۆستا)یە، ئەمە (دایکە)، (باوکە)، (دەرگاوانی شوقەیە)... بێگومان ئەوانیش هەر وەك ئێمە، هەم ئازاریان هەیە و هەم شادمانی، کەسانێکن هەندێك ڕۆژ بێتاقەت و هەندێك ڕۆژ قسەخۆشن. بەڵام ئێمە هەست بەوە ناکەین، کە ئەوان کەسانێك بن جیاواز لەوەی بە ڕووکەش دەبینرێن. لەبەر ئەوەی بێ ئەوەی بیانبینین، تەماشایان دەکەین و تەنها بۆ چەند کارێکی دیاریکراو ڕوویان تێ دەکەین.

ئەگەر بمانتوانیبایە لەگەڵ تەماشاکردنیاندا بیانبینین، ئاخۆ چەندێك لایەنی سەرنجڕاکێشمان تێدا دەبینین. بۆ نموونە؛ ئەگەر بیبنن ڕۆژێك دایکتان بێتاقەتە و بچن بۆ لای و هۆکارەکەی لێ بپرسن، لەوانەیە بڵێت لەگەڵ نزیکترین هاوڕێیدا دەمەقاڵێی بووە -کتومت وەك ئێوە، کە جارجار ئەمەتان بەسەردا دێت- و خەمی دڵی هەڵڕێژێت. ئەمەش فێرتان دەکات کە تەمەن هەر چەندێکە با ببێت، کێشەکانی مرۆڤ لە پەیوەندییەکانیدا کۆتاییان پێ نایەت. هەست بە چێژی ئەو نزیکییەش دەکەن، کە لە دەردەدڵکردن لەگەڵ دایکتاندا دروست دەبێت...

ئەگەر سەوزەفرۆشەکەی سەر سووچەکە بدوێنن و گرنگی پێ بدەن، بۆتان دەردەکەوێت کە کاك سەرمەدی سەوزەفرۆش، کوڕێکی هەیە لە زانکۆی ئەهلی دەخوێنێت و ئەو ڕۆژە هەواڵی سەرکەوتنی کوڕەکەی پێ گەیشتووە و زۆر دڵخۆش بووە. بۆتان دەردەکەوێت سەوزەفرۆشی سەر سووچەکە، هەر وەك ئێوە خێزانی خۆی هەیە، ڕۆڵەیەکی هەیە کە دڵی پێی خۆشە و زانیارییەکی باشیشی هەیە لەسەر تاقیکردنەوە باڵاکانی زانکۆ و ئەو نمرانەی پەسەند دەکرێن. بەم شێوەیە دەتوانن کاك سەرمەد لەو سندووقە بچووکەی یادگەتان ڕزگار بکەن، کە تەنها شتێکی ڕووکەشیی دەبینێت. ئەگەر بزانین تەماشای مرۆڤەکان بکەین، ئاخۆ چەندە هاوڕێی زۆر و هەمەجۆرمان دەبێت.

•••

پێویسته ئەقڵ و دڵمان بەو بیر و بۆچوونانە پڕ بکەین، کە ئاسوودەمان دەکەن. دەبێت بۆ جوانییەکان و باشییەکان و ڕاستییەکان بڕوانین. هەر وەك چۆن بۆ تەندروستبوونی جەستەمان، هەموو بەیانییەك وەرزش دەکەین و ددانمان دەشۆین، دەبێت بە هەمان شێوەش بۆ ئاسوودەبوونی مێشکمان هەوڵ بدەین. بۆ ئەمەش پێویسته لە شوێنێکی ئارامبەخش و بەتایبەت سەوزاییدا، گوێ لە خۆمان بگرین و مێشکمان بە بیرکردنەوە ئارامبەخشەکان پڕ بکەینەوە. بۆ نموونە؛ با کانییەك بهێنینە بەر چاومان، کە درەختی سەوز دەوری داوە. دەستبەجێ لەدوای ئەم خەیاڵکردنەوەیە، بیرکردنەوەی ئەرێنی لە مێشکماندا پەیدا دەبن.

لە گەردووندا، جوانییەکان و ناشیرینییەکان تێکەڵی یەکدی بوون. بەدیهێنەریش بۆ تاقیکردنەوەی بەندەکانی، بەم شێوەیە ڕێکی خستووە. کاتەکانمان نە بەشی ژماردنی جوانییەکان و ناشیرینییەکان دەکات، نە بەشی بیرلێکردنەوەیان. هەر یەکە لەو شتانەیش کە بە خراپ و ناشیرین دەبینرێن، هۆکارێکن بۆ جوانییەکان و باشییەکان. ئەگەر بۆنە بێزارکەرەکەی ئەو پەیینەی ژێر لقی گوڵێك نەبووایە، ئایا هەرگیز ئەو گوڵە جوانەی کە بۆنەکەی ئارامی بە دڵ و دەروونەکان دەبەخشێت، دروست دەبوو؟ ئەگەر گەردەلوولە توورەکان و سەرما و کڕێوەکان و باران نەبووایە، ئایا هەرگیز ئەو میوە و گوڵە جوانانە دەهاتنە گۆڕەپانی بوونەوە؟

ئەو خودا مەزنەی گەردوونی بەدی هێناوە و پڕی کردووە لە هەزاران حیکمەت و بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و ڕێکوپێك ڕازاندویەتییەوە، چاوەڕێ لە مرۆڤەکان دەکات هۆکاری بەدیهێنانیان بدۆزنەوە و درك بەو هەزاران بەخشش و ڕۆزییە بکەن و لە کۆتاییشدا سوپاسی بکەن.

ئەو مرۆڤەی نەتوانێت ڕووی گۆشەنیگای بکاتە ئەم وردەکارییانە، ئەگەر تەماشاش بکات ناتوانێت ببینێت. کە نەشیبینێت، هەمیشە لە ئازار و ناڕەحەتیدا دەبێت.

# 7

# کتێب خوێندنەوە دەتانکات بە کەسێکی (هۆشمەند)

ئەگەر کەسێکی نەناسراون و جێدەستتان لەناو کۆمەڵگەدا دیار نییە و بوون و نەبوونتان وەك یەکە، بە هەر جۆرێك بێت پێویستیتان بە کەسانێکی هۆشمەند و ڕووناکبیر دەبێت. بەڵام ئەگەر کەسێکی پێگەییشتوو و دانا و ناسراون، ئەوا خۆتان دەبن بەو جۆرە کەسە.

بوون بە کەسێکی هۆشمەند هەم بەرپرسیاریەتییەکانی و هەم سوودەکانیشی زۆرن. مرۆڤە هۆشمەندەکان دەبنە چارەسەر بۆ کێشەی مرۆڤەکان. یاخود بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، بە پێویستی دەزانن هەوڵی زۆر زیاتر بدەن. هەموو کەسێك لە دەرگایان دەدات و دەبنە جێگای ئومێد بۆیان. کاتێك ئەم پێداویستییانەش دێنە پێش، وای بە پێویست دەزانن زیاتر خۆیان پێبگەیەنن. لە دوایيدا دەبنە کەسێکی هێندە دڵفراوان و شکۆمەند، کە سوپاسیان دەکرێت و ڕێزیان لێ دەگیرێت، ئەمەش گەورەترین پایەیە کە کۆمەڵگە بتوانێت بە کەسێکی ببەخشێت.

لە هەموو قۆناغ و شوێنێکدا، ئەم جۆرە مرۆڤانە بوونەتە تاجی سەری کۆمەڵگە.

# نامەیەك

## ئیدی هەست بە گۆڕانکارییەکەم دەکرێت

کاك خالیدی بەڕێز، سەرەتا لەگەڵ ڕێز و سڵاوم، لە ناخی دڵمەوە هیوای باشیتان بۆ دەخوازم...

**ئەوەی وتتان، ڕاست دەرچوو.**

وتتان: "ئەگەر هەموو ڕۆژێك بەردەوام بیت لە کتێب خوێندنەوە، ڕۆژێك دێت هەست بە گۆڕانکارییەکانت دەکرێت." وا بزانم ئیتر خەریکە دەگۆڕێم. دایك و باوکم و هاوڕێ و خزمەکانم هەست بە گۆڕانکارییەکەم دەکەن. سەرەتا کەسێك بووم کە نە سەرنجی یەکێکم ڕادەکێشا و نە کەس گرنگیی پێ دەدام.

بەڵام ئێستا وا نیم. ئیتر لە گفتوگۆکان و سیمینارەکاندا ڕای خۆم دەردەبڕم و شیکردنەوە و بۆچوونی خۆمم هەیە. کاتێك ئەو بابەتەی لە کتێبەکاندا خوێندوومەتەوە، زیادیان دەکەم بۆ قسەکانم، هەموویان ڕادەمێنن و سەریان دەسوڕمێ و دەڵێن: "ئەم کچە چیی بەسەر هاتووە؟"

مـن خۆیشـم هەسـت بە گۆڕانکارییەکـانم دەکەم بە هـۆی خوێندنەوەمەوە و ئەوانیش بە هەمـان شـێوە... کاتێـك بیروڕاکـانم و پێشنیاری چارەسەرەکانم پەسەند دەکران، ئیدی هاوڕێکانم تەنانەت بۆ کێشەکانیشیان ڕاوێژیان لەگەڵ مندا دەکرد. واتە وردە وردە هەستم بە نمـوونە و نیشـانەکانی هۆشـمەندیی دەکـرد لە خۆمـدا. ئەمە تەنها دەستپێکێکە... دەمەوێت زیاتر بخوێنمەوە و ببم بە کەسێکی هۆشیار. چەند خۆشە کاتێك هەست دەکەیت کەسانی دەروبەرت گرنگیت پێ دەدەن. بۆیە منیش دەمەوێت ئەمە لە لایەنێکی باشەوە بەکار بهێنم.

زۆر سوپاس بۆ یارمەتییەکانتان..

هەمیشە لە دوعاکانمدا دەبن...

مەڕوە ئاڵتنیورت

...

## پێشنیارێك

مرۆڤێك بۆ ئەوەی ببێت بە (هۆشمەند)، پێویستە سەرەتا خۆی بناسێت و خۆی بدۆزێتەوە و دوای ئەوەش پەروەرێنی گەردوون و جیهانەکان بناسێت و لە پەیامەکانی تێبگات. ئەگەر نا، ئەو کەسەی خۆی ناناسێت و نازانێت بۆچی دەژی و هەست ناکات چۆن و بەرامبەر کێ لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، بە هۆشمەند ناژمێردرێت، چونکە گرنگترین شتێك کە بۆ خۆی پێویستە نازانێت.

# 8

# خۆشەویستانی کتێب لە زیادبووندان

ئەگەر بپرسین: "گرنگیی کۆمەڵگە چییە بۆ ژیانی مرۆڤ؟" ئاشکرایە وەڵامێکی وەك: "هەموو شتێکی ئێمەیە"مان دەست دەکەوێت. چونکە مرۆڤ بە ڕێژەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی چواردەوریدا دەمێنێتەوە و بە گوێرەی دەوروبەرەکەی هەڵدەسەنگێنرێت و یادی دەکرێتەوە.

کاتێك لێکۆڵینەوە لەسەر مرۆڤێك دەکرێت، پرسیارەکانی وەك: "سەر بە چ خێزانێکە؟ لەگەڵ کێ دەژی؟ لەکوێ گەورە بووە؟ گرنگی بە چی و بە کێ دەدات؟" دەپرسرێت و زانیاریی لەسەر کۆ دەکرێتەوە. ئەگەر مرۆڤێك بیەوێت بخوێنێتەوە و توێژینەوە بکات و پەرە بە خۆی بدات، ژینگەیەکی گونجاو بۆ خۆی پەیدا دەکات. بەڵام کەسێك کە ژیانی پشتگوێ خستبێت، هاوڕێکانیشی هەر لەو جۆرەی خۆی دەبن.

پێکەوەبوون لەگەڵ ئەو کەسانەی لە کۆمەڵگەدا ڕێزیان هەیە، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە سەرکەوتندا. چونکە مرۆڤە بەڕێزەکان ئەو کەسانەن، کە خراپەکاری و پشێوییەکان و کێشە کۆمەڵگەییەکان زۆر بەکەمی کاریان تێ دەکات و کەسانێکی دووربینن.

## نامەیەك

## کتێب خوێندنەوە، بۆ من بوو بە پێشکەوتنێکی کتوپڕ!

چۆن دەتوانم باسی گرنگیی کتێب خوێندنەوە بکەم؟ گرنگیی کتێب بۆ مرۆڤێك، هێندە زۆرە کە باس ناکرێت. بە یەك ڕستە دەتوانم بیروڕام لەبارەی ئەم بابەتەوە بەکورتی بخەمە ڕوو: ڕاهاتن لەسەر کتێب خوێندنەوە، بۆ من بوو بە پێشکەوتنێکی کتوپڕ، لەبەر ئەوەی تەمەنی منداڵیم بەهەژاری بەسەر برد. کاتێك خوێندکار بووم، بە کولیچە فرۆشتن و پێڵاو بۆیاخکردن بژێویی خۆم پەیدا دەکرد.

حەزی کتێب خوێندنەوە، منی بەدوای خۆی ڕادەکێشا. خەیاڵی بوون بە پیاوێکی شکۆمەندی لە مێشکمدا پەرە پێ دەدا و تێکەڵی ناخ و ڕۆحمی کرد. هەوڵم دا، زۆریش هەوڵم دا و خوای گەورەش هەوڵەکانمی بەفیڕۆ نەدا.

ئێستا لەناو کۆمەڵگەدا پێگەیەکی گرنگم هەیە و خوای گەورە هەموو شتێکی پێ بەخشیم. چونکە ئەو هەمیشە بەدەم داوای ئەو کەسانەوە دەچێت، کە داوای لێ دەکەن. هەر ئەوەندە بەسە بزانین داوا بکەین و بەهەوڵدانەوە دوعا بکەین.

ئاشکرایە جوانترین و خۆشترین شتێکیش کە داوا بکرێت، زانستە. گەورەترین دەوڵەمەندییش بۆ مرۆڤ هەر ئەمەیە. چونکە دەوڵەمەندیی دنیایی بەسەر دەچێت، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە؛ زانست و زانیاری و سەرکەوتنە. ئەمەش بە خوێندنەوە بەدەست دەهێنرێت.

ئێستا یەکەمین پێشنیارم بۆ ئەو گەنجانەی بۆ کار دێنە لام، بریتییە لە (خوێندنەوەیەکی ڕێکوپێك). خوێندنەوە تەمەنی بۆ نییە، بۆیە پێویستە هەموو کەسێك کتێب بخوێنێتەوە.

**ئینگین ئاکگون**

# بەشی دووەم

## پێویستە فێری ڕێگاکانی خوێندنەوەی دروست ببین

# پێویستە فێری ڕێگاکانی خوێندنەوەی دروست ببین

ئەوانەی تازە دەستیان کردووە بە خوێندنەوە و لەسەر خوێندنەوە ڕانەهاتوون، با ئەو کتێبانە هەڵبژێرن کە ئاسانن و زمانێکی ڕەوانیان هەیە و کاریگەرن، وەك چیرۆك و ڕۆمان و یاداشتنامە.

ئەو کتێبانەی کە سەرەتا دەخوێنرێنەوە -بۆ یەکێك تازە دەستی کردبێت بە کتێب خوێندنەوە- ئێجگار گرنگن. ئەگەر ئەو کتێبانەی سەرەتا دەیانخوێنێتەوە، کاریگەر بن و بەلای خۆیاندا ڕای بکێشن، لە کتێب خوێندنەوە بەردەوام دەبێت و خواستێکی زۆری بۆ دروست دەبێت لەسەر خوێندنەوە. بەڵام ئەگەر ئەو کتێبانەی سەرەتا دەخوێنرێنەوە، بێزارکەر و قورس بن و تێگەیشتنیان ئاسان نەبێت، کتێب خوێندنەوە پێش ئەوەی دەست پێ بکات، کۆتایی پێ دێت و ڕەنگە جارێکی دیکە حەز و خواست بۆ کتێب خوێندنەوە دروست نەبێتەوە.

بە پێی ئەو زانیاریانەی لە خوێنەرەکانمەوە پێم گەیشتوون، ئەوانەی سەرەتا کتێبەکانی وەك: (ئەو پیاوەی لەدووی خۆی دەگەڕێت، محمدی دوزجەیی، ئایسێل، خۆشەویستی بەم جۆرە

دەبێت، بەهار هاتە ژیانمەوە، گەڕانەوە لە هەڵدێر)یان خوێندووەتەوە، باس لەوە دەکەن کە زۆر کاریگەر بوون و ئارەزووی خوێندنەوەیان زیادی کردووە. تەنانەت لە ڕۆژێکی واژۆکردنی کتێبەکانمدا، داپیرەیەکی تەمەن شەست ساڵان وتی: "ڕۆڵەکەم، خوا لێت ڕازی بێت. ئەو کتێبە خۆشانەت، کتێبیان لا خۆشەویست کردم و ئێستا وەك خوێندکارێك کتێب دەگرم بە دەستمەوە."

لە هەڵبژاردنی کتێبدا، زۆر خاڵ هەن پێویستە سەرنجیان بدرێت. مرۆڤ دەبێت بزانێت پێویستی بە چییە و ئەو کتێبانە هەڵبژێرێت کە پەیوەندییان پێوەی هەیە و بە پێی بەرنامە و پرۆگرامێك بیانخوێنێتەوە. کاتێك کتێبەکانی خوێندەوە، هەست بە کەموکورتییەکانی دەکات و باشتر لەوە تێدەگات کە دەبێت چ جۆرە کتێبێك بخوێنێتەوە.

پێویستە کتێب، باشییەکان و ڕاستی و جوانییەکانمان نیشان بدات، دەبێت ئەو خوێنەرە بەو جیهانانە بناسێنێت کە ئاشنایان نییە و ئاسۆی نوێی بە ڕوودا بکاتەوە. لە سەرووی ئەمانەشەوە ئەو کتێبانە دێن، کە وەڵامی قایلکەریان پێیە بۆ پرسیارەکانی وەك: مرۆڤ بۆچی بەدی هێنراوە؟ ئەرکی ڕاستەقینەی لەم دنیایەدا چییە و بەرەو کوێ دەچێت؟ ئەو بەرهەمانەی دەربارەی بابەتەکانی خودا، ڕۆژی دوایی، بەندایەتی، کات، مرۆڤ، ژیان و کۆمەڵگە ڕێبەری تاکەکان دەکەن، بەشێکی جیانەبووەوەی کتێبخانەکانن. ئەو بەرهەمانەش کە باسی ڕەوشتی جوان و ڕێگاکانی بەختەوەری و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤێکی باش دەکەن، جێی بایەخی زۆرن. کتێبەکانی مێژووش ئەزموونمان زیاد

دەکەن. بەرهەمە فیکرییەکان، فێری بیرکردنەوەمان دەکەن. چیرۆك و ڕۆمانەکان وامان لێ دەکەن، بە چاوێکی واقیعیترەوە لە ژیان بڕوانین. هۆنراوەش هەستەکان پەروەردە دەکات. ژیاننامەکانیش ئارەزوومان بۆ تێکۆشان زیاد دەکەن.

پێش ئەوەی دەست بە خوێندنەوەی هەر جۆرە کتێبێك، یان وتار و ڕۆژنامە یاخود هەر چەشنە نووسینێکی دیکە بکرێت، وا باشترە سەرەتا چاوێکی پێدا بخشێنرێت. هەڵەیەکی زۆر باوە کە لەگەڵ کڕینی هەر کتێبێکدا، لاپەڕەی یەکەمی هەڵدەدرێتەوە و دەست بە خوێندنەوەی دەکرێت.

زۆر جار بەر لە خوێندنەوەی هەر کتێبێك، چەند خولەکێك بۆ چاوپێداخشاندنی بابەتەکانی نێوی پێویست دەبێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی سەرەتایی، لەبارەی شێوازی نووسین و ناوەڕۆکی کتێبەکەوە. بەم شێوەیە لە ئەقڵدا چوارچێوەیەك لەبارەی ئەو بابەتەوە دروست دەبێت و دوای ئەوە هەموو ئەو زانیاریانەی لە کتێبەکەدان، بە شێوەیەکی واتادار و ئاسانتر جێگەی خۆیان لەو چوارچێوەیەدا دەگرن. لە ئەنجامدا دەتوانین بە شێوەیەکی کاریگەرتر و بەرهەمدارتر، سوود لەو کتێبە وەربگرین.

1

# کاتێك کتێب دەکڕن

١- بڕواننە بەرگی پێشەوە و پشتەوەی کتێبەکە و بزانن ئاخۆ پەیامێکی تێدایە بەلاتانەوە گرنگ بێت!

٢- بڕواننە بەشی (پێڕست)ی کتێبەکە، بەم شێوەیە زانیاریتان دەبێت لەبارەی ناوەڕۆکی کتێبەکەوە.

٣- سەیری بەرواری چاپکردنی کتێبەکە بکەن، لەو ڕێگەیەوە تێدەگەن زانیارییەکانی تا چەندێك تازەن.

٤- چاوێك بەسەر بەشی (پێشەکی)، یان (دەروازە)ی کتێبەکەدا بخشێنن. ئەمە بەکورتی پێتان دەڵێت، کتێبەکە باسی چی دەکات.

٥- بڕواننە سەرچاوەکانی کتێبەکە، زانیاریتان لەبارەی ئاست و گرنگیی کتێبەکەوە دەست دەکەوێت.

٦- بزانن نووسەری کتێبەکە کێیە. بەگشتی لە کتێبەکاندا، کورتەیەك دەربارەی ژیانی نووسەرەکەی هەیە. بەم شێوەیە نووسەری کتێبەکە دەناسن و شیاوی یان شیاونەبوونیشی هەڵدەسەنگێنن.

بە هەمان شێوەی کتێبەکان، دەتوانن پێش خوێندنەوەی وتارێك یان بەشێکی کتێبێك، سوود وەربگرن لە هەڵسەنگاندنێکی گشتیی بابەتەکان. واتە پێش دەستکردن بە خوێندنەوەی وتار یان بەشـەکە، پێویستە تەماشایەکی سەرباسە سەرەکی و لاوەکییەکـان بکرێـت و ئەگەر هەشبێت، دەبێت ئەو بەشانەی کورتەی بابەتەکەیان تێـدایە، بخـوێنرێنەوە. بەم شـێوەیە پـێش دەسـتکردن بە خوێنـدنەوە، زانیـارییەکی گشـتی چنـگ دەخەن لەبـارەی ئەو بـابەتەی دەیخـوێننەوە. ئەم زانیـارییە، چوارچێـوەیەك دەربـارەی بـابەتەکە دروست دەکات. لە کاتی خوێندنەوەدا، هەر ڕستە و بیـرۆکەیەك بە شێوەیەکی کاریگەرتر جێی خـۆی لەم چوارچێـوەیەدا دەگرێـت و پێکهاتەیەکی واتادار دێنێتە کایەوە.

# 2

# دەبێت چۆن بخوێننەوە؟

## ١- کاتی دیاریکراو بۆ خوێندنەوە تەرخان بکەن

هیچ کەسێك نایەوێت ماوەی پشووەکەی زوو کۆتایی پێ بێت، یان ئەو فلیمەی تەماشای دەکات، لە ماوەی پێنج خولەکدا تەواو ببێت. خوێندنەوەش بە هەمان شێوەیە، واتە کارێکی جددییە. کارە جددییەکانیش پێویستە بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو ئەنجام بدرێن. بۆ ئەمەش، پێویستە لە سەرتان کاتێکی بۆ دیاری بکەن. دەبێت پلانێك دابنێن بۆ ئەو ڕۆژانە و ئەو کاتانەی لەو ڕۆژانەدا بۆ خوێندنەوەتان تەرخان کردوون.

## ٢- شێوازی خوێندنەوەی خۆتان بناسن

لە خوێندنی سەرەتاییدا فێری خوێندنەوە بووین، نەك خێرا خوێندنەوە. لەم ڕۆژانەدا خێرایی خوێندنەوەی هەر کەسێك، بەشی قورسایی ئەو زانیارییانە ناکات کە دەیەوێت فێریان ببێت.

دەتوانین بەردەوامنەبوون و ڕانەهاتنتان لەسەر خێرا خوێندنەوە بەستینەوە بەوەی، تا ئەمڕۆ هەلێکی گونجاوتان نەهاتووەتە بەر دەست. بەڵام ئێستا ئێوە خاوەنی هەلێکن، کە دەتوانن بە شێوەیەکی کرداری ئەو یاسایانە بەکار بهێنن، کە لە ڕێگەی ئەزموونی ساڵانی پێشووەوە هاتوونەتە کایەوە و پەرەیان سەندووە. لە بەشەکانی داهاتوودا، ئاشنای ئەو بەربەستانە دەبن کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم خێرا خوێندنەوەتاندا. ڕزگاربوون لەم بەربەستانە و بەدەستهێنانی بەهرەی خوێندنەوەیەکی باشتر، بەستراوەتەوە بە هەوڵدانتان بۆ پیادەکردنی ئەو تەکنیکانەی فێریان دەبن بە شێوەیەکی ڕێکوپێك. بەدڵنیاییەوە پێویستی بە بەردەوامییش هەیە...

## ٣- مەشقەکانی خوێندنەوە ئەنجام بدەن

بۆ زیاتر هۆگربوونتان بە خوێندنەوەوە، پێویستە لە ڕووی ژیری و جەستەییەوە خۆتان بەرەو پێش بەرن. ئەمەش وا دەکات پێویستتان بە زنجیرەیەك (مەشقی پێش خوێندنەوە) بێت، کە سەرەتا بێمانا و ناخۆش دەردەکەون. ئەگەر بەپێی پێویست گرنگی بەم مەشقانە نەدەن، ئەوا وەك ئەو یاریزانەی یاری ئاسنیتان لێ دێت، کە بێ ئەوەی ماسوولکەکانی خاو بکاتەوە، بیەوێت قورساییەك هەڵبگرێت. لە بارێکی وادا، ئەگەر قورساییەکەش هەڵبگرێت، لەوانەیە ڕوویەڕووی مەترسی کەمئەندامبوون ببێتەوە. ڕاستە ئێوە کەمئەندام نابن، بەڵام ئەقڵێکی مەشقپێنەکراو ناتوانێت سەرنجی کۆ بکاتەوە لەسەر ئەوەی دەیخوێنێتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی هەستکردن بە دژواری، لە

تێگەیشتن لەو شتانەی دەیانخوێننەوە. هۆگرنەبوونیش شکست بەدوای خۆیدا دەهێنێت. لە بابەتەکانی داهاتوودا تێدەگەن ئەم مەشقانە چین.

## ٤- خووەکانتان بگۆڕن

ڕاهاتن لەسەر هەر خوویەك لەپڕێکدا و لەناکاو دروست نابێت. تاوەکو ئەمڕۆ، بەمەبەست یان بێمەبەست، چەندین هەوڵتان داوە تەنها لەپێناو خوێندنەوەیەکی هێواشدا و هەر بەم خوێندنەوە هێواشەش کە لەسەری ڕاهاتوون، پێویستییەکانتان سەبارەت بە خوێندنەوە دەستەبەر کردووە. بۆیە کاتێك بەردەوام دەبن لەسەر فێربوونی شتی نوێ بەو شێوازە کۆنەی پێی ڕاهاتوون، دووچاری فشاری دەروونی دەبنەوە و زوو لێی بێزار دەبن، چونکە وەرگرتن و پیادەکردنی زانیارییەکی نوێ کارێکی قورسە.

بەردەوامبوون لەسەر خووە کۆنەکان، زۆر ئاسانترە لەچاو خووە تازەکاندا، چونکە پێویستی بە هەوڵدان نییە. ئەو ئارامی و گرنگییەی پێویستە لەگەڵ منداڵێکی تازەپێگرتوودا نیشان بدرێت، پێویستە لە پیادەکردنی خووە نوێیەکانیشدا نیشان بدرێن.

## ٥- بێ ئەوەی لەسەر وشەکان بوەستن، بخوێننەوە

کاتێك گوێ لە کەسێك دەگرن، ئەگەر تەنانەت بشزانن دەیەوێت چی بڵێت، دەبێت بە ئارامی و ڕێزەوە تا کۆتایی گوێی بۆ ڕابگرن. بەڵام کاتێك دەخوێننەوە، پێویست بەمە ناکات، چونکە نووسەر لێتان

ناڕەنجێت، لەبەر ئەوەی کتێبەکە بەهێواشی دەخوێننەوە یاخود وشە بە وشە هەموو شتێکی ناخوێننەوە. گرنگیش نییە چەندێك بەخێرایی وشەکان دەخوێننەوە، بەڵکو ئەوە گرنگە چەندێك لەو پەیامە تێگەیشتوون کە کتێبەکە مەبەستیەتی. لە تاقیکردنەوەکاندا، ئەوانە سەرکەوتوو دەبن کە بە شێوازێکی باش و بەپێی پێویست کۆششیان کردووە، نەك ئەوانەی کۆششی زۆریان کردووە. کاتێك لەباتی وشە، بۆ چۆنێتیی تێڕوانین و مەبەستی کتێبەکە دەخوێننەوە، هەست دەکەن لە ماوەیەکی کورتدا زانیارییەکی زیاتر بەدەست دەهێنن.

## ٦- لە ڕووی ژیری و جەستەییەوە ژینگەیەکی گونجاو دەستەبەر بکەن

هەرچەندە (پرۆفیسور دکتۆر عەلی فوئاد باشگیل)ی ڕەحمەتی دەڵێت، خوێندنەوە شوێن و کاتی بۆ نییە و نابێت بەدوای شوێنێکی گونجاودا بگەڕێین، بەڵام لە هەلومەرجی ئەمڕۆماندا، دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ سەعیکردن و تەرخانکردنی کاتی گونجاو بۆ خوێندنەوە، لە کەشخەیی دەرچووە. کۆمەڵێك هۆکار هەن، کە یارمەتیتان دەدەن بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی زۆر باش لەبارەی خوێندنەوەوە، وەك: دابینکردنی مێزی سەعیکردن، گڵۆپی سەرمێز و کتێبخانە و هەڵبژاردنی کتێبی دروست و شوێنێك کە تێیدا هیچ کەس هەراسانتان نەکات، بوونی خشتەیەکی خوێندنەوە کە زانیاریتان بداتێ لەبارەی ئامانجی خوێندنەوەکانتان

و ئەم بارودۆخەی ئێستا تێیدان و ئەنجامدانی ئەو شتانەی وەك پێویست هانتان دەدەن بۆ چێژوەرگرتن و حەزکردن لە خوێندنەوە.

لەبیرتان نەچێت... ئەو کتێبانەی پێشوەخت چاوتان پێدا نەخشاندوون، یاخود بە باش نازانرێن و سوودیان لێ وەرنەگیراوە و لەوانەشە بە زیانبەخش ناسرابن، زیانەکەیان زۆر لە سوودەکەیان زیاترە.

# 3

# چۆن ئارەزووی خوێندنەوە لە خۆماندا بنیات بنێین؟

لە کۆمەڵگەکەماندا، بە شێوەیەکی گشتی خواستێکی زۆر کەم لەسەر خوێندنەوە هەیە. هەموو کەسێك کتێب خوێندنەوە بەرز دەنرخێنێت، بەڵام ناتوانن لەسەری بەردەوام بن. بەدڵنیاییشەوە دروستکردنی ئارەزووی خوێندنەوە لە ڕۆحماندا، هۆکارگەلێکی گرنگی هەیە.

گەر مرۆڤێك حەزی لە کتێب خوێندنەوە نەبێت، پێویستە چی بکات تا حەزی بۆ دروست ببێت بەرامبەری؟ پێویستە چی بکات تا ویستی خوێندنەوە بە شێوەیەك تیایدا گەشە بکات، کە دەست بە خوێندنەوە بکات؟

## پێشنیارێک

١. سەرەتا، پێویستە دایك و باوکان لەبارەی کتێب خوێندنەوەوە ببنە پێشەنگ بۆ منداڵەکانیان، چونکە ئەو دایك و باوکانەی هەمیشە کتێبیان بە دەستەوەیە، منداڵەکانیشیان حەزیان لە کتێب خوێندنەوە دەبێت.

٢. دایك و باوکەکان کاتێك پارەی ڕۆژانە دەدەن بە منداڵەکانیان، باشترە کە بڕێك پارە بۆ کتێب جیا بکەنەوە و بۆیان دیاری بکەن کە ئەو بڕە پارەیە تایبەتە بە کتێب. واتە پێویستە منداڵەکە ئەوە بزانێت کە بەم بڕە پارەیە، تەنها دەتوانێت کتێب بکڕێت.

٣. بەراوردی نێوان کەسایەتی و کاریگەریی کۆمەڵایەتیی ئەو کەسانەیان لەلا بکەن، کە زۆر کتێب دەخوێننەوە، لەگەڵ ئەوانەی کەم کتێب دەخوێننەوە لەم سەردەمەدا.

٤. منداڵەکانتان ئاشنا بکەن بەوەی، کتێب خوێندنەوە زۆرێك لە کێشەکان چارەسەر دەکات، ئارامیی دەروونی دەستەبەر دەکات، ڕاستگۆترین و نزیکترین هاوڕێیە و ڕێگە نادات کاتەکانی تەمەن بەهەدەر بڕۆن.

٥. ڕاهاتن لەسەر هەر شتێك، بە پشوودرێژی بەدەست دێت. لەبارەی کتێب خوێندنەوەوە، پەیمان بە خۆتان بدەن و

بەپێداگرییەوە بەردەوام بن لەسەری. پاش ماوەیەك ئەنجامەکەی دەبیننەوە.

٦. لە بابەتێکەوە دەست بە خوێندنەوەی کتێب بکەن کە حەزتان لێیە، تاوەکو زیاتر ویستتان لەسەری بێت و ئارەزووی کتێب خوێندنەوەتان بۆ دروست ببێت.

٧. لەبیرتان نەچێت، کە خوێندنەوە مرۆڤ دەکاتە کەسێکی شکۆمەند و خاوەن قسە لەناو کۆمەڵگەدا.

٨. بیر بکەنەوە لەوەی، دەبێتە باشترین پاشەکەوت بۆ داهاتووتان.

٩. با هەمیشە لەیادتان بێت، ئەگەر بتانەوێت لە بوارێکی ڕۆشنبیریدا توێژینەوە بکەن، پێویستە لە خوێندنەوەدا بگەن بە ئاستێکی باش.

١٠. بیر لەوە بکەنەوە، کە دەبنە مرۆڤێکی هۆشمەند.

١١. کتێب خوێندنەوە بە پلانێکەوە ببەستنەوە، وەك: (لە ڕۆژێکدا ئەمەندە لاپەڕە و لەم کاتانەدا... یان لە کۆتایی هەفتەدا بەم شێوەیە...) دەخوێنمەوە. جگە لەوەش، ئامانجێك بۆ خۆتان دیاری بکەن کە پەیوەستتان بکات پێوەی، وەك: (لە هەفتەیەکدا یاخود لە مانگێکدا، ئەوەندە کتێب دەخوێنمەوە.) لە بیرتان نەچێت ئەگەر تەنانەت سەرکەوتووش نەبن، هەست بە

کەموکورتییەکانتـــان دەکەن. ئەمەش لە داهـــاتوودا سەرکەوتن بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

١٢. ئەگەر چالاکیی خوێنـدنەوە وەك شێوازی سـەعیکردن بێـت و دوورودرێـژ بێـت، ئەوا ژینـگەی خوێنـدنەوە گرنگـی زۆری دەبێـت. هەمـوو شـتێك، هەر لەو کورسـییەوەی لەسـەری دانیشـتوون تـاوەکو وێـنە و تابلۆکانی سەر دیوارەکە، کاریگەرییان لەسەرتان دەبێت. وا باشـترە، لەلای پەنـجەرەوە کتێـب نەخـوێنرێتەوە. خوێنـدنەوە و سـەعیکردن لە ژوورێکـدا کە دوورە لە ژاوەژاو و دیوارەکانی سادەن، بەرهەمی زیاتری دەبێت.

١٣. لە کاتی خوێندندنەوەدا، خواردن یان خـواردنەوەی هەر شـتێك بیـر و هـۆش پەرتەوازە دەکـات، بەتـایبەتیش خواردنی چەرەس نەگونجاوە.

١٤. کاتێك لەماڵەوە دادەنیشن، با فەرهەنگێکتان پێ بێت.

١٥. باشـترین هـاوڕێی گەشـت، کتێـبە. ناکرێـت ڕێیەکـی دوورودرێژ بەبێ کتێب بگرنە بەر.

١٦. بۆ پیادەکردنی ئەو شـتانەی لەبـارەی خوێنـدنەوەوە فێریـان بوون و کردنیـان بە خـوویەك و ڕاهـاتن لەسـەریان، هەوڵ بدەن سوود لە خوێنـدنەوەکانی ڕۆژانەشـتان وەربگـرن. بە شـێوەیەك هەمـوو ئەو شـتانەی دەیـانخوێننەوە، هەر لە ڕۆژنـامەیەکەوە تـا کتێبێـك، دەکرێـت ببێـتە گۆڕەپـانێکی

لێکۆڵینەوە سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی (خوێنەرێکی باش) کە بڕیارتان داوە بەدەستیان بهێنن.

ئارەزووی کتێب خوێندنەوە، ڕێ لە زۆر خووی خراپ دەگرێت و دەبێتە هۆکارێك بۆ ڕەوشت و ئاکارە جوانەکان. بخوێننەوە... بێگومان لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، پاداشت و ئەنجامی خوێندنەوە وەردەگرنەوە.

# 4

# پرۆسەی خوێندنەوە، چۆن بەدی دێت؟

خوێنـدنەوە ئەو چـالاكییە ئـاڵۆزەیە كە لە جـووڵەی هەمەجۆری چاوەكان و ئەندامەكانی دەنگ و هەوڵدانی مێشك بۆ تێگەیشتن پێك هـاتووە. خوێنـدنەوەیەكی بـاش، بەسـتراوەتەوە بە هەمـاهەنگیی ئەم چالاكییانەوە. خوێندنەوە لە هەموو وانەیەكدا پێگەیەكی گرنگـی هەیە و فێربـوون بە ڕێژەیەكـی زۆر پشـت بە خوێنـدنەوەوە دەبەسـتێت. بە لەبەرچـاوگرتنی ئەوەی هەمـوو وانەكـان پێویستیان بە خوێنـدنەوەیە، ئاشكرایە ئەو خوێندكارەی ناتوانێت باش بخوێنێتەوە یان ناتوانێت لەو شتانەی دەیانخوێنێتەوە تێبگات، سەركەوتوو نابێت.

چاوەكانتـان بە شـێوەیەكی ڕێـك بەسـەر دێڕەكـانی نـاو كتێبێكـدا ناڕۆن، بەڵكو لە كاتی خوێنـدنەوەدا وەسـتانی تـێ دەخەن. دیاردەی بینینیش هەر لەم وەستانانەوە دروسـت دەبێـت. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم وەستان و خلیسكانانە بە نێوانە بۆشاییی كورت دێـنە كـایەوە، گەر زۆر سەنج نەدەین هەستیان پێ ناكەین. بە شـێوەیەكی گشـتی سـەلمێنراوە كە مرۆڤێكـی پێگەیشـتوو بە پێـنج یـان شـەش وەسـتان، یەك دێڕی

کتێبێکی قەبارە مامناوەند دەخوێنێتەوە. نزیکەی لە سەددا نەوەدی کاتی خوێندنەوە لەم وەستانانەدا و لە سەددا دەیشی لە خلیسکانەکانی نێوان ئەم وەستانانەدا بەسەر دەبرێت. زانیارییەکانیش، هەر لەم لە سەددا نەوەدەی وەستانەکاندا تەوژم دەدەن.

خێرایی خوێندنەوە، پەیوەندیی بە ژمارە و ماوەی وەستانەکانی چاوەوە هەیە لە یەك دێڕدا. ئەو کەسانەی هێواش دەخوێننەوە، ئەوانەن کە لەسەر هەموو وشەیەك دەوەستن و یەك یەك وشەکان دەخوێننەوە، بەمەش کاتێکی زیاتر بەفیڕۆ دەدەن. خوێنەرێکی خێراش بێ ئەوەی پێویستی بە وەستان بێت لەسەر هەموو وشەیەك، لەدوای خوێندنەوەی کۆمەڵە وشەیەك یان گرێیەك ئینجا دەوەستێت. بەم جۆرە پێکەوە لەگەڵ زیادکردنی خێرایی خوێندنەوەدا، پێویستیشە ژمارەی وەستانەکانی سەر هەر دێڕێك لەگەڵ ماوەی ئەو وەستانانەدا کەم بکرێتەوە. ئەمەش واتا بە شێوەیەکی بەرهەمدارتر، سوود لە توانای بینین وەردەگرن.

لە ماوەی ئەم وەستانەدا، بە شێوەیەکی ئاسایی دەتوانین دوو بۆ سێ وشە بەیەکەوە ببینین و بخوێنینەوە. چونکە بەرچاوکەوتنی بەشێکی وشەیەك، دەرفەتی پێشبینیکردنی بەشە نەبینراوەکەی وشەکە و ناسینی وشەکە بە مرۆڤ دەدات. ئەگەر هەوڵ بدەین یەك یەك هەموو وشەیەك بخوێنینەوە، ئەوا بێ ئەوەی پێویست بکات، وەستانی دووەم و سێیەمیش دەکەین، ئەمەش هیچ سوودی نابێت جگە لە کاتبەفیڕۆدان و هەوڵێکی زیادە. جیاوازییەکی نێوان خوێنەری

هێواش و خوێنەری خێرا ئەوەیە؛ کە خوێنەری خێرا بە شێوەیەکی کێشدار و بە پێوەندی یەکسان دەوەستێت، لە خوێنەری هێواشدا ڕێکوپێکییەکی لەم جۆرە بوونی نییە، وەستانەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و ناوەندە بۆشایی جیاوازەوە ڕوو دەدەن. بۆ ئەوەی خێرایی لە خوێندنەوەدا بەدەست بهێنن، پێویستە کێشێك بۆ جووڵەی چاوتان دابنێن و بە شێوەیەکی گونجاو وەستانەکان و بەردەوامبوونەکان بسازێنن، هەتا وایان لێ دێت خۆکردانە ئەنجام دەدرێن.

خوێنەری هێواش، زوو زوو دەگەڕێتەوە بۆ وشەکانی پێشوو. هۆکاری گەڕانەوەکەشی، زۆر جار لە قورسیی ئەو دەقەدا نییە کە دەیخوێنێتەوە، بەڵکو بەتەواوی لەبەر ئەوەیە خووی پێوە گرتووە. سەرچاوەی سەرەکیی ئەم خووەش، جگە لە متمانەنەبوونی خوێنەرەکە بە توانای خوێندنەوەی خۆی، هیچ شتێکی دیکە نییە. وەك چارەسەرێکیش بۆ ئەمە، بەدڵنیاییەوە پێویستە خوێنەرەکە دەست لەم خووەی هەڵبگرێت و بە هەر ڕێگەیەك بێت، گەڕانەوەکان لە خۆی قەدەغە بکات. هەر چەندە ڕەنگە تا ماوەیەك وا هەست بکات ئاستی تێگەیشتنی کەم بووەتەوە، بەڵام لەدوای ماوەیەکی کورت، دووبارە کارەکە دەکەوێتە سەر ڕێڕەوی خۆی و هەست دەکات گەڕانەوەکانی لە هیچ و خۆڕایی بوون.

هەروەها لەو هۆکارانەی دەبنە هۆی گەڕانەوە بۆ وشە یان دەقەکەی پێشتر؛ سەرنجنەدان و کەمتەرخەمین. پێدەچێت خوێنەر زۆر خۆی ماندوو نەکات، بە چڕبوونەوەی زۆر لە دەقەکەی

بەردەستی. بەم هۆیەش بەبەردەوامی دەگەڕێتەوە سەر وشەکانی پێشتر و ناچار دەبێت ئەو دەقەی خوێندویەتییەوە، سەرلەنوێ بیخوێنێتەوە. بۆی هەیە لەبەر سەختی دەقەکە و قورسیی بابەتەکە، هەندێك جار گەڕانەوەیەکی ناچاری سەر لە خوێنەر بدات، ئەم گەڕانەوانەش -بە مەرجی بەکارهێنانیان لە شوێنی خۆیاندا- تەنانەت ڕووبەڕووی خێراترین خوێنەریش دەبێتەوە. بە دڵنیاییەوە ئەمە لە بارێکی شازدایە، یاساکە خۆی نەگەڕانەوەیە بۆ دەقی پێشتر.

چاو چەندێك ڕاهاتبێت بەو وشانەی دەیانخوێنێتەوە، ئەوەندە ئەو بەشە فراوان دەبێت، کە لە بازدانێکدا دەیبڕێت. کاتێك چاو ئاشنای کلێشە و شێوەی وشەکان و واتاکانیان نییە، کۆمەڵە جووڵەیەك لەسەر دێڕەکە دەکات، کە دەبێتە هۆی تێکدانی کێشەکە. ئەم جووڵانە دەبنە بەربەست لەبەردەم خێرا خوێندنەوە و تێگەیشتن لەو شتانەی دەخوێنرێنەوە. بۆ ڕێگرتن لەمەش، پێویستە خوێنەر فەرهەنگێکی لەتەنیشتدا بێت و فێری واتای وشەکان بێت. بەڵام بۆ ئەوەی ڕێڕەوی خوێندنەوەکەی تێك نەچێت، وا باشترە خەت بەژێر وشە نەزانراوەکاندا بهێنێت و دواتر بەسەریەکەوە تەماشای واتاکانیان بکات.

ڕەفتارێکی دیکەی خوێنەرە هێواشەکان ئەوەیە، ڕاهاتوون بەوەی برگە برگە بخوێننەوە. حونجەکردنیش ڕەگەزێکی بێدەنگی هەیە، بە جۆرێك ئەو کەسانەی خوویان پێوە گرتووە، هەست ناکەن کە حونجەی دەکەن. بۆ ئەوەی بزانن ئەم خووەتان هەیە یان

نا، لە کاتی خوێندنەوەدا دەستتان بخەنە سەر قوڕگتان. ئەگەر هەست بە جووڵەجوڵ بکەن، واتە خووتان گرتووە بەمەوە. لەگەڵ ئەمەدا بە زیادکردنی خێرایی خوێندنەوەتان، ئەم خووەش وردە وردە نامێنێت و کۆتایی پێ دێت.

# 5

# جۆرەکانی خوێندنەوە کامانەن؟

گەرچی خوێنەرەکان لەنێو خۆیاندا لەبارەی (خوێندنەوە)وە هەندێك تایبەتمەندیی لێکچوویان هەیە، بەڵام دەبینین لە وردەکارییەکاندا ڕێگەی جیاواز دەگرنە بەر. واتە هەر کەسێك بە ویستی خۆی، شێوازێکی تایبەتی بۆ خوێندنەوە هەیە. پێویستە مرۆڤ تەکنیکێکی تایبەت بە خوێندنەوە دابنێت بۆ خۆی. بۆ ئەمەش پێویستە لەبارەی خوێندنەوەوە، زانیاریی باشی هەبێت. دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە، خاڵە سەرەکییەکانی جۆرەکانی خوێندنەوە کورت بکەینەوە:

## ١- خوێندنەوەی سست و بێئامانج

لە خوێندنەوەی هەر بەرهەمێکدا، ئەگەر ئامانجێکتان بۆ خوێندنەوەی نەبێت لەنێو ئەو هەموو سەرچاوەی زانیارییانەدا، سەرتان دەسوڕمێ و دەشڵەژێن. مرۆڤ دەبێت سەرەتا بیر بکاتەوە لەوەی، دەیەوێت لەو دەقەی دەیخوێنێتەوە فێری چی ببێت و

بۆچی دەیخوێنێتەوە و دەیەوێت چیی لێ بەدەست بهێنێت. پێویستە لەپاش دیاریکردنی ئەمانە و هەڵبژاردنی شێوازی خوێندنەوە، ئینجا دەست بکات بە خوێندنەوە.

## ٢- خوێندنەوەی بێدەنگ

خوێندنەوەی بێدەنگ، لە ئەنجامی پەیوەندیی نێوان چاو و دەقەکەوە دێتە کایەوە. بەپێی لێکۆڵینەوەکان، لە کاتی خوێندنەوەی بێدەنگدا چاو دەتوانێت بێ ئەوەی یەکەیەکەی پیتەکان بخوێنێتەوە، وشەکان بەتەواوی و تەنانەت بەشێکی زۆری دێڕەکەش ببینێت. خوێندنەوە لە ئەنجامی پەیوەندیی نێوان چاو و دەقێکەوە دێتە بوون، کەواتە چۆنێتیی ئەم پەیوەندییەش گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەیە.

کاتێك چاو نووسراوێك دەخوێنێتەوە، بە چاوپێداخشانێکی خێرا بەسەر دێڕەکاندا ناڕوات، بەڵکو بە بازدانی یەك بەدوای یەك پارچەیەکی دیاریکراوی ئەو نووسراوە دەبینێت، واتە: گرێیەك یان پارچەیەکی دێڕێك دەخوێنێتەوە و نیمچە وەستانێك دەکات و پاشان باز دەداتە سەر پارچەیەك یان گرێیەکی دیکە. خوێندنەوە سەرەکییەکەش لە کاتی ئەو وەستانانە دەبێت، کاتێك چاو لەدوای هەر بازدانێك دەچێتە سەر خاڵێك. ئەو بەشەی خوێنەرێکی باش لە بازدانەکاندا لێی تێدەگات بە بەراورد لەگەڵ خوێنەرێکی لاواز، زۆر فراوانترە و لەبەر ئەمەش وەستانەکانیان کەمترە.

کاتێك چاو دەخوێنێتەوە، چەندێك ئاشنا بێت بە وشەکان، ئەوەندەش تێگەیشتنی لە بابەتەکەدا زیاتر دەبێت. بەڵام کاتێك

ئاشنای پەیوەندیی نێوان وشەکان و واتاکانیان نەبێت، کۆمەڵە جووڵەیەکی گەڕانەوە لەسەر دێڕەکە دەکات، کە دەبێتە هۆی تێکدانی کێشی خوێندنەوەکە. ئەم جۆرە جووڵانەش کە خوێنەر دەگێڕنەوە سەر وشەکانی پێشتر، دەبنە بەربەست لەبەردەم خێرا خوێندنەوە و تێگەیشتنێکی خێرادا. لە خوێندنەوەیەکی دیاریکراودا ئەو بەشەی بە چاو لێی تێدەگەین، لەو بەشە زیاترە کە بەدەنگەوە دەری دەبڕین. ئەم جیاوازییەی لەنێوان خوێندنەوەی چاو و خوێندنەوەی بەدەنگەوەدایە، لە خوێنەرە لاوازەکاندا کەمە و لە خوێنەرە باشەکاندا زۆرە. هەموو ئەمانە وا دەکات، چاو لە کاتی خوێندنەوەدا لەجیاتی یەکە یەکە خوێندنەوەی پیتەکان، وشەکان بەتەواوی و تەنانەت بەشێکی زۆری دێڕەکە لە یەك کاتدا بەباشی وەربگرێت.

## خوێندنەوەی بێدەنگ، چوار تەکنیکی جیاوازی هەیە:

### أ- تەکنیکی چاوپێداخشاندن

چاوپێداخشاندن، خێراترین تەکنیکی خوێندنەوەیە. ئەم تەکنیکە جگە لە تێگەیشتنی ورد و درشتی بابەتەکە، یارمەتیدەرە بۆ بینینی بۆچوونە سەرەکییەکان و دەستگیربوونی پەیامەکان بەڕوونی. لە تەکنیکی چاوپێداخشاندندا، سەرنجی سەرباسە سەرەکی و لاوەکییەکان و سەرەتای پەرەگرافەکان دەدرێت.

### ب- تەکنیکی خێرا خوێندنەوە

تەکنیکی خێرا خوێندنەوە، بۆ بەدەستهێنانی هەموو ئەو زانیاریانە نییە کە خراونەتە ڕوو، بەڵکو بۆ دۆزینەوەی ئەو زانیارییەیە کە بەشوێنیدا وێڵن، یان بۆ دەستکەوتنی هەندێك هەواڵی گرنگ، یاخود دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارێك ئەنجام دەدرێت.

### ت- تەکنیکی خوێندنەوەی تێروتەسەل

لەم تەکنیکەدا، هەموو وشەیەك و هەموو ڕستەیەك و هەموو ئەو شتانەی کە نووسراون، بە شێوەیەکی ورد سەرنجیان دەدرێت و دەخوێنرێنەوە. بە شێوەیەکی گشتی ئەم تەکنیکە بۆ ئەو بابەتانە بەکار دەهێنرێت، کە زۆر قورس و نامۆن و پێویستیان بە سەرنجدانێکی زۆرە.

### پ- تەکنیکی خوێندنەوەی ئاسایی

خوێندنەوەی ئاسایی، لە خوێندنەوەی خێرا هێواشتر و لە خوێندنەوەی تێروتەسەل خێراترە. تەکنیکی خوێندنەوەی ئاسایی، بە شێوەیەکی گشتی بۆ سەعیکردن لە وانەکاندا بەکار دەهێنرێت. لەم تەکنیکەدا، پێویستە بەوردی و بەسەرنجەوە بخوێننەوە. پێویستە وردەکارییەکان لەدەست دەرنەچن و لە بابەتی خوێندنەوەکە تێبگەن.

### ٣- تەکنیکی خوێندنەوە بەدەنگەوە

گرنگترین مەرجەکانی خوێندنەوە بەدەنگەوە، بریتییە لەوەی هەر وەك چۆن قسە دەکرێت، وا بخوێنرێتەوە و وشەکان

بەدروستی دەرببڕدرێن. لە خوێندنەوەی بەدەنگەوەدا، ئەگەر تۆنی دەنگ لە ڕادەی پێویست بەرزتر یان نزمتر بکرێتەوە، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی تێگەیشتن. خوێندنەوە بەهاوارکردنەوە، گوێگرەکە هەراسان دەکات و خوێندنەوە بە دەنگی زۆر نزمیش ڕێ لە گوێ لێبوونیان دەگرێت و هەردوو بارەکە وا دەکەن گوێگر بەئاسانی تێنەگات. لەبەر ئەمەش، پێویستە تۆنی دەنگ لەگەڵ ژینگەی خوێندنەوەکەدا بگونجێنرێت.

## ٤- خوێندنەوەی بەکۆمەڵ

خوێندنەوەی بەکۆمەڵ، یەکێکە لەو ڕێگایانەی لە کاتی گونجاودا لە خوێندنەوە بە دەنگی بەرز و هەڵسەنگاندنی زمانەوانیدا بەکار دەهێنرێت. ئامانجی ئەم ڕێگایە، وتنی وشەکان و دووپاتکردنەوەیان و لێکدانەوەی خاڵبەندییەکانە بە شێوەیەك، کە لەگەڵ ئامانجی نووسەرەکە گونجاو بێت. خوێندنەوەی بەکۆمەڵ، مرۆڤ لە خەیاڵ پەرتەوازەیی ڕزگار دەکات. دەبێتە هۆی هاندانیان و جۆشوخرۆشێك دەدات بە خوێندنەوەکە.

## ٥- وەرگرتنی تێبینی لە کاتی خوێندنەوەدا

ئەو دەقانەی دەیانخوێنینەوە و ئەو زانیارییانەی بەدەستیان دەهێنین، هێشتنەوەیان لە ئەقڵماندا ئاسان نییە. تەنانەت ئەوانەشی دەیانزانین، ئەگەر بەکاریان نەهێنین لەدوای ماوەیەك بیرمان دەچنەوە. کاتێك پێویستمان بەو زانیارییانە دەبێت، ناچار دەبین سەرلەنوێ زانیارییەکان بخوێنینەوە. بۆ ڕێگرتن لەم کاتبەفیڕۆدانە، تێبینی دەنووسین و لە

ڕێگەی تێبینییەکانەوە دووبارە بیرمان دەکەونەوە. با لە بیرمان نەچێت کە نووسینی تێبینی، خوێندنەوە دەژیەنێتەوە.

## ٦- خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە

شێوازێکی خوێنـدنەوەیە، بـۆ هەڵسـەنگاندن و شیکردنەوە و ڕەخنەگرتن و خستنەڕووی بۆچوون و بڕیاردان لەسەر دەقێك بەکار دەهێنرێـت. لەبەر هەر هۆکارێـك بێـت، بەهەڵە لە خوێنـدنەوەی ڕەخنەگرانە تێگەیشتووین، وا تێدەگەین بۆ پوچەڵکردنەوەی بۆچوونی نووسـەر و بەرپەچـدانەوەیەتی. خـوێنەری ڕەخنەگـر لە ڕێـگەی چاوخشـاندن بە لایەنە ئەرێنـی و نەرێنییەکـانی دەقەکەوە، بیـرۆکە سـەرەکییەکانی نووسـەرەکەی دەسـت دەکەوێـت و لە چوارچێوەی بۆچـوون و زانیارییەکـانی خۆیـدا شـییان دەکـاتەوە. کاتێـك هەڵیان دەسەنگێنێت و ڕەخنەیان لێ دەگرێت، پێوەری بابەتی دێنێتە ئاراوە.

لەگەڵ ئەوەی دەتوانێت ئامانجی پەرەپێدانی ئەو زانیاریانە بێت کە لەبەردەستیدان، دەشتوانێت ڕێڕەوی ئەو بابەتانەی باس کراون و شـێوازی ڕێکخسـتنەوەی بۆچوونەکـان و ڕاسـت یـان هەڵە بەکارهێنانی یاساکانی نووسینیش دەربخات.

## ٧- خوێندنەوە بەپەرۆشییەوە

خوێنـدنەوەی ڕۆمـان، گۆڤـارە ناودارەکـان، وتارەکـان، بـابەتە خۆشـی ئامێزەکـان و زانیـارییە هەنووکەییەکـان، لەم چەشـنە خوێندنەوەیە هەژمـار دەکـرێن. وردەکارییەکـان بەسـتراونەتەوە بە

خواستی ئێوەوە. سەرەڕای ئەوەی وا دەزانرێت ئەم جۆرە نووسینانە دەبێت بەهێواشی بخوێنرێنەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە، دەتوانرێت زۆر خێرا بخوێنرێنەوە. کاتێك خوێنەر خۆی دەداتە دەست ڕێڕەوی نووسینەکە، دەتوانێت بەپەرۆشەوە و بە کێشێکی بەردەوام و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا کتێبێك تەواو بکات.

## ٨- خوێندنەوەی نموونەیی

هەموو کەسێك خوێندنەوەیەکی نموونەیی تایبەت بە خۆی هەیە. بۆ ئەوەی خوێنەر تێبگات ئایا ئەو تەکنیکەی بەکاری دەهێنێت تا چەند نموونەییە، پێویستە ئەم هەڵسەنگاندنە ئەنجام بدات:

١- ئایا چێژ لەو کتێبە دەبینم، کە دەیخوێنمەوە؟

٢- ئایا خوێندنەوەم کردووە بە ڕۆتینێکی بەردەوام؟

٣- ئایا بەبێ کەموکورتی، پابەندی پلانی خوێندنەوەکەم دەبم؟

٤- ئایا تێبینی دەنووسم، تاکو ئەوەی خوێندوومەتەوە لام بمێنێتەوە؟

٥- ئایا هەوڵم داوە بۆ زیادکردنی خێراییم لە خوێندنەوەدا؟

ئەگەر وەڵامی پرسیارەکان (بەڵێ) بێت، کەواتە ئێوە خوێندنەوەیەکی نموونەییتان هەیە. بەپێچەوانەشەوە دەبێت چارەسەری بارودۆخەکەتان بکەن.

# 6

# بۆ لەبیرنەچوونەوەی ئەو شتانەی دەخوێنرێنەوە

خوێندنەوەی بەردەوام و خێرا، ڕەفتارێکە کە بەدەستهێنانی شتێکی زۆر خۆشە. بەڵام ئەوە بەتەنها بەس نییە، گرنگ هێشتنەوەی زانیارییەکانە لە مێشکدا. بۆ ئەمەش، دەبێت خوێنەر لەپاش ئەوەی توانای خوێندنەوەی خۆی بۆ ڕوون بوویەوە، فێر ببێت چۆن لە کورتترین ڕێگاوە بگات بە زانیارییەکان، چۆن مێشکی بە بەرهەمدارترین شێوە بەکار بهێنێت و ئەو زانیارییە بنەڕەتییانەی پەیوەندییان بەمەوە هەیە بزانێت. کاتێك ئەمانە هاتنە دی، گەیشتن بە زانیاری و گواستنەوەی زانیارییەکانیش بەو ڕێژەیە ئاسانتر دەبن.

گواستنەوەی زانیارییەکان، بە خوێندنەوەی کاریگەر دێتە بەرهەم. لەم ڕووەوە خوێندنەوەی کاریگەر لەم سەردەمەدا تەنها وەك بەهرەیەك نەماوەتەوە، بەڵکو بووە بە ناچاری. باشترین فێربوون، فێربوونە بە بینینەوە.واتە بە گەشەپێدانی هەستی بینین، دەتوانین خوێندنەوەمان خێرا بکەین و بەئاسانی فێر ببین. سەلمێنراوە کە دەمارەکانی بینین توانای گەیاندنی زانیاریان، بیست و حەوت جار لە توانای گەیاندنی

دەمارەکانی بیستن زیاترە. ئەگەر وا بێت کێشەکەمان بەستراوەتەوە بەوەی: "چۆن دەتوانین بە شێوەیەکی کاریگەرتر، چاومان بۆ خوێندنەوە بەکار بهێنین؟"

## خوێندنەوە بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێت:

أ- ناسین: ئەو نووسراوانەی لەلایەن چاوەوە لێک دەدرێنەوە، وەک شکڵێک دەگەیەنرێنە مێشك و لە مێشکدا شێوەی نووسراوەکان شی دەکرێنەوە و ناسراوی و نەناسراویی وشەکان دەپشکنرێت.

ب- تێگەیشتن: ئەو ڕستانەی دەگەنە مێشك، یەك یەك هەڵدەسەنگێنرێن. بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ زانیارییەکانی پێشوو و خستنەسەری شیکردنەوەی خۆشمان، واتایان پێ دەبەخشرێت.

ج- تۆمارکردن: لەپاش بەستنەوەی زانیارییەکان بە یەکترەوە، لە یادگەدا تۆمار دەکرێن. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم تۆمارکردنە باش ئەنجام بدرێت، وا پێویست دەکات وشەکان بە زانیارییەکانی پێشوومانەوە ببەسترێنەوە و واتاکانیان ڕوون بن.

مانەوەی زانیارییەکان، هەم مرۆڤەکان لە دووبارەکردنەوە ڕزگار دەکات، هەم یارمەتییان دەدات تا ئەو زانیارییانەی بەدەستیان هێناوە، وەك ئامرازێك لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاری بهێنن. ئەمەش ئاسانترین دەوڵەمەندییە، چونکە زانیاری نرخێکی ماددیی نییە و هەموو کەسێك دەتوانێت بە خوێندنەوە بگات بەم دەوڵەمەندییە. تاقی بکەنەوە، دەوڵەمەند دەبن.

# 7

# چۆن بەسەر کێشەکانی خوێندنەوەدا سەر دەکەوین؟

کێشەکانی خوێندنەوە فرەلایەنن. ئەمەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت. بەڵام دەکرێت بە شێوەیەکی گشتی، کێشەکانی خوێندنەوە دابەش بکەین بۆ دوو گرووپی بەرجەستەیی و دەروونی:

## یەکەم: کێشە بەرجەستەییەکان

هەستکردنی خوێنەر بە کۆمەڵە نائارامییەك لە کاتی خوێندنەوەدا، سەرەڕای بوونی خواستی خوێندنەوە، دەبێتە ڕێگر لەبەردەم خوێندنەوەیەکی دروستدا. ئەم نائارامییانە کۆمەڵە هۆکارێکی زۆریان هەیە؛ گرنگترین هۆکاریش، ئەو نائارامییانەن کە لە گەشەپێنەکردن و ڕانەهێنانی ماسوولکەکانی چاوەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەم نائارامییە دەبێتە هۆی زوو ماندووبوونی چاو و تێکەڵبوونی وشەکان بەسەر یەکتریدا.

١- پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد کە لە کاتی خوێندنەوەدا، چاو لەسەر وشەیەك یاخود کۆمەڵە وشەیەك دەوەستێت و لەدوای ئەوەی لێی تێگەیشت، باز دەدات بۆ وشەیەك یان کۆمەڵە وشەیەکی دواتر. تا بواری سەرنجدان کۆمەڵە وشەیەکی زیاتر بگرێتەوە، خێرایی خوێندنەوە و تێگەیشتنیش ئەوەندە زیاد دەکات. چونکە کاتێك مێشك ئەرکی تێگەیشتن ئەنجام دەدات، پیت بە پیت یان بڕگە بە بڕگە وشەکان لێك ناداتەوە، بەڵکو شکڵێکی پێشتر زانراو لێکیان دەداتەوە. کاتێکیش نووسینێك بڕگە بڕگە یان وشە وشە دەخوێنرێتەوە، بەخشینی واتا بە یەکە یەکەی بڕگەکان، ئاستی تێگەیشتنی مێشك کەم دەکاتەوە و لە ئەنجامدا بەهۆی گەڕانەوە نیمەبەستەکانەوە، هەم لە هیچی خۆڕایی کات بەفیڕۆ دەچێت، هەم چێژی پێویستیش لە نووسینەوەکە وەرناگیردرێت. بە هەمان شێوە جوولاندنی لێوەکان، لەبەر خۆمانەوە خوێندنەوە، خوێندنەوەی بێپلان، یاخود دانەمەزراندنی پەیوەندی لەنێوان خێرایی و تێگەیشتندا، لەو تایبەتمەندییانەن کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم تێگەیشتن و خێرایی خوێندنەوەدا.

٢- بۆ پاراستنی چاو لە کاتی خوێندنەوەدا، دەکرێت کۆمەڵێك ڕێوشوێن بگرنە بەر، وەك: خوێندنەوە لەبەر ڕووناکیی ڕۆژدا، دووركەوتنەوە لە گڵۆپی نیۆن، ڕاهێنانی چاو بۆ خێرا بینینی وشەکان، بە چاوپێداخشاندنێکی خێرا بەسەر دەقەکەدا بەر لە خوێندنەوەی. لەپێناو خێراکردنی خوێندنەوەدا، لەبری ئەوەی

خێرایی لەپڕێکدا زیاد بکرێت، دەبێت ئەم خێراییە لە کاتێکی دیاریکراودا دابەش بکرێت.

جگە لەمانە، شێوازی دانیشتن دەتوانێت بە شێوەیەکی ئەرێنی یاخود نەرێنی، کاریگەریی لەسەر خوێندنەوە هەبێت. هەندێك لەو ڕێگەچارانەی لەم بابەتەدا سوودیان لێ دەبینرێت، بریتین لە: ڕێك ڕاگرتنی شان لە کاتی خوێندنەوەدا، ڕێگرتن لە چەمانەوەی پشت، دانەنیشتن بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر کورسییەکی زۆر نەرم، دانانی سەرینێکی بچووك لەو بەشەی پشتدا کە بۆشاییی تێ دەکەوێت، هەروەها هەر نیوکاتژمێر جارێك گۆڕینی شێوازی دانیشتن، یاخود جوولەیەکی کەم لە خوێندنەوە ماوەدرێژەکاندا.

٣- لە کاتی خوێندنەوەدا، بابەتی خوێندنەوەکەش کاریگەریی لەسەر خێرایی خوێندنەوەکە هەیە. بێگومان هەموو نووسراوێك بەچێژەوە ناخوێنرێتەوە. شێوازی نووسەر لە سەروو هەموو ئەو تایبەتمەندییانەوەیە، کە وا دەکەن بەرهەمێك بەخێرایی بخوێنرێتەوە. پابەندنەبوون بە یاساکانی ڕێنووس، هەڵبژاردنی وشەی بیانی و نەزانراو و ناچارکردنی خوێنەر بۆ بەکارهێنانی فەرهەنگ، تێکەڵکردنی زانیارییەکان بەسەر یەکتریدا و بەپەلە نووسین، وا دەکەن خوێنەر زوو بێزار ببێت. ئەو کتێبانەی هەڵگری یەکێك یاخود هەندێك لەم کەموکورتییانەن، لە ناچاریدا نەبێت ناخوێنرێنەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، چاپی بێ کوالێتی و بەکارهێنانی کاغەزێکی بێ کوالێتی و شێوە نووسینێك کە

خوێندنەوەی قورس بێت و فۆنتەکەی بچووك بێت، یەکێکن لەو هۆکارە بەرجەستەییانەی کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم خوێندنەوەدا.

٤- یەکێکی دیکەش لەو هۆکارانەی دەبنە ڕێگر لەبەردەم خوێندنەوەدا، بریتییە لە ژینگە. ژینگەیەکی شپرز، مێزێکی شپرز، کەرەستە پەرش‌وبڵاوەکان، ژاوەژاوی زۆر و ڕووناکیی نادروست، هەندێك لەم هۆکارانەن. چونکە خوێندنەوەش وەك نووسین و قسەکردن، پێویستی بە گونجان و ڕێکوپێکی هەیە. ڕیزکردنی ئەو بابەتانەی دەخوێنرێنەوە بەپێی پێویست و دواتریش خستنەوە شوێنی خۆیان، ئارەزووی خوێندنەوە دەبزوێنێت.

## دووەم: بەربەستە دەروونییەکان

چڕنەکردنەوەی سەرنج لەسەر ئەو دەقەی دەخوێنرێتەوە، لە سەروو هەموو بەربەستە دەروونییەکانەوە دێت. لە کاتی خوێندنەوەدا جارجار بیر و هۆش بە کۆمەڵە کێشەیەکەوە خەریك دەبێت، کە پەیوەندییان بە دەقەکەوە نییە و بەمەش خوێنەر لە دەقەکە دوور دەکەوێتەوە. چڕکردنەوەی سەرنج لەسەر بابەتی خوێندنەوە، خوویەکە لە ڕێگەی کۆمەڵە چالاکییەکەوە پەرە دەسێنێت.

١- **سەرنجنەدان:** هەندێك لە خوێنەرەکان سەرەڕای ویستیان بۆ خوێندنەوە، لەبەر ئەوەی نەبوونەتە خوێنەرێکی شارەزا، یاخود بەتەواوی خۆیان نادەنە دەست دەقەکە، لەدوای خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەك واز لە خوێندنەوەی کتێبەکەی بەر دەستیان دەهێنن. هەندێکیشیان سەرەڕای ئەوەی دەیانەوێت دەست بکەن

بە خوێندنەوە، دەکەونە خەیاڵکردنەوە لە دەرەوەی بابەتەکە و قسەکردن لەبەر خۆیانەوە و پاشان لە خوێندنەوەکە دوور دەکەونەوە. ئەگەر بەسەر ئەم کێشەیەدا زاڵ نەبن، بەپێی کات دەبێتە کێشەیەکی درێژخایەن و خواستی خوێندنەوە کەم دەکاتەوە.

تێگەیشتن، بە زۆرترین چڕبوونەوەی سەرنج لەسەر بابەتەکە بەدی دێت. زۆر جار بەسەرماندا هاتووە کە سەرەڕای دواخستنی ئەنجامدانی کۆمەڵە کارێکی سنووردار بۆ ساتەکانی کۆتایی، لەو کاتەدا کە زۆرمان بۆ هاتووە، کۆمەڵە ڕێگەچارەیەکمان دۆزیوەتەوە کە خۆشمان چاوەڕێمان نەکردووە. ئەمەش واتە سەرنجنەدان و هۆشیارنەبوون، بە هۆی کەمیی هۆکارە هاندەرەکانەوەن.

**٢- خوێندنەوەی سست:** هەندێك جار لە کاتی قسەکردندا دەکەوینە خەیاڵەوە و بۆ ماوەیەکی کاتی دادەبڕێین لەو کەسەی قسەی لەگەڵدا دەکەین. ئەم دابڕانە کاتییانە بەدەست خۆمان نییە، لەبەر ئەوەی ماوەیەکی کەم دەخایەنێت، لەوانەیە زۆربەی جار کەسی قسەکەر هەستی پێ نەکات، دەکرێت هەمان حاڵەت لە کاتی خوێندنەوەشدا ڕوو بدات. قسەکردن لە ناخەوە لە کاتی خوێندنەوەدا و ڕۆیشتنی خەیاڵ، لە دەقەکەی بەردەستمان دوورمان دەخەنەوە.

دەتوانین بە کۆمەڵە چالاکییەکی گەشەپێدانی سەرنج، بەسەر ئەم کێشەیەدا زاڵ ببین. سەرەتا نابێت زۆر لە خۆمان بکەین بۆ خوێندنەوە، لە کاتێکدا ویستمان لەسەری نییە، یاخود سەرنجمان پەرتەوازەیە. دەبێت ئامانجی خوێندنەوەکەمان پێشتر دیاری

کردبێت و بەبەردەوامی ئامانجەکە بەزیندوویی بهێڵینەوە. ئەمەش بە پرسیارکردن لە خۆمان دەبێت، لەبارەی بابەتەکەوە لە کاتی گونجاودا. کاتێکیش هەستمان بە سستی کرد لە خوێندنەوەکەدا، سوودمەند دەبین بە وچانێکی کاتی و وتنەوەی ئامانجی خوێندنەوەکەمان بە دەنگی بەرز و خێرا خوێندنەوەی بابەتەکە بۆ ڕزگار بوون لە خەیاڵە نەویستراوەکان.

**٣- لاوازی لە زانیاری و وشەدا:** یەکێکیش لەو هۆکارانەی تێگەیشتن قورس دەکەن، لاوازییە لە ڕووی زانیاری و وشەزانییەوە. دەوڵەمەندیی زمان یەکێك بووە لەو تایبەتمەندییانەی، لە هەر لاپەڕەیەکی ژیاندا پەیوەندییەکانی ئاسان کردووە، چونکە ئاستی ڕۆشنبیریی مرۆڤەکان بەو وشانە دەپێورێت کە بەکاریان دەهێنن. تەنانەت دەکرێت لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، لە ڕێگەی شێوازی قسەکردن و ئەو وشانەی بەکاریان دەهێنێت، لە ئاستی پەروەردەیی و زیرەکی و باری کۆمەڵایەتیی کەسێك تێبگەین.

**٤- دوورکەوتنەوە لەو شوێنانەی خەیاڵمان دەبەن:** نابێت لە کاتی خوێندنەوەدا خەیاڵمان بڕوات. لە خوێندنەوەی دەقی ئەدەبیدا، هەندێك جار خەیاڵکردنەوە پێویستە، بەڵام لەو خوێندنەوانەی پێویستیان بە سەرنجدان و وردبوونەوە هەیە، پێویستە لەو ژینگە و هۆکارانە دوور بکەوینەوە کە خەیاڵمان دەبەن و لە دەقەکە دوورمان دەخەنەوە.

کەواتە، پێویستە خوێندنەوەی کاتبەسەربردن و خوێندنەوەی فێربوون لە هەمان ژینگەدا ئەنجام نەدرێن. لە کاتی خوێندنەوەدا هەر کە هەست بە گەشتکردنی خەیاڵ کرا، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت، وا باشترە وچانێك بدرێت. پێویستە ئەو شتومەکانەی دەبنە هۆی خەیاڵ کردنەوە (وەك وێنەی خێزانی، تابلۆی یادگارییەکانی ڕابردوو، خشڵ... هتد) لە شوێنی خوێندنەوە دوور بخرێنەوە، چونکە ئەم شتومەکانە خەیاڵ دەبەن و خوێنەر لە دەقە سەرەکییەکە دوور دەخەنەوە. پێویستیشە لەو گۆرانی و مۆسیقایانە دوور بکەوینەوە، کە خۆشییەکان یان ناخۆشییەکانمان بیر دێننەوە، یان حەزی خۆش ڕابواردنمان لا دروست دەکەن.

**٥- بێسەرنجی یاخود پەرتەوازەیی:** ئەم کێشەیە پێش هەموو شتێك بەوە چارەسەر دەکرێت، کە خوێنەر باوەڕی بەوە هەبێت پێویستی بە خوێندنەوەیە و نابێت گرنگی بە هیچ شتێك بدات لە دەرەوەی ئەمە. ئەمەش لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە دەچێت، کە نەتەوێت بچیت بەلایەوە. دووەم شت کە گرنگە؛ دەبێت کتێبەکان بەپێی ڕیزبەندی دانرابێتن و پاشان ماوەی خوێندنەوەکەیان دیاری بکرێن.

**٦- دووبارەکردنەوەی بیرۆکەکان:** لە سەرووی ئەو تایبەتمەندییانەی دەبنە هۆی خەیاڵ ڕۆیشتن، دووبارەکردنەوەی ئەو بیرۆکانەیە کە دێن بە ئەقڵدا. بەبەردەوامی وەبیرهاتنەوەی ئەم بیرۆکانە لە ڕێگەی بیری نائاگاوە، ناهێڵێت سەرنج بدەینە خوێندنەوەکە و خەیاڵمان پەرتەوازە دەکات. بەم شێوەیەش

هەمیشە ئەو شتانەی خوێندوومانەتەوە، پچڕپچڕ دەبن. ڕێگرتن لەمەش بەریتییە لە دەستهەڵگرتن لە خوێندنەوەکە و لەدوای چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی لە بیرتاندایە بگەڕێنەوە بۆ لای خوێندنەوەکە. یاخود لەسەر کاغەزێك بە تێبینی بینووسن بۆ ئەوەی بیری نائاگاتان ڕازی بکەن، کە شتەکانتان بیر ناچێتەوە. ئەو بیرۆکانەی هەست دەکەن شایەنی دووبارەکردنەوە یان بیرهاتنەوەن، بە پێنووسێکی ڕەنگاوڕەنگ دیارییان بکەن و بەدەنگەوە دووبارەیان بکەنەوە، بۆ ئەوەی سەرنجتان لەسەریان چڕ ببێتەوە.

**٧- خواردن یان خواردنەوە:** لە کاتی خوێندنەوەدا، خواردن و خواردنەوە و قسەکردنی ئەندامانی خێزان و تەلەڤزیۆن، دەبنە ڕێگر لەبەردەم چڕکردنەوەی سەرنج لەسەر دەقەکە. بۆ ڕێگرتن لەمەش، یان بەتەواوی خۆتان بدەنە دەست ئەو دەقەی دەیخوێننەوە، یاخود بڕۆنە شوێنێکی هێمن، یان ئەندامانی خێزانەکە ڕازی بکەن بۆ ماوەی کاتژمێرێك پێکەوە بخوێننەوە.

**٨- کێشە سۆزدارییەکان:** هۆکارە کەسییەکانی وەك؛ بێزاری، کێشە دەروونییەکان، هەستی بێمتمانەیی، بێخەوی، خواردنی ناتەندروست، گرنگینەدان بە خوێندنەوە، هەستی نەگەیشتن بە خواستەکان، نەگونجانی کات... هتد، دەبنە بەربەست لەبەردەم چڕبوونەوەی سەرنج لەسەر خوێندنەوە. دەکرێت بەشێکی ئەم کێشەیە بەوە چارەسەر بکرێت، کە خوێنەر خۆی هانی خۆی بدات

و ئەو کەسانە بهێنێتە بەر چاوی کە بوونەتە پێشەنگ و بەو شێوەیە خۆی ڕازی بکات.

**٩- لاوازیی ئیرادە:** سەرەڕای ئەوەی زۆر جار باوەڕیشمان وایە کە پێویستە هەندێك ڕەفتار بکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی ناتوانین بەسەر (من)ی دووەمی ناخماندا زاڵ بین، ناتوانین ئەوەی دەمانەوێت بیهێنینە دی. بۆ نموونە؛ سەرەڕای ئەوەی دەزانین پێویستە کێشمان دابەزێت و بۆ ئەمەش دەبێت بەرهەمە چەوری و شیرینییەکان نەخۆین، هەرچی دەکەین ناتوانین ئەم خواستەمان جێبەجێ بکەین.

بۆ ئەمەش ئەوەندە بەسە، ئەوانەی کردوومانە بەراوردیان بکەین بەوانەی نەمانکردووە. زۆریی ڕێژەی ئەوانەی نەمانکردووە لە چاو ئەوانەی کردوومانە، ئاشکراترین بەڵگەیە بۆ سەر نەکەوتنمان لەم کارەدا. کاتێك خوێنەر باوەڕ بە خۆی بهێنێت لەسەر ئەو سوودانەی لە ڕێگەی خوێندنەوەوە بەدەستیان دەهێنێت، واتە بە ئیرادەیەکی سەلامەت و سووربوون لەسەر سەرکەوتن، کەموکورییەکانی بنەماکانی ناخی پڕ دەکاتەوە. بۆ نموونە؛ وەرگرتنی کتێب لە هاوڕێیەك یان لە کتێبخانە بۆ ماوەیەکی کورت و خۆ ناچارکردن بە تەواوکردنی لە کاتی خۆیدا، یان دیاریکردنی ماوەیەکی سنووردار بۆ ئامادەکردنی دەقێك بۆ تاووتوێکردن و هەژمارکردنی ئەو سەرچاوانەی لەو ماوەیەدا بەدوایاندا دەگەڕێت، چەند شێوازێکن بۆ گرتنە دەستی ڕکێفی (من)ی سەرکەشی ناخ.

۱۰- بارگرژی/ فشار: یەکێك لەو هۆکارانەی دەبنە بەربەست لەبەردەم خواست و ویستی خوێندنەوە، فشاری دەروونییە. فشاری دەروونی لەگەڵ نائارامیدا دێتە کایەوە و گەر گرنگیی پێ نەدرێت، دەشێت بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە. کاردانەوەکانیش لەم کاتانەدا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕدرێن.

خوێنەرە شارەزاکان لەجیاتی شاردنەوە و دواخستنی کێشەکەیان، لەگەڵیدا دەجەنگن. بەم شێوەیە ئەو زیانانە دەهێنن کەمترین ئاست، کە لە فشاری دەروونییەوە دەکەونەوە. تەنانەت وەك ئامرازێکی ئاڕاستەکردنیش بەکاریان دەهێنن. بەپێچەوانەی ئەمەوە، کاتێك کەسەکە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان و بەزاندنی بەربەستەکان خۆڕاگری لەدەست دەدات، متمانەبەخۆبوونی کەم دەبێتەوە و بەئاسانی ناتوانێت بڕیار بدات و هەستی تەنهایی و کەموکوڕیی بۆ دروست دەبێت و لە کۆتاییدا لەبەرامبەر خووە خراپ و زیانبەخشەکاندا، بەئاسانی خۆی دەدات بەدەستەوە.

**۱۱- ئەو بەربەستانەی لە کەسێتییەوە سەرچاوە دەگرن:** کۆمەڵێك لاوازیی کەسێتی، بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەرییان لەسەر خوێندنەوە هەیە و خێرایی خوێندنەوە کەم دەکەنەوە. ئەگەر بڕینی تەواوی ئەم بەربەستانەش نەگونجێت، خۆ دەکرێت بەشێکی کەم بکرێنەوە، چونکە بۆچوونەکان، هەستەکان و هەستەکان هەڵسوکەوتەکان و هەڵسوکەوتەکان باوەڕەکان و باوەڕەکانیش ڕەفتارەکان دێننە کایەوە. ڕەفتارەکانیشمان کەسایەتیمان پێك دەهێنن.

سەرەتای ئەمانەش، گۆڕانکارییە کاتییە دەروونییەکانە. سەرهەڵدانی ئارەزووی نووسینی هۆنراوە بەبێ ئەوەی پلانمان بۆ دانابێت، یاخود ویستی خوێندنەوەی کتێبێکی دیکە لە کاتی خوێندنەوەی دەقێکدا، لەو هۆکارانەن کە بەردەوام دەبنە بەربەست لەبەردەم خوێندنەوەدا. ئەم خواستە کاتییانە ئەگەر زۆر بن، دەبنە خوویەك بۆ ڕێگرتن لە خوێندنەوە. کەواتە بۆ بەزاندنی ئەمە و ڕێگرتن لەوەی ببێتە خوو، دەکرێت سوود لە کۆمەڵە تەکنیکێکی ئاسان وەربگیرێت.

پێویستە تا دەتوانن خۆتان بەدوور بگرن لە خووەکانی وەك: تەمبەڵی، ڕەشبینی، خواستی بینینی لایەنی نەرێنیی هەموو شتێك، نابەرپرسیارێتی، نائارامی، بیرکردنەوەی بێبنەما، نەبوونی دیدگایەك بۆ داهاتوو، سوورنەبوون لەسەر سەرکەوتن، کەمی متمانەبەخۆبوون، خۆڕانەگرتن، نەبوونی پلان بۆ بەڕێوەبردنی کات، ژیانێکی ئاسایی و تەقلیدی، بێئامانجی، گوێپێنەدان، ناهاوسەنگیی دەروونی و خۆپەڕاندنەوە بۆ ئاسانەکان. جگە لەوە بۆ ناسینی بەربەستەکانمان، دەتوانین خۆمان هەڵبسەنگێنین لە ڕێگەی چاودێریکردنی ئەو سوودانەی دەتوانین بە خوێندنەوە بەدەستیان بخەین، تەرخانکردن یان نەکردنی کات بۆ خوێندنەوە، ڕێژەی خواستی خوێندنەوەمان، ئاستی پیادەکردنی ئەو شتانەی خوێندوومانەتەوە لە ژیانماندا، ئەو ڕێژەی بە هۆی خوێندنەوەوە دەستمان دەکەوێت، گۆڕانکارییەکانی

هەڵسوکەوت و شێوازی قسەکردنمان، زیادبوونی متمانەبەخۆبوون و داهێنەریمان.

**١٢- خەوهاتن لە کاتی خوێندنەوەدا:** زۆربەی خەڵك سکاڵای ئەوە دەکەن، کە لە کاتی خوێندنەوەدا خەویان دێت، هەندێکیشیان بۆیە دەخوێننەوە تا بخەون. ئەمە مەسەلەی ڕاهاتنە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، دەکرێت پەنا ببرێتە بەر ڕێگاکانی وەك: ڕێکخستنی کاتەکانی خەوتن و لەخەو هەستان، خۆ ئامادەکردن بۆ خەوتن، نیوکاتژمێك یان کاتژمێرێك بەر لە خەوتن، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی خەویان لێناکەوێت، یاخود خواردن یان خواردنەوەی ئەو شتانەی خەویان لێ دەخات (وەك: ماست، شیر، چای تێکەڵەیەك لە گیای سروشتی، یان چای نەعنا... هتد)، دوور کەوتنەوە لە بیرکردنەوە و نەچوونە سەر جێگە، تا کاتی خەو هاتن و نەخوێندنەوەی کتێب لەسەر جێگە.

**١٣- زۆر خواردنیش، یەکێکە لەو هۆکارانەی دەبنە بەربەست لەبەردەم خوێندنەوەدا:** ئەگەر دەتانەوێت دوای نانخواردن دەست بکەن بە خوێندنەوە، ئەوا پێش ئەوەی زیاد لە پێویست تێر بن، دەست لە خواردنەکە هەڵبگرن.

هەر وەك دەبینرێت، خوێندنەوە چەندین بەربەستی هەیە. ڕەنگە نەشگونجێت هەموو ئەمانە چارەسەر بکرێن، بەڵام تەنها خواستی خوێندنەوە بۆ جەنگان لەگەڵ ئەمانەدا بەسە. ئەوەندە بەسە لە کاتی خوێندنەوەدا وریا بین.

# 8

# چۆن دەتوانین هۆگری خوێندنەوە ببین؟

وەك هەموو خوویەکی دیکە، خووگرتنیش بە تێگەیشتن لەو بابەتانەی دەخوێنرێنەوە بە ئەنجامدانی کۆمەڵێك چالاکی بە بەردەوامی و پێداگیرییەوە بەدەست دێت. بۆ ئەمەش، پێویستە کۆمەڵێك هەوڵ و کۆشش بدرێن. دەکرێت ئەم هەوڵانە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕیز بکەین:

١- **ئامادەکاری لە ڕووی ژیرییەوە:** بۆ گواستنەوەی ئەو دەقانەی دەخوێنرێنەوە، ئەگەر لە ڕووی ژیرییەوە ئامادەکاری نەکرێت، فێربوون کارێکی ئاسان نابێت.

٢- **ئامادەبوون و خوازیاربوون بۆ فێربوون:** ئەگەر ئەو زانیارییانەی فێریان بووین، هیچ بەها و واتایەکیان بۆ ئێمە نەبێت، ئارەزووی خوێندنەوەمان کەم دەبێتەوە و ویستمان لەسەری نامێنێت. لەبەر ئەمە، پێویستە خۆمان بزانین دەمانەوێت چ شتێك، تا چ ئاستێك فێر ببین، چونکە سەرکەوتن، گەیشتنە بەو

ئامانجانەی پێشتر دیاری کراون. بەئاگابوون لەوەی چی و بۆچی دەخوێنینەوە و زانینی ئەو سوودانەی پێمان دەگەیەنێت، هانمان دەدات بۆ فێربوون.

**٣- دانانی پێوەر بۆ پێوانەکردنی ئامانجەکان:** بۆ نموونە؛ لەجیاتی بڵێیت: "دەبێت ئەم کتێبە بخوێنمەوە."، بڵێ: "لە ماوەی سێ ڕۆژدا کتێبەکە تەواو دەکەم." لە باتی بڵێیت: "دەبێت واز لە جگەرەکێشان بهێنم."، بڵێ: "لەو بەروارەدا واز لە جگەرەکێشان دەهێنم." لە جیاتی بڵێیت: "خێرا دەخوێنمەوە."، بڵێ: "لە ماوەی دوو هەفتەدا خێرایی خوێندنەوەم زیاد دەکەم بۆ دوو هێندە."

**٤- دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان زانیارییە کۆنەکان و زانیارییە نوێیەکاندا:** ئەگەر زانیارییە نوێیەکان نەبەسترێنەوە بە زانیارییە کۆنەکانەوە، لە یادگەدا بەلاوازی تۆمار دەکرێن.

**٥- پەرۆشی و گرنگی پێدان:** یەکێك لە بنەما بنەڕەتییەکانی فێربوون، پەرۆشی و گرنگیپێدانە. پەرۆشی و گرنگیپێدان، بڵێسە بە ئارەزووی فێربوون دەدات.

**٦- چاوپێداخشاندنێکی گشتی، پێش چوونە ناو وردەکارییەکان:** وردەکارییەکان، بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی بابەتەکە سوودیان هەیە. چاوپێداخشاندنێکی گشتی، تێگەیشتن لە وردەکارییەکان ئاسانتر دەکات.

**٧- ڕێکخستنی زانیارییەکان:** زانیاریی پەرتەوازە، وەك ئەو شتومەکانە وایە کە بەهەڕەمەکی بەملاولادا پەرشوبڵاو بوونەتەوە و

کاتێك تیایدا بۆ شتێك دەگەڕێت، نایدۆزیتەوە. وەرگرتنی زانیاری و تۆمارکردنی، پێویستی بە ڕێکخستنێکی دیاریکراو هەیە. بۆ ئەوەی زانیارییەکان بەدروستی بگوازرێنەوە، پێویستە زانیارییەکان ڕێك بخەیت. ئەو زانیاریانەی کەڵەکە دەکرێن، ناتوانرێت لە کاتی پێویستدا بەکار بهێنرێن. لەم ڕووەوە ئەو تێبینییانەی وەریان دەگرین، دەتوانن یارمەتیمان بدەن.

**٨- هەبوونی زانیاریی تەواو لەبارەی چەمك و وشەکانەوە:** ئەو وشە نوێیەی فێری دەبین، ئەگەر بێ ئەوەی بزانین واتا و مەبەستی تەواوی چییە وەری بگرین، بەئاسانی ناتوانین لێی تێبگەین و تۆماری بکەین.

**٩- پتەوکردنی زانیارییە نوێیەکان بە ڕاهێنان:** زانیارییە نوێیەکان لەگەڵ زانیارییەکانی پێشووترمان، واتە لەگەڵ ئەزموونی پێشووتری هەستەوەرەکانمان یەك دەگرن و زۆر بەهێز لە یادگەماندا تۆمار دەبن. بۆ نموونە؛ وای دابنێ لەبارەی بابەتی لەرینەوەکانی شەپۆلە دەنگییەکان لە هەوادا دەخوێنینەوە، لەو کاتەدا دەنگدانەوەی دەنگێك دێت بە بیرماندا کاتێك بەر بەربەستێك دەکەوێت. بەم شێوەیە ئەو زانیارییەی تازە فێری بووین، بە ئەزموونەکانمان پتەوتر دەبێت.

**١٠- چێژ بینین لە فێربوون و هەستی سەرکەوتن:** ئەو کارەی بەچێژەوە ئەنجام دەدرێت، سەرکەوتنی لەدەست دەرناچێت. بە

هەمان شێوە، ئەو بابەتەی حەزمان لێی نییە تەنانەت ئەگەر بیکەینە یادگەی درێژخایەنیشەوە، پاش ماوەیەك لەبیرمان دەچێتەوە.

**١١- پشوودرێژی لە خوێندنەوەدا:** پشوودرێژی بە ڕێژەیەکی زۆر دەتوانێت چارەسەری کێشەکان ئاسانتر بکات و هێز بە مرۆڤ دەدات. کەسە بێتارامەکان لەبەرامبەر کۆمەڵێك سەختی و نارەحەتیدا بێزار دەبن و هەر زوو پاشەکشە دەکەن. بۆ نموونە؛ لە لایەکەوە حەز دەکەن کتێبێك بخوێننەوە، لە لایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی نەیخوێننەوە، بیانووی هەمەجۆر دەهێننەوە.

**١٢- بەکارهێنانی زیاتری هەستەوەرەکان:** ئەو زانیارییەی هەستەکان بەشداری لە وەرگرتنیدا نەکەن، مەحاڵە بتوانێت بمێنێتەوە.

**١٣- بەکارهێنانی زانیاری:** ئەو زانیارییەی بەکار دەهێنرێت، تێگەیشتن پتەو دەکات و ڕێ لە لەبیرچوونەوە دەگرێت. ئەمە ڕێك وەك بەکارهێنان و ئیشپێکردنی ئامێرێکە، بۆ ئەوەی ژەنگ نەکات و لەکار نەکەوێت.

**١٤- پێداچوونەوەی بەردەوام:** لەپاش سەعیکردن بۆ ماوەی نیوکاتژمێر و پاشان پشوو وەرگرتن بۆ ماوەی دە خولەك، پێداچوونەوە بۆ ماوەی پێنج خولەك، سوودی زۆری دەبێت.

**١٥- مەشق پێکردنی ئەقڵ بۆ زیندوو ڕاگرتنی مێشك:** بۆ نموونە؛ خوێندنەوەی فەلسەفە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك، یان لە هەر ڕۆژێکدا بۆ ماوەی دە بۆ پازدە خولەك خوێندنەوەی ڕۆمانی

کلاسیکی، هەندێك لەو هەوڵانەن کە بۆ پەرەپێدانی توانای مێشك ئەنجام دەدرێن.

**١٦- پشوودان بە مێشك لەدوای خوێندنەوە، یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی یارمەتیی وەرگرتنی زانیارییەکان دەدات:** خوێندنەوە هەر وەك چۆن ناکرێت بەبێ ئامادەکاری دەستی پێ بکرێت، بە هەمان شێوەش لەپڕێکدا بە کۆتایی ناگەیەنرێت. بەدەنگەوە دووبارەکردنەوەی مەبەستی سەرەکی دەقەکە لە کۆتایی خوێندنەوەدا، دەبێتە هۆی مانەوەی ئەو زانیارییانەی فێریان بووین.

**١٧- سەرەتا هەوڵ بدەن، ئەو کتێب و دەقە بناسن کە دەیخوێننەوە:** پێش دەستکردن بە خوێندنەوە، ئەگەر تەماشایەکی پێشەکیی کتێبەکە و سەرباسە سەرەکی و لاوەکییەکان و ناوەڕۆکەکەی بکەن، لە مەبەستی سەرەکیی کتێبەکە تێدەگەن و دەتوانن بیناسن. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی، بەئاسانی لە کتێبەکە و دەقەکە تێبگەن.

**١٨- دیاریکردنی مەبەستی سەرەکیی دەقەکە، لە کاتی خوێندنەوەدا:** خوێندنەوە دەبێت لەپێناو دیاریکردنی مەبەستەکاندا بێت، نەك وشەکان. هەندێك خوێندکار بە خوێندنەوەی یەکە یەکەی وشەکان، توانای خوێندنەوەیان زیاتر لە وشەکاندا بەکار دەهێنن، وەك لە تێگەیشتن لە مەبەست و تێڕوانینەکان. بۆ وازهێنان لە خووی (خوێندنەوەی وشەکان)، لەجیاتی خوێندنەوەی یەکە یەکەی وشەکان، دەبێت هەوڵ بدەیت لە یەك تەماشاکردندا بە ئەندازەی ئەوە وشە بخوێنیتەوە، کە لە مەبەستەکە بگەیت. بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی

سەرەکیی دەبێت سەرنج بدرێتە سەر ئەو دەقەی دەخوێنرێتەوە، چونکە دەبێت خوێندنەوە بە ئامانجی فێربوون بێت.

**١٩- کاتێک دەخوێننەوە، بزانن تێدەگەن یان نا:** ئەمە ڕێکخستنەوەی تێڕوانین و بۆچوونەکانی مێشکە. بە شێوەیەکی دیکە، واتە بزانیت ئایا هەر ڕستەیەك یا هەر پەرەگرافێك کە دەگاتە مێشك، واتایەکیان بۆ خوێنەر دروست کردووە یان نا. ئەمە تەنها لە کاتی خوێندنەوەدا نا، بەڵکو لە پۆلدا، لە کاتی گوێگرتن لە وانەش دەبێت پەیڕەو بکرێت.

**٢٠- نەجووڵاندنی لێوەکان لە کاتی خوێندنەوەدا:** زۆربەی خوێنەرەکان لە کاتی خوێندنەوەدا لێویان دەجووڵێنن. جووڵاندنی لێو، خێرایی خوێندنەوە دەهێنێتە ئاستی خێرایی قسەکردن. یەکێك لەو هەڵانەی زۆربەی خوێندکارەکان تێی کەوتوون، جووڵاندنی لێوە لە کاتی خوێندنەوەدا. ڕاهاتن لەسەر ئەم جۆرە خوێندنەوەیە، مرۆڤ ناچار دەکات وشە بە وشە بخوێنێتەوە. بناغەی ئەمەش لەو پەروەردەوەیە کە لە کاتی (فێربوونی خوێندنەوە)دا وەرگیراوە. ئەوەی گرنگە بکرێت، کۆکردنەوەی سەرنجە تا کۆمەڵە وشەکان بەخێرایی بخوێنرێنەوە. ئەم کارە، ڕێ لە وشە بە وشە خوێندنەوەی نووسینەکان دەگرێت.

**٢١- هێڵ بەژێردا هێنانی بابەتە گرنگەکان لە کاتی خوێندنەوەدا:** بەم شێوەیە، خوێنەر بەبەردەوامی دەتوانێت چاو بە خاڵە گرنگەکان و مەبەستەکانی ناو دەقەکەدا بخشێنێتەوە و

بڕیاریان لەسەر بدات. جگە لەوەش بە هۆی هێڵ بەژێردا هێنانی بەشە گرنگەکان لە داهاتوودا، چاوپێداخشاندنەوەی ئەو دەقەی دەخوێنرێتەوە بۆ تاقیکردنەوە یان هەر ئامانجێکی دیکە، ئاسانتر دەبێت. سەرەڕای ئەوەش، ئەو شێوازە بۆ کورتکردنەوەی کۆتایی خوێندنەوەکە، بۆ دیاریکردنی هێڵە سەرەکییەکان و بیرهاتنەوەی چەمکە گرنگەکانی نووسینەکە، کاریگەرییەکی گرنگی دەبێت.

لێرەدا خاڵێکی گرنگ کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە، تەنها دیاریکردنی دەقێك واتای فێربوونی ناگەیەنێت، بەڵکو بە دڵنیاییەوە دەبێت دووبارە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت.

**٢٢- هەوڵدان بۆ حەواندنەوەی چاوەکان لە کاتی خوێندنەوەدا:**

چاوەکان لە کاتی خوێندنەوەدا زوو ماندوو دەبن. بۆ پشوودان بە چاوە ماندووەکانیش، وا باشترە لەپی دەستەکان بەتەواوەتی لەسەر چاوەکان دابنرێن، بێ دروستکردنی گوشاری زۆر و بە شێوەیەك بەتەواوی بەری چاو تاریك بکەن. بەم شێوەیە گەرمیی لەپی دەستەکان، چاوەکان هێمن دەکەنەوە. کاتێك ئەم کارە ئەنجام دەدەن، هەست دەکەن لەو تاریکییەدا هەندێك تیشکی ڕووناکی بەبەر چاوتاندا تێدەپەڕێت. دەبێت تا ئەم تیشکانە لەبەر چاو نامێنن، دەستەکان بەو شێوەیە لەسەر چاوەکان بمێننەوە. گەر دوای چەند خولەکێك چاوەکانتان بکەنەوە و دەست بە خوێندنەوە بکەن، خوێندنەوەی دەقەکە بە چاوە ئارامبووەکانتانەوە ئاسانتر دەبێت.

**٢٣- بـاش ڕێکخستنی بـواری بینینـی چـاو:** لە کـاتی خوێندنەوەدا، دەبێت بە چاو تەماشای وشەکان بکرێت و نابێت پێنووس یـان پەنـجە بەکـار بهێنرێـت و جەسـتە یـان سـەرمان بجووڵێنین. چاو، لە کاتی تەماشاکردندا سنوورێکی دیـاریکراوی بینینی هەیە. خوێندنەوەی باشیش، پێویستی بە فراوانکردنـی ئەو سنوورانەیە. ئەمەش بە ڕوونـترین شـێوە بـریتییە لەوەی، چـاو بەتەواوی لە ئاستی ناوەڕاستی نووسینەکەدا بێت و لە ڕاستەوە بـۆ چەپ بخوێنێتەوە و لە بارێکدا بوەستێت، کە دواتـر لەگەڵ سـەردا نەگەڕێتەوە بـۆ لای ڕاسـت. بـۆ ئەمەش وا باشـە سـەر و چـاو لە ئاستی ناوەڕاستی دەقەکە ڕابگیردرێن.

لە کاتی خوێندنەوەدا، دووریی نێوان چـاو و دەق کـار دەکـاتە سەر سنوورەکانی بینین. کەمـی و زۆری ئەم دوورییە، چاوەکـان ماندوو دەکات و خوێندنەوە زەحمەت دەکات. دووریی گونجاوی نێـوان دەق و چـاو، سـی سـانتیمەترە. بـۆ زیـادکردنی خێرایـی خوێندنەوە، دەبێت سنووری بینینی چاو بەباشی ڕێـك بخرێـت و بەتەواوی سوودی لێ وەربگیردرێت.

**٢٤- ڕاهـاتن لەسـەر نووسینی تێبینـی لە کـاتی خوێنـدنەوەدا:** نووسینی تێبینی یەکـێکە لەو ڕێگـا کـاریگەرانەی، وا دەکـات ئەو دەقەی دەخـوێنرێتەوە زیـاتر لە مێشـکدا بچەسـپێت. لە کـاتی خوێندنەوەدا دەکرێت بە دوو شێوە تێبینی وەربگیرێت؛ یەکەمیـان: ئەو تێبینییـانەن کە لە لێـوار و سـووچە بەتاڵەکـانی کتێـبەکەدا

دەنووسرێن. خوێنەرە کاریگەرەکان بە شێوەیەك دەخوێننەوە، وەك بڵێی لەگەڵ دەقەکەدا قسە و وتووێژ دەکەن. واتە لە کاتی خوێندنەوەدا بیر دەکەنەوە و هەندێك لە تێڕوانینەکانیان لە بۆشاییەکی لاپەڕەکەدا، یان لە کاغەزێکی دیکەدا دەنووسن.

دووەمیان: لە هەندێك باردا، نووسینی تێبینی لەسەر کتێب گونجاو نابێت؛ ئەگەر هاتوو ئەو کتێبەی دەیخوێننەوە هی خۆتان نەبێت، یان لە هاوڕێیەك وەرتان گرتبێت، یان لە کتێبخانە هێنابێتتان. تەنانەت هەندێك کەس، خۆیان حەز ناکەن تێبینی بنووسن لەسەر کتێبەکانیان. لەم جۆرە حاڵەتانەدا، دەکرێت لە کاغەزێکی تردا تێبینییەکان بنووسن.

**٢٥- زیادکردنی خێرایی لە کاتی پێویستدا:** زیادکردنی خێرایی خوێندنەوە، پێویستی بە ڕاهێنان و مەشقکردن هەیە. بۆ ئەمە، دەتوانن لە سەرەوە بۆ خوارەوە تەماشای ناوەڕاستی ستوونێکی (٥ بۆ ٦) وشەیی گۆڤارێك یاخود ڕۆژنامەیەك بکەن و بە خوێندنەوەی یەکەم و کۆتا وشەی دێڕەکانی ئەم ستوونە مەشق بکەن. چاو بەم مەشقە، بێ تێپەڕاندنی هیچ دێڕێك، بە بازدان لە ڕاستەوە بۆ چەپ بەسەر تەواوی دەقەکەدا دێت و دەچێت و خووی چاوپێداخشاندنی خێرا بەدەست دەهێنێت. بۆ ئەوەی چاو لە سەرەوە تا خوارەوە ڕێك تەماشای ناوەڕاستی ستوونێك بکات، دەکرێت لە مەشقکردنەکانی سەرەتادا ئەو ستوونەی مەشقی

خوێندنەوەی لەسەر دەکرێت، بە هێڵێکی ستوونی لەناوەڕاستدا بکرێت بە دوو بەشەوە.

**٢٦- خوێندنەوە لەپێناو ئامانجێکی دیاریکراودا:** خوێندنەوە، چالاکییەکی ئامانجدارە. پێویستە خۆمان بەدوور بگرین لەوەی بە تەنها بمانەوێت بخوێنینەوە. ئامانجی خوێنەر، یەکێکە لە گرنگترین ئەو بنەمایانەی خێرایی خوێندنەوە دیاری دەکەن. بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر چۆنێتیی خوێندنەوەی دەقێک بدرێت، دەبێت سەرەتا ئامانجی خوێندنەوەکە دیاری بکرێت. خۆی لە ڕاستیدا، دەکرێت لەپێناو ئامانجی هەمەجۆردا بخوێنینەوە. هەندێك لەمانە؛ خوێندنەوە بۆ خۆشی و چێژوەرگرتن، خوێندنەوە بۆ دۆزینەوەی زانیارییەکی دیاریکراو، خوێندنەوە بۆ لێکۆڵینەوە، خوێندنەوە بۆ تێگەیشتن یاخود سەعیکردن، یان خوێندنەوە بۆ ڕەخنە گرتن...

نابێت لەبیرمان بچێت، ڕاهاتن لەسەر کتێب خوێندنەوە بەبێ هەوڵدان و لەناکاو نایەتە بوون، بەڵکو پاش زنجیرە هەوڵێك بە ئارامگری و پێداگری و خواستەوە دێتە بوون. بەڵام کاتێکیش ڕاهاتین، ئەو سوود و قازانجەی بەدەستی دەهێنین، هێندە زۆرە کە باس ناکرێت. تاقی بکەنەوە و ئەنجامەکەی ببینن...

# چیرۆکێك

## بەردە گەورەکان

پرۆفیسۆرەکە هاتە ناو پۆلەوە و پاش تەماشاکردنێکی کورتی خوێندکارە نایابەکانی، وتی: "ئەمڕۆ لەبارەی بەڕێوەبردنی کاتەوە، تاقیکردنەوەیەك ئەنجام دەدەین."

چووە سەر سەکۆی وانەوتنەوەکە و لەژێر سەکۆکەدا ئینجانەیەکی گەورەی دەرهێنا. بەدوای ئەودا، دەرزەنێك بەردی دەرهێنا کە بە قەبارەی گلۆلەیەك دەبوون و بەوریاییەوە بەردەکانی کردە ناو ئینجانەکەوە. پاش ئەوەی کە ئینجانەکە بەردی تری نەدەگرت، ڕووی کردە خوێندکارەکانی و ئینجانەکەی نیشان دان و وتی: "ئایا ئەم ئینجانەیە پڕ بووە؟"

قوتابییەکان پێکەوە بە یەك دەنگ وتیان: "بەڵێ، پڕ بووە."

پرۆفیسۆرەکە وتی: "بەڕاست وایە؟"

پاشان لەژێر سەکۆکەوە، سەتڵێکی پڕ لە وردەچەوی دەرهێنا. بەهێواشی وردەچەوەکەی کردە ناو ئینجانەکەوە و دواتر ئینجانەکەی ڕاوەشاند و بەردەکانی خزاندە ناوی. پاشان دووبارە ڕووی کردەوە خوێندکارەکانی و وتی: "ئایا ئەم ئینجانەیە پڕ بووە؟"

خوێندکارێك لە وەڵامدا وتی: "حەتمەن پڕ نەبووە."

پرۆفیسۆرەکە وتی: "ڕاستە." دووبارە نووشتایەوە بۆ ژێر سەکۆکە و ئەم جارە سەتڵێك لمی دەرهێنا و کردییە ناو ئینجانەکەوە، هەتا وردە وردە هەموو دەنکە لمەکان جێگەی خۆیان لەنێوان بەردەکان و وردەچەوەکاندا کردەوە. دووبارە لە خوێندکارەکانی پرسییەوە: "ئایا ئەم ئینجانەیە پڕ بووە؟"

هەموویان پێکەوە بە دەنگی بەرز وتیان: "نەخێر."

پرۆفیسۆ وتی: "زۆر باشە."

دوای ئەوە نوشتایەوە بۆ ژێر سەکۆکە و سوراحییەك ئاوی دەرهێنا و کردییە ناو ئینجانەکەوە هەتا پڕ بوو. پاشان ڕووی کردەوە خوێندکارەکانی و پرسیی: "ئایا ئامانجی ئەم تاقیکردنەوەیە چی بوو؟ تێگەیشتن لێی؟"

خوێندکارێکی وریا دەستبەجێ وتی: "کاتەکانمان هەر چەندە بەپڕی ببینرێت با ببینرێت، بەدڵنیاییەوە کاتمان بەشی ئەوە هەر هەیە کە بۆ کارە گرنگەکان تەرخانی بکەین."

پرۆفیسۆرەکە وتی: "نەخێر، مەبەستی سەرەکیی ئەم تاقیکردنەوەیە ئەم ڕاستییەیە: ئەگەر یەکەم جار جێی بەردە گەورەکان نەکەیتەوە و بەردە بچووکەکانی تێبکەیت، ئیتر هیچ کاتێك ناتوانیت بەردە گەورەکانی تێبکەیت!"

خوێندکارەکان بەسەرسوڕمانەوە تەماشای یەکیان دەکرد، پاشان پرۆفیسۆرەکە لە قسەکانی بەردەوام بوو:

- بەردە گەورەکانی ژیانتان چین؟ منداڵەکانتان، هاوسەرەکەتان، هاوڕێکانتان، خۆشەویستەکانتان، خوێندنەکەتان، ئاواتەکانتان، تەندروستیتان، هێنانە کایەی بەرهەمێك، سوودگەیاندن بە کەسانی دیکە و فێرکردنیانن!

ڕەنگە بەردە گەورەکانتان یەکێك بن لەمانە، یاخود هەندێکیان، یان ڕەنگە هەموویشیان بن. ئەمشەو پێش ئەوەی بخەون، بەجوانی بیر بکەنەوە و بزانن بەردە گەورەکانی ئێوە چین؟ باش بڕیار بدەن. ئەوەش بزانن ئەگەر یەکەم جار بەردە گەورەکان نەکەنە ئینجانەکەوە، ئیتر هیچ کاتێکی دیکە ناتوانن شوێنیان بۆ بکەنەوە. ئەو کاتەش ناتوانن سوود بە خۆتان و دامەزراوەکەتان و نیشتمانەکەتان بگەیەنن. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ناتوانن ببن بە کەسێکی شکۆمەند، لە ڕاستیشدا ناتوانن ببن بە کەسێکی باشیش.

پرۆفیسۆرەکە پاش تەواوبوونی وانەکە، بێ ئەوەی هیچ بڵێت لە پۆلەکە چووە دەرەوە و خوێندکارە سەرسامەکانی جێ هێشت...

# بەشی سێیەم

## تەکنیکەکانی خێرا خوێندنەوە



# تەکنیکەکانی خێرا خوێندنەوە

بابەتی خێرا خوێندنەوە، لەم ساڵانەی دواییدا بووەتە جێی قسە و باسێکی زۆر. بۆچی پێویستمان بە خێرا خوێندنەوەیە؟ ئایا خێرا خوێندنەوە چێژی خوێندنەوە ناهێڵێت؟ ئایا ئامانجی خوێندنەوە ئەوەیە، گەشتێکی خێرا بکەیت بەنێو لاپەڕەکاندا؟ ئەگەر وا نییە، ئەی بۆ دروستکردنی هاوڕێیەتییە لەگەڵ ڕستەکاندا؟

دەکرێت زۆر شت لەبارەی ئەم پرسیارانە و هاوشێوەی ئەمانەوە بوترێت. بەگشتی ئەو وەڵامانەی بۆ ئەم پرسیارانە دەدرێنەوە، ئەمانەن: هەر کەسێك چۆن چێژ لە خوێندنەوە وەردەگرێت، با بەو شێوەیە بخوێنێتەوە. بەڵام لێرەدا ڕەخنەیەك هەیە، لە کاتێکدا کۆمەڵە کتێبێکی زۆر بۆ خوێندنەوە وەستاون، چارەیەکی دیکە جگە لە خێرا خوێندنەوە نییە.

سەرەتا خێرا خوێندنەوە چییە؟ کاتێك دەڵێین خێرا خوێندنەوە، مەبەستمان چییە؟

مرۆڤێکی ئاسایی، دەتوانێت لە خولەکێکدا ٢٥٠ - ٣٠٠ وشە بخوێنێتەوە، بەمە دەوترێت خوێندنەوەی ئاسایی. خوێندنەوەی

٥٠٠ وشەش لە خولەکێکدا، پێی دەوترێت: (خێرا خوێندنەوە).
ئەمە چۆن دەپێورێت؟

بۆ تاقیکردنەوەی خێرایی خوێندنەوەتان، تەنها ژمارەی وشەکانی ئەو دەقەی دەیخوێننەوە لەگەڵ شەستدا لێك بدەن و پاشان ئەو ئەنجامەی بۆتان دەردەچێت، دابەشی ژمارەی ئەو چرکانەی بکەن کە دەقەکەتان تێدا خوێندووەتەوە.

خێرایی خوێندنەوە لە خولەکێکدا = (ژمارەی ئەو وشانەی خوێندووتانەوە × شەست) ÷ ژمارەی چرکەکانی خوێندنەوە.

ئەگەر دەقێکی یەك لاپەڕەیی، کە لە ٤٥٠ وشە پێك هاتبێت، لە ماوەی ١٢٠ چرکەدا بخوێننەوە، واتە:

خێرایی خوێندنەوە لە خولەکێکدا = (٤٥٠ × ٦٠) ÷ ١٢٠

واتە خێرایی خوێندنەوە لە خولەکێکدا = ٢٢٥ وشە.

بەپێی ئەمە، ئێوە دەتوانن لە ماوەی یەك خولەکدا ٢٢٥ وشە بخوێننەوە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا خوێندنەوەی ٥٠٠ - ١٠٠٠ وشە لە خولەکێکدا، بە خێرا خوێندنەوە هەژمار دەکرێت. بێگومان زیادکردنی ئەم ژمارەیە، پەیوەستە بە ئێوە و هەوڵەکانتانەوە.

# 1

# چ پێویستییەکمان بە خێرا خوێندنەوە هەیە؟

ئەم سەدە نوێیەی پێمان ناوەتە ناویەوە، دەڵێی بووە بە شانۆی نمایشکردنی بەرهەمە سەرسوڕهێنەرە بێشومارەکان لە چەندین بواردا. لەم سەردەمەدا، زانست بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو لە پێشکەوتندایە. ئەو زانستەی لە ڕابردوودا لە ماوەی سەد ساڵدا بەرهەم دەهات، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا بەرهەم دەهێنرێت. پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا و ئەو زانستە زۆر و چڕانەی هەموو بوارێکی ژیانیان گرتووەتەوە، ناچارمان دەکەن خۆمان لەسەر خوێندنەوەی خێرا ڕابهێنین.

چالاکییە بنەڕەتییەکانی خوێندکار وەك؛ خوێندن و پەروەردە و فێرکردن، چیتر تەنها لە خوێندنگەدا پەنگیان نەخواردووەتەوە، بەڵکو لە هەموو بوارێکی ژیاندا دەردەکەون. واتە فێربوون، لە چوارچێوەی دیوارەکانی خوێندنگە دەرچووە و لە ڕێی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتەوە بە هەموو جیهاندا بڵاو بووەتەوە و هەموو لایەنێکی ژیانی گرتووەتەوە.

لەم ڕۆژەدا کە زانست و تەکنەلۆژیا هێندە خێرا گەشە دەکەن، بۆ ئەوەی لەدوای زانست و پێشکەوتنەوە نەمێنینەوە و جێ نەمێنین، پێویستە خۆمان لەسەر خوێندنەوەیەکی خێرا و ڕێکوپێك و بەبەرنامە ڕابهێنین. ئەو کەسەی خۆی لەسەر خێرا خوێندنەوە ڕانەهێناوە، واتە لەژێر هەموو زانستەکان و پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیادا دەشێلرێت. بۆیە هەموو مرۆڤێك ناچارە، فێری تەکنیکەکانی خێرا خوێندنەوە ببێت. ئەگەر نا، وەك ئەوە وایە بە ڕۆیشتنی کیسەڵی بیەوێت دوای تەیارەیەك بکەوێت.

2

# مێژووی خێرا خوێندنەوە

یەکەم شوێن کە دەستی بە چالاکییەکانی خێرا خوێندنەوە کرد، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو. لە ساڵی (١٩٥٠)وە، تەکنیکەکانی خێرا خوێندنەوە بوو بە بابەتی خوێندنی قوتابخانەکان. لای ئێمەش هێشتا پەیڕەوێکی فەرمی لەبارەی خوێندنەوەی خێراوە دانەنراوە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا هەندێك کەس و دامەزراوە، هەوڵەکانی خێرا خوێندنەوەیان کردە بەرنامەکانیانەوە.

# 3

# سوودەکانی خێرا خوێندنەوە

لە کتێبێکی چوار سەد لاپەڕەییدا، نزیکەی سەد هەزار وشە هەیە. ئەو کەسەی پابەندی تەکنیکەکانی خێرا خوێندنەوە نابێت، لە کاتژمێرێکدا نزیکەی حەوت هەزار وشە دەخوێنێتەوە. واتە، لە ١٥-١٦ کاتژمێردا کتێبەکە تەواو دەکات. ئەو کەسەشی پابەندی تەکنیکەکانی خێرا خوێندنەوە دەبێت، لە هەمان ماوەدا دەتوانێت لانی کەم دوو تا سێ کتێب تەواو بکات.

ئەو خوێنەرەی پابەندی ئەم تەکنیکانە دەبێت، بە زیادکردنی خێرایی خوێندنەوەکەی، دەتوانێت ئەو خەیاڵ ڕۆیشتنانەی لە دەستی خۆیدا نین بۆ نزمترین ئاست کەم بکاتەوە. ئەو خوێنەرەی هەوڵ دەدات خێراتر بخوێنێتەوە، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ڕێژەی خوێندنەوەکانیشی زۆر دەبن و خوو دەگرێت بە خوێندنەوەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەزانێت چی دەخوێنێتەوە و چەندێك دەخوێنێتەوە. هەروەها بە خوێندنەوە دەگاتە زانیارییە چڕوپڕەکان و

خێرایی بیرکردنەوە و تێگەیشتن و هەڵسەنگاندن و درککردن و بڕیاردانی زیاد دەکات. ئەو تەکنیکانەی لە خێرایی خوێندنەوەکەیدا پیادەیان دەکات، خوێندنەوەکە لە تەوژمێکی نەگۆڕی بێزارکەر دەرباز دەکەن و چێژی پێ دەبەخشن.

ئەو کەسەی لە ماوەیەکی کەمدا دەرفەتی فێربوونی زیاتر دەقۆزێتەوە، متمانەی بە خۆی زیاد دەکات و کەسایەتیشی پەرە دەسێنێت. لەوەش گرنگتر، مێشك ڕا دێت بەوەی خێرا لە شتەکان تێبگات و وا لەو کەسە دەکات لە ژیانیدا تێگەیشتنێکی ژیرانەتر و ڕێکوپێکتری هەبێت.

# 4

# بەربەستەکانی بەردەم خێرا خوێندنەوە

## ١- پەیوەستنەبوون بە کتێبەوە

وریا نەبوون و کەم سەرنجدان و خەیاڵکردن و بێئاگایی، دەبنە بەربەست لەبەردەم تامەزرۆیی و خوێنەر لە کتێب دادەبڕن.

## ٢- نەبوونی ئارەزووی خوێندنەوە

ئەو کەسەی ڕانەهاتووە لەسەر خوێندنەوە و ئامۆژگارییەکی هاندەرانەی وەرنەگرتووە و لەو باوەڕەدا نییە کە دەبێت دەستبەجێ دەست بە خوێندنەوە بکات، ئەوە حەز و ویستنی بۆ خوێندنەوە نەبزواوە.

## ٣- دەستنەکەوتنی کەشێك بۆ کتێب خوێندنەوە

بەهانەکانی وەك: (بێزارم، جەوم نییە، دواتر دەیخوێنمەوە)، دێنە ڕێی هەموو کەسێك و وا دەکەن دەست لە کتێب هەڵگرن. لە ڕاستیدا نابێت بەشوێن کەشێکی تایبەتدا بگەڕێین بۆ خوێندنەوە، بەڵکو پێویستە هەموو ئانوساتێك هەوڵ بدەین ئەو کەشە بسازێنین.

## ٤- هاتنه سەر ئەو باوەڕەی کە دەڵێت: "کەسی وا هەیە نەشی خوێندووەتەوە و بووە بە کەسێکی شکۆمەندیش."

ئەوانەی بانگەشـەی ئەمە دەکەن، ئەو کەسـانەن کە وا دەزانـن بەدەستهێنانی پـارە (شـکۆمەنییە) و لە دەرەوەی ئەمەش هەر چی شتە (لاوازییە). لە کاتێکـدا دەوڵەمەنـدبوون، هەژاری، بێکـاری و بوونە خاوەن پلەوپـایە، شـتێکە و بـوونە کەسێکی شـکۆمەندیش شـتێکی زۆر جیـاوازترە. دەبێـت ئەوەمـان لەبیـر نەچێـت، کە شکۆمەندی بە کتێب خوێندنەوە بەدەست دێت.

## ٥- ڕانەهاتنی چاو لەسەر خوێندنەوە

وەك هەموو خووەکانی دیکە، چاویش خـووی تـایبەتی خـۆی هەیە. ئەو چاوانەی گرنگی بە خوێندنەوە دەدەن و هەستیارن بۆی، بە هەموو نووسینێکەوە دەلکێن، دەیانەوێت هەموو کتێبێك ببینن و هەمـوو ڕستەیەك سـەرنجیان ڕادەکێشـێت، بەڵام ئەو چـاوانەی ڕانەهاتوون بە خوێندنەوە، ئەگەر لەناو کتێبیشدا مەلە بکەن، هەر وا هەست دەکەن لە بیاباندان.

## ٦- خەوهاتن لە کاتی کتێب خوێندنەوەدا

خوێندنەوە و خەوتن، بۆ هەندێك کەس وەك خوشـك و برایەکـی دووانەیان لێ هاتووە. وەك بڵێیت پەیامی "گەر بخوێننەوە، دەخەون"، لە مێشکیاندا چەسپیوە. بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەمەشدا، کاتێـك کتێـب بە دەستانەوە دەگرن، پەرداخێك ئـاو یـان چەنـد نوقڵێـك لەتەنیشـت

خۆتان دابنێن. هەر کاتێك خەو زۆری بۆ هێنان، نوقلێك بخۆن و قوم قوم لە ئاوەکە بخۆنەوە. ئەمە زۆرترین سوودی هەیە بۆ بەئاگابوونەوە.

## ٧- بێئاگایی لەوەی چی دەخوێنیتەوە

کتێب خوێندنەوە هەوڵێکی هۆشدارانەیە. دەبێت چاوەڕێی بەدەستهێنانی شتێك بکەیت، لەو کتێبەی دەیخوێنیتەوە. ئەگەر بەو ئامانجەوە دەست بکرێت بە کتێب خوێندنەوە، خوێندنەوە واتایەکی دەبێت. ئەگەر نا، خوێنەر لە وردەکارییەکاندا ڕۆدەچێت و مەبەستە سەرەکییەکەی لەدەست دەچێت و لە نیوەیدا واز لە کتێبەکە دەهێنێت.

## ٨- کاریگەریی نەرێنیی دەوروبەر

ژاوەژاو، دەنگ، ڕووناکی، قەرەباڵغی و نەگونجانی شوێنی خوێندنەوە، ڕێ لە خوێندنەوە دەگرن و کار دەکەنە سەر ئاستی خوێندنەوەکە.

## ٩- هەندێك شێواز کە دەتوانن پیادەیان بکەن:

١- ئەگەر دێڕەکان بەتەڵخی دەبینن و ڕوون نین لاتان، سەردانی پزیشکی چاو بکەن.

٢- ئەگەر بیر و هۆشتان پەرتەوازەیە و ناتوانن سەرنج بدەنە بابەتەکە، بەبەردەوامی بیرۆکەی سەرەکی کتێبەکە و تێڕوانینەکانی نووسەرەکە بهێننەوە بیر خۆتان و هەوڵ بدەن لە کتێبەکە دانەبڕێن.

٣- ئەگەر ڕاهاتوون لەسەر ئەوەی دووبارە بگەڕێنەوە سەر دێڕ یان وشەکانی پێشتر، ئەو بەشەی دەیخوێننەوە بە کاغەزێك داپۆشن و بەردەوام بن لە خوێندنەوە.

٤- ئەگەر لە کاتی خوێندنەوە لێوتان دەجووڵێنن، قەڵەمێك بکەنە نێوان ددانەکانتانەوە، ئینجا بخوێننەوە. پاش ماوەیەك دەست لەو خووەتان هەڵدەگرن.

٥- چاوتان فێر بکەن خێرا شتەکان ببینێت. هەوڵ بدەن لە یەك سەیرکردندا، دێڕەکەی بەردەمتان یان پەرەگرافەکە ببینن و لێی تێبگەن. بەم شێوەیە، چاو لە خوێندنەوەی سست ڕزگاری دەبێت.

٦- با ڕووناکییەکە لە چاوتان نەدات، بەڵکو لەپشتەوە لە کتێبەکەتان بدات. ئەگەر نا، چاوتان ناتوانێت بەخێرایی و بەباشی بخوێنێتەوە.

٧- لە کاتی خوێندنەوەد کتێبەکە بەڕێکی مەگرن، بەڵکو بە شێوەیەکی کەمێك چەماوە بیگرن.

٨- دووریی نێوان چاوتان و کتێبەکە، با سی بۆ چل سانتیمەتر بێت.

٩- لە کاتی خوێندنەوەدا، بۆ حەواندنەوەی چاوتان و کۆکردنەوەی سەرنجتان، لە هەر پازدە بۆ بیست خولەك جارێکدا بۆ ماوەی سی چرکە تەماشای دوورییەك بکەن، بەڵام زوو خۆتان کۆ بکەنەوە.

١٠- خوێندنەوەی بەبەرنامە و بەردەوام، خوێندنەوە خێرا دەکات و ناهێڵێت خوێندنەوەکەت ناتەواو بێت.

١١- ڕێگـایەکی دیکەی ڕاهـاتن لەسـەر خوێنـدنەوەیەکی بـاش، پێکهێنانی کۆمەڵە هاوڕێیەکە کە پێکەوە کتێب بکەن بە دیاری بـۆ یەکـتر، دواتـریش بە شـێوەیەکی دروسـت ئەو کتێبـانە بخوێننەوە. بەم شێوەیە لە هەموو هەفتەیەکدا، چەنـد کتێبێك دەخـوێننەوە. ئەمەش واتە بەدەسـتهێنانی توانـای خێـرا خوێندنەوە لە ماوەیەکی کورتدا.

# 5

# چۆن پەرە بە خوێندنەوەی خێرا بدرێت؟

١- لەباتی یەکە یەکەی وشەکان، کۆمەڵە وشەیەك یان گرێیەك بخوێننەوە.

٢- با جووڵەکانی چاوتان ڕێکخراو بن، وەك کاتژمێرێك ڕێڕەوێکی ئۆتوماتیکی وەربگرن.

٣- پێویستە ڕێگری بکەن لە گەڕانەوەکان بۆ وشەکانی پێشتر.

٤- لە حونجەکردن، یان حونجەکردنی بێدەنگ خۆتان لا بدەن.

توێژینەوەکان دەریان خستووە کە دەتوانرێت تەنها بە خواستن و ئارەزووکردن، خێرایی خوێندنەوە بە نزیکی ڕێژەی لەسەددا بیست و پێنج زیاد بکرێت. ئەو کەسەی بەئاسایی دەتوانێت دوو سەد وشە لە خولەکێکدا بخوێنێتەوە، بەئاسانی دەتوانێت بیگەیەنێتە دوو سەد و پەنجا وشە. ڕاهێنانێکی جددی و هەوڵدانێکی گونجاویش، سەرکەوتنی زۆر لەمە گەورەتر دێننە کایەوە. ئەگەر پێویست بە پۆلێنکردنێکی گشتی بکات، دەتوانیت بزانیت خوێنەر

بەپێی ژمارەی ئەو وشانەی لە خولەکێکدا دەیانخوێنێتەوە لە چ پۆلێکدایە:

- ١٥٠ زۆر خاو
- ١٥٠-٢٠٠ خاو
- ٢٠٠-٢٣٠ مامناوەند
- ٢٣٠-٢٥٠ سەروو مامناوەند
- ٢٥٠-٣٠٠ بەرەو خێرا
- ٣٠٠-٣٥٠ خێرا
- ٣٥٠-٤٥٠ زۆر خێرا
- ٤٥٠ و بەرەو سەر، خێراییەکی دەگمەن

بێگومان تەنها زیادکردنی خێرایی خوێندنەوە ئەنجامێکی خوازراو نییە. گەر دوای خوێندنەوەی کتێبێکی گەورە لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا، بە خێرایی ٥٠٠ وشە لە خولەکێکدا، هیچتان بەبیردا نەیەتەوە، ئەوا ناتوانین بڵێین کە ئەم چەند کاتژمێرەتان بە خوێندنەوە بەسەر بردووە. پێویستە ئامانجمان ئەوە بێت کە لەگەڵ خوێندنەوەی خێرادا، ئاستی تێگەیشتنیشمان فراوان بکەین.

٥- چالاکیی خوێندنەوە دەبێت بە ئامانجێکەوە ببەسترێتەوە. زانینی هۆی خوێندنەوەی هەر کتێبێک یاخود گۆڤارێک کە بە دەستمانەوە دەیگرین و زانینی چاوەڕوانییەکانمان لە کتێبەکە یاخود گۆڤارەکە، کلیلی بەتێگەیشتنەوە خوێندنەوە پێک دەهێنن. لەم ڕووەوە پێش ئەوەی دەست بکەین بە خوێندنەوەی هەر کتێبێک،

بوونی زانیاری دەربارەی ناوەڕۆکی کتێبەکە سوودی دەبێت بۆمان لە باش دیاریکردنی ئامانجمان لە خوێندنەوەی کتێبەکەدا. بۆ ئەمە دەتوانین سوود لە دەقە ناسێنەرەکەی سەر پشتی کتێبەکە و پێڕست و پێشەکی و دەروازە و سەرباسی بەشەکان و پوختەی بەشەکان وەربگرین. بەم شێوەیە چاوەڕوانییەکانمان لە کتێبەکە دیاری دەکەین و بەدرێژایی کتێبەکە هەلی باشتر تێگەیشتن لەو شتانەی دەیانخوێنینەوە و ئامادەکردنی هزرمان بۆ دەستەبەر دەبێت.

٦- پابەندی تەکنیکی خوێندنەوەی پەرەگراف بن. زۆربەی نووسەرەکان لە سەرەتای پەرەگرافەکەدا، مەبەستە سەرەکییەکە دەدەن بە دەستەوە، پاشان لە ڕستەکانی دواتردا ڕوونکردنەوە دەدەن و نموونەی قایلکەر پێشکەش دەکەن، کە لەگەڵ بابەتەکە یەك دەگرنەوە. کاتێك یەکەم ڕستەی پەرەگرافەکەتان خوێندەوە و لە مەبەستە سەرەکییەکە تێگەیشتن، ئەگەر هەمان بۆچوونتان هەبوو یان بۆچوونەکەتان پەسەند کرد، پێویست ناکات درێژەی ڕستەکانی دیکە بخوێننەوە.

٧- بەپێی تەکنیکی ستوونی بخوێننەوە. پەنجەی شایەتومانتان لە ئاستی لووتتان بە دووریی سی سانتیمەتر ڕابگرن و تەنها تەماشای سەری پەنجەی شایەتومانتان بکەن. بێ ئەوەی چاوتان لە پەنجەی شایەتومانتان جیا بکەنەوە، ئەو شتانە بژمێرن کە لەدەوری پەنجەتان دەیانبینن. دەتوانن زۆر شت ببینن، مەگەر نا؟ لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، دەتوانن ئەم شێوازە

بەکار بهێنن. لەناوەڕاستەوە هێڵێکی ستوونی بکێشن (یان هەر بە خەیاڵ دیاری بکەن) و کاتێك لە سەرەوە تا خوارەوە تەماشای ئەم هێڵە دەکەن، تەنها هێڵەکە نابینن، بەڵکو یەك دوو وشەی لای ڕاست و چەپیشی دەبینن.

- کاتێك ستوونێکی باریك بە پانیی ٣-٤ وشە دەخوێننەوە، خلیسکاندنی چاوتان بۆ خوارەوە بە درێژایی ڕاستەهێڵێکی ستوونی لەناوەڕاستی ستوونەکەوە بەس دەبێت بۆتان. هەر چەندە لە سەرەتاوە هەست دەکەن کە نەتانخوێندووەتەوە، بەڵام ئەگەر بەردەوامی بەم مەشق و ڕاهێنانە بدەن، بەپێی کات هەست بە جیاوازییەکەی دەکەن.

- ئەگەر ستوونێکی ئاسایی بە پانیی ٥-٦ وشە بخوێننەوە، هەر ئەوەندە بەسە وشەی دووەم و چوارەمی بخوێنیتەوە. چاوتان وێنەی وشەکانی دیکە دەگرێت.

- ئەگەر ستوونێکی ئاسایی بە پانیی ٥-٦ وشە بخوێننەوە، تەنها خوێندنەوەی وشەی دووەم و چوارەم بەس دەبێت بۆتان. چاوتان وێنەی وشەکانی دیکەش دەگرێت.

- ئەگەر ستوونێك بە پانیی ٧-٨ وشە بخوێننەوە، وشەی دووەم و چوارەم و شەشەمی بخوێننەوە، چاوتان وێنەی وشەکانی دیکە دەگرێت.

٨- تەکنیکی خوێندنەوەی ڕاست و چەپ بەکار بهێنن. ئەگەر لاپەڕەکانی کتێبێکی ئاسایی دەخوێننەوە، دەتوانن وەك ستوونێکی

فراوان بیخوێننەوە (دێڕەکانی کتێبێکی ئاسایی، حەوت بۆ هەشت وشەی تێدایە). دەشتوانن لە سووچی سەرەوەی لای ڕاستەوە دەست پێ بکەن، بەرەو لای چەپی سووچی خوارەوە چاوتان بگێڕن، بەڵام لەم شێوازەدا وشەی کەمتر دەبینن، لەچاو شێوازی ستوونیدا. ئەوەش ئاشکرایە کە ناتوانن سووچی سەرەوەی لای چەپ و سووچی خوارەوەی لای ڕاست ببینن. هەر بۆیە ئەو نووسینانە بەم شێوەیە بخوێننەوە، کە زیاتر بۆ ئەم جۆرە خوێندنەوەیە گونجاون.

٩- بۆ ئەوە بخوێننەوە، کە مەبەستە سەرەکییەکە بدۆزنەوە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، لەسەر هەر بابەتێك ئەوەندە نووسراو و زانیاری هەیە، کە ناتوانرێت بەدواداچوون بۆ هەمووی بکرێت. خوێندنەوەی هەموو ئەمانە چەندێك مەحاڵە، ئەوەندەش ناپێویستە. بۆیە شارەزاکان پێشنیارمان بۆ دەکەن، کە هەموو ئەم زانیارییانە نەخوێنینەوە و ئەوانەشی کە دەیانخوێنینەوە، بەباشی هەڵیان بژێرین.

خوێندنەوەی هەموو ئەو نووسراوانەی هەڵتان بژاردوون بە بچووکترین و وردترین وردەکارییانەوە، وەك ئەوە وایە بۆ دۆزینەوەی گەنجینەیەك تەواوی کێڵگەیەك هەڵکۆڵن. ئەگەر بزانن گەنجینە لەژێر کام درەخت و کام بەردەدایە، تەنها ئەو شوێنە هەڵدەکەنن و لە ماوەیەکی کورتدا گەنجینەکە دەدۆزنەوە.

وەك شارەزایەکی دۆزەرەوەی گەنجینە، دەبێت سەرەتا مەبەستی سەرەکیی کتێبەکە بدۆزنەوە، پاشان بیخوێننەوە. دەتوانن لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، پەرە بەم توانایەتان بدەن.

جگە لەمانە، زۆر خوێندنەوە و خوێندنەوەی بابەتی جیاواز لەنێوان ئەو ڕێ و شوێنانەدان، کە بە ماوەیەکی درێژ تێگەیشتن بەرەوپێش دەبەن. لە لایەکی دیکەوە، پێویستە بیر خۆمانی بهێنینەوە کە تواناکانی دیکەی وەك: (بیرکردنەوە، گوێگرتن، قسەکردن و نووسین) لەگەڵ توانای خوێندنەوە زۆر نزیکن لە یەکەوە. پەرەپێدانی یەکێك لەم توانایانە، یارمەتیی پەرەپێدانی یەکێکی تریان دەدات. بەتایبەتی گوێگرتن بە هۆی سروشت و تایبەتمەندییەکەیەوە، بە هەمان شێوەی خوێندنەوە شێوازێکی وەرگرتنی زانستە. لەم ڕووەوە ئەگەر کەسێك ببێت بە گوێگرێکی باش، بوونی بە خوێنەرێکی باشیش شتێکی زۆر چاوەڕوانکراو دەبێت.

پەیوەندییەکی دیکەی نێوان تێگەیشتن لە خوێندنەوە و خێراییەکەی، لە باسی ڕێکخستنی خێراییدا دێتە ئاراوە.

هەر کتێبێك لە ڕووی ئاسانی خوێندنەوەوە، لە کتێبێکی دیکە جیاوازە. تەنانەت هەر لە یەك کتێبدا، دەکرێت ئاستی ئاسانی خوێندنەوەکە لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی دیکە بگۆڕێت. بۆیە وا باشترە، خوێنەر بتوانێت لەگەڵ ئەم جیاوازییانەدا خۆی بگونجێنێت. ئاشکرایە کتێبێکی تەکنیکی کە بە زمانێکی ئاڵۆز نووسرابێت، نابێت بە هەمان خێرایی خوێندنەوەی ڕۆمانێك

بخوێنرێتەوە. دەبێت خوێنەر بەپێی سروشت و پێویستیی دەقەکە، خێرایی خوێندنەوەکەی دیاری بکات. لەگەڵ ئەوەی شێوازێکی دیاری کرد، دواتر بەپێی ئاستی ئەو زانیارییانەی دێنە بەردەمی، شێوازێکی دیکەی خێرایی بۆ خۆی دیاری دەکات.

بوون بە خوێنەرێکی باش، پێش هەموو شتێک بەندە بە ڕاهاتنەوە. ئەم ڕاهاتنەش بە هەوڵدانێکی دروست و بەبەرنامەوە بەدەست دێت. هەوڵدانێکی بەردەوامی ڕۆژانە، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت، بە ڕێژەی بەردەوامبوون لەسەری لە خوێنەردا جێگیر دەبێت.

## نامەیەك

# زەوییەکانی ئاغا

هەنـدێك لە هاوڕێکـانم هـاتن بـۆ لام و وتیـان: "بینـایەکی بەشـەناوخۆیی بـۆ خوێنـدکارە هەژارەکـان دروسـت دەکەیـن. ڕێبەریمان بکە، تا هەندێك یارمەتی کۆ بکەینەوە."

داواکەیـانم پەسـەند کـرد و ڕۆژی دواتـر پەیوەنـدیم بە بازرگانێکەوە کرد، کە لەبەر دەوڵەمەندییەکەی بە (ئاغا) نـاسرابوو. کاتێك زانـی داوای پـارە دەکەم، وتـی: "ئەوەی لەدەستمان بێت دەیکەین، دەتوانن بێن و یەك ببینین."

بەخۆشـحاڵییەوە بەرەو نووسـینگەکەی ڕۆیشـتم و مـۆڵەتم لە سـکرتێرەکەی وەرگـرت و چـوومە ژوورەکەیەوە. پـاش ئەوەی لەبارەی بیناکەوە زانیـاریم پـێ دا، پـارەیەکی کـاغەزی لە گیرفانی دەرهێنا و وتی: "فەرموون، با ئێمەش دەستێکمان تیایدا هەبێت."

زۆر سەرم سوڕما، بەڵام بەسەر خۆممدا نەهێنا و وتم: "سفرەکانی کۆتایی ژمارەکە تۆزێك کەم نین؟ من لەو باوەڕەدا بووم کە لانی کەم سەد هێندەی ئەمەمان بدەیتێ!"

دیار بوو زۆر بەلایەوە گرنگ نەبوو، وتی: "ئەوەندە بۆ ئێستا بەسە. لەبەر ئەوەی دەبێت زەوی بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی هاووڵاتییان بکڕم، لەوە زیاترم پێ نادرێت."

وتم: "چەندێکی پێویستە؟"

- نزیکەی دوو سەد دۆنم. ئەگەر بتوانم ئەم کارە بکەم و ئەو زەوییانەی دیاریم کردووە دەستیان بخەم، بە ملیار پارە دەدەم بەو بەشەناوخۆییەتان. ئەگەر بیناکەش بە ناوی منەوە ناو بنێن، ئەوا ئەو بڕە زیاتریش دەکەم.

سوپاسم کرد و دوای ئەوە تەوقەمان کرد و لەوێ ڕۆییشتم و پاش ماوەیەك دەستمان کرد بە کاری بیناکە. لەو ماوەیەدا کە هەستمان دەکرد پارەمان لێ دەبڕێت، زوو زوو ئاغاکەمان بیر دەکەوتەوە و دەمانویست بزانین ئەو زەوییانەی کڕیونی بوونەتە چەند دۆنم. دوای سێ مانگ کە پەیوەندیمان بە یاریدەدەرەکەیەوە کرد، پێی وتین: "زەوییەکانی ئاغا زۆرینەیان لە کەنارەکانی دەریاچەکەن و بوونەتە سەد و بیست دۆنم. ئێستا نۆبەی ناوچە دارستانییەکەی تەنیشت دەریاچەکەیە..."

دوای تەواوکردنی هەیکەلی بیناکە، دووبارە پەیوەندیمان بە پیاوەکەوە کردەوە، وتی: "زەوییەکانی ئاغا لەلێواری دەریاچەکە و

نێوان دارسنەوبەرەکاندان و بوونەتە دوو سەد و پەنجا دۆنم. پاش چەند مانگێك ئەم کارە تەواو دەبێت...“

کاتێك بە ئومێدی گەیشتن بەو ملیارانە پەیوەندیمان بە پیاوەکەوە کردەوە، وتی: ”زەوییەکەی ئاغا وا لەژێر دارێکی سەوزدا و دابەزیوە بۆ دوو مەتر دووجا. هەفتەی پێشوو کۆچی دوایی کرد، نەتانبیستووە؟“

جونەید سواڤی

# بەشی چوارەم

## ئاستی خوێندنەوە لە جیهاندا



# ئاستی خوێندنەوە لە جیهاندا

دەمەوێت بڵێم کاتێك ئەم بابەتە دەنووسم، تا بڵێی نیگەران و خەمبارم و هەست بە ئازارێکی سەخت دەکەم. لە کاتێکدا رابردوویەکمان هەبێت کە گرنگی خوێندن و خوێندنگا لە جیهان بگەیەنێت، بەڵام دواتر ببینە کۆمەڵگەیەك کە زۆرترین کێشەمان لەبارەی خوێندن و خوێندنگەوە هەبێت. چەند بەئازارە! چەندە بارێکی بێزارکەرە...

بەپێی توێژینەوەیەك دەرکەوتووە، بڕی ئەو لاپەڕانەی لە ماوەی ساڵێکدا بەر کەسێك دەکەوێت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، سێ سەد و نەوەد کیلۆگرامە. لە ئەوروپاش ئەو بڕە لە ساڵێکدا نەوەد کیلۆگرامە و لە تورکیاش بڕی ئەو کاغەزەی لە ساڵێکدا بەر کەسێك دەکەوێت، بیست کیلۆگرامە. هەروەها ئەگەر ڕێژەی چاپکردنی کتێب لە تورکیا بەراورد بکەین بە چەند وڵاتێکی دیکە، زیاتر ئاشنا دەبین بە بابەتەکە:

لە ئەمەریکا، لە ساڵێکدا ٧٢٥٠٠ کتێب چاپ دەکرێت، لە ڕووسیاش لە ماوەی ساڵێکدا ٨٢٠٠٠ و لە ژاپۆن ٤٢٠٠٠ و لە

فەڕەنساش ۲۷۰۰۰ کتێب چاپ دەکرێت. لە تورکیاش، لە ساڵێکدا ۷۰۰۰ کتێب چاپ دەکرێت. ئەگەر لە ڕووی قەرەباڵغیی دانیشتووانەوە، ئەمەریکا و ژاپۆن و فەڕەنسا بەراورد بکرێن بە تورکیا، ڕەنگە هاوسەنگ نەبن. بەڵام لە کاتێکدا تورکیا دانیشتووانەکەی لە فەڕەنسا زیاترە، ڕێژەی چاپکردنی کتێبی دەگاتە تەنها یەك لەسەر چواری ڕێژەی چاپکردنی کتێب لە فەڕەنسا.

ئەگەر بێینە سەر ئەوەی هەر هەزار کەسێك چەند کتێبیان بەر دەکەوێت، دیمەنێکی لەم شێوەیەمان دەست دەکەوێت:

لە ڕووسیا، ژمارەی ئەو کتێبانەی بەر هەر هەزار کەسێك دەکەوێت ۱۸۰۰۰ کتێبە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ۱۲۰۰۰ کتێب و لە ئەڵمانیا ۲۷۰۰ کتێب و لە ژاپۆن ۱۰۰۰ کتێب و لە ئیسپانیاش ۱۷۰ کتێبە. لە تورکیاش ژمارەی ئەو کتێبانەی بەر هەر هەزار کەسێك دەکەوێت، تەنها ۷ کتێبە.

کاتێك تەماشای ئەم ژمارانە دەکرێت، تێدەگەین کە لە تورکیادا بە هەر ۱٤۲ کەسێك و یەك کتێبیان بەر دەکەوێت. ئەمەش پێمان دەڵێت وڵاتەکەمان ئێستا لە خوێندنەوەدا، لە چ ئاستێکدایە. ئەگەر ئەو وێنە کلتوورییەی دەکرێت لەسەر بەرهەمهێنانی کتێب لە تورکیادا بکێشرێت، بەراورد بکرێت بەو وێنە کلتوورییەی بەندە لەسەر بەرهەمهێنانی کتێب لە وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپادا، ئەنجامەکەی هیچ هیوابەخش نابێت.

## نموونەیەك

لە ئەنجامی ڕاپرسییەکدا کە لە بەریتانیا ئەنجام دراوە، لەسەر ئەو بڕە پارەیەی کە هەر تاکێك لە ساڵێکدا بۆ خوێندنەوە تەرخانی دەکات، ئەم ژمارانە دەرکەوتوون: بە شێوەیەکی ڕێژەیی، هەر کەسێك لە ئەڵمانیا لە ساڵێکدا ٧٣ دۆلار بۆ کتێب تەرخان دەکات. لە سویسرا ٦٧ دۆلار و لە فەرەنسا ٦٢ دۆلار و لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ٦١ دۆلار و لە ژاپۆن ٥٨ دۆلار و لە بەریتانیا ٥٥ دۆلار تەرخان دەکرێت. ئەم ڕیزبەندییە، بە دوایدا وڵاتەکانی هۆڵەندا و کەنەدا و سوید و ئیتاڵیا دێن. شوێنی تورکیاش بە ٢,٤ دۆلارەوە لە ڕیزی چلەمدایە.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بەوەی کتێب خوێندنەوە لە پێداویستی چەندەمدا دانراوە، ئەنجامێکی سەرسوڕهێنەری لە تورکیا دەرخستووە. لە کاتێکدا لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا، بە شێوەیەکی ڕێژەیی کتێب خوێندنەوە لە پێویستی هەژدەیەمدا دانراوە، ئەم پێویستییە لە تورکیا لە ڕیزبەندیی دووسەد و بیست و دووەمدایە.

## نموونەیەك

گشتگیرترین توێژینەوە کە لەسەر ئەم بابەتە کرابێت، ئەو توێژینەوەیە بوو کە لەلایەن ڕێکخراوی کتێبخانەکانی تورکیاوە، بە ناوی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە،

بە کۆمپانیای توێژینەوەی PIAR سپێردرا، لەژێر ناونیشانی: (بۆچی کەم دەخوێنینەوە؟). بەپێی ئەم توێژینەوەیە:

١- (٧٤%)ی ڕێکخراوەکان، خوێندنەوەیان لە ئاستێکی باشدا نییە.

٢- (٣٦%)ی ڕێکخراوەکان، کاتێکی کەمی یەك دوو کاتژمێرییان بۆ خوێندنەوە تەرخان کردووە.

٣- ئەگەر تەماشای ژمارەی ئەو کتێبانە بکرێت کە لە ماوەی مانگێکدا لە ڕێکخراوێکدا دەخوێنرێنەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە (٤٠%)ی ڕێکخراوەکان هیچ کتێب ناخوێننەوە و (٣٦%)یشیان تەنها یەك کتێب دەخوێننەوە.

٤- دەبینرێت کە (٣٦%)ی ڕێکخراوەکان دەڵێن، هێشتا ڕانەهاتوون بە کتێب خوێندنەوە و نەیانکردووە بە کارێکی ڕۆژانەیان. دووبارە بەپێی توێژینەوەیەکی دیکە، کە هەر لەلایەن PIAR لە ساڵی (١٩٨٢)دا ئەنجام دراوە، دەرکەوتووە (٨%)ی دانیشتووانی تورکیا هۆگری خوێندنەوەن. بەپێی ئەم ڕێژەیە، ئەو کەسانەی هۆگری خوێندنەوە بوون و بەردەوام گرنگی پێ دەدەن، نزیکەی ٤٠.٠٠٠ کەسن.

توێژینەوەیەکی دیکە نیشانی دەدات، کە (٣٧.١%)ی گەنجەکان هیچ ڕۆمان و چیرۆکێك ناخوێننەوە و ئەم ڕێژەیە لە ناوچەکانی دەرەوەی شاردا گەیشتووەتە (٥٢.٣%).

کاتێک چاومان دەگێڕین بەو کتێبخانانەی خەزێنەی زانیاریمان هەیە، دەبینین لە یەکێتیی سۆڤێتدا هەر ٢٥٤٩ کەسێک کتێبخانەیەکیان بەر دەکەوێت. بەڵام لە تورکیادا، هەر ٦٤,٠٠٠ کەسێک کتێبخانەیەکیان بەر دەکەوێت، لە بەریتانیا، هەر ٣,٥٠٨ کەسێک و لە بەلجیکاش ٤,٢٥٣ کەس کتێبخانەیەکیان بەر دەکەوێت. هەر وەک لەو نامیلکەیەی لەلایەن ڕێکخراوی کتێبەوانەکانەوە بەناوی (کتێبەوانییەکەمان لە پێنجی بوێت بۆ ٢٠٠٠)دا، ئاشکرا کراوە لە تورکیادا ٩٦٢,٠٠٠ کەس بوون بە ئەندام لە کتێبخانە گشتییەکاندا، بەمەش لە کاتێکدا لە ئێران ٧ ملیۆن و لە فەڕەنسا ٧٨ ملیۆن و لە مەکسیکیش ٣٩ ملیۆن کەس ئەندامن!

لە کتێبخانە گشتییەکانی وڵاتی تورکیادا، ١٠ ملیۆن و ٧٦ هەزار کتێب هەیە، لە بولگاریا ١٦ ملیۆن و لە فەڕەنسا ٧٨ ملیۆن و لە ڕووسیاش ٧٣٩ ملیۆن کتێب هەیە.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە لەناو خوێندکارانی زانکۆکانی تورکیا ئەنجام درا، دەرکەوت کە (٤٠%)ی گەنجەکان هەرگیز نەچوون بۆ کتێبخانە و ئەوانەشی چوون بۆ کتێبخانە، تەنها (٨%)یان بە مەبەستی کتێب خوێندنەوە چوون. کاتێک تەماشای ڕێژەی خوێندنەوەی ڕۆژنامەش بکرێت، بارودۆخەکە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە.

## نموونەیەک

لە ساڵی (١٩٩٨)دا، لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەوەی (لە هەزار کەسدا، چەند کەس ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە؟) ئەنجام درا. ئەو

ئەنجامەی لێکۆڵینەوەکە کە پەیوەندیی بە باسەکەمانەوەیە، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لە سوید ٥٧٢ کەس، لە ژاپۆن ٤٢٩، لە ئەڵمانیا ٤١٧، لە ڕووسیا ٣٨٣، لە بولگاریا ٣١٦، لە ویلایەتە یکگرتووەکانی ئەمەریکا ٢٥٥، لە کۆریای باشوور ٢٤٨، لە کوێت ٢٢٣، لە تایوان ٢٠٢ و لە کوباش ١٥٥ کەس ڕۆژنامە دەخوێننەوە. لە تورکیاش لە هەزار کەسدا، ژمارەی ئەو کەسانەی ڕۆژنامە دەخوێننەوە تەنها ٦٥ کەسن.

# 1

# ڕابردووی ئێمە وا نەبوو

باروودۆخی ئەمڕۆمان وا لەپێش چاوە، بەڵام ڕابردوومان بەم شێوەیە نەبوو. دەی هەر ئەمەشە کە مرۆڤ دڵگران دەکات. مەگەر هەر لە هەبوونەوە بۆ نەبوون، لە دەوڵەمەندییەوە بۆ هەژاری و لە پلەو پایەوە بۆ بێکاری، هۆکاری لەناوبردنی مرۆڤ نین؟ ئیتر ئەوەی ئەمڕۆ ئێمەی دڵگران کردووە، ئەم بارە جەرگسووتێنەی کۆمەڵگەکەمانە، کە ڕابردوویەکی پڕ لە زانست و ڕۆشنبیریی هەبووە.

## پێوانەی بکەن

- ژمارەی ئەو کتێبانەی لە کتێبخانەکەی (نەسیرودین توسی) کە لە (میراگا) دروستی کرد، گەیشتبووە چوار سەد هەزار کتێب. کەتەلۆگی کتێبخانەی (ڕەی)، دە بەرگی گەورەی لەخۆ گرتبوو.
- گەشتیارێك کە لە ساڵی (٨٩١)دا هاتبووە بەغداد، نووسیویەتی لە شارەکەدا زیاتر لە سەد کتێبخانەی گشتی هەیە.

- له سه‌ده‌ی ده‌یه‌مدا، له‌و کتێبخانه‌یه‌دا که (خه‌لیفه حه‌کیم) له ئه‌نده‌لوس کردییه‌وه، ژماره‌ی کتێبه‌کانی گه‌یشتبووه نیوملیۆن. وه‌ك پێوانه‌یه‌ك ده‌مه‌وێت باسی ئه‌م نموونه‌یه بکه‌م: (چارلس)ی پادشای فه‌ره‌نسا، که له‌به‌ر زانایی و هۆگربوونی به کتێب خوێندنه‌وه نازناوی (چارلسی زانا)ی پێ درابوو، به‌زۆر ٩٠٠ کتێبی دۆزییه‌وه بۆ ئه‌و کتێبخانه‌یه‌ی تازه کردبوویه‌وه.

- له جیهانی ئیسلامیدا، ڕیکۆرد ملیۆنێك و شه‌ش سه‌د هه‌زار کتێبه له‌و کتێبخانه‌یه‌ی له‌لایه‌ن خه‌لیفه عه‌زیزه‌وه له قاهیره بنیات نرا. شه‌ش هه‌زار کتێب له‌م کتێبانه له‌باره‌ی زانستی بیرکاری و هه‌ژده هه‌زاریشی له‌باره‌ی داناییه‌وه بوون.

- له ساڵی (١١٧١)دا، که ده‌سه‌ڵاتدارێتیی فاتمییه‌کان کۆتایی هات، نزیکه‌ی سه‌د هه‌زار کتێب به‌ر نووسه‌ره‌که‌ی سه‌ڵاحه‌دینی ئه‌یوبی (فازلی قازی) که‌وت. کتێبه‌کانی دیکه‌ش کرانه مه‌زاده‌وه و ده‌ست کرا به فرۆشتنیان، ئه‌مه‌ش گه‌وره‌ترین مه‌زاد بوو له مێژوودا، که ده ساڵی خایاند.

- به‌پێی گوزارشتێکی (ئیبن سینا)، که له کتێبخانه‌ی کۆشکی (سامانییه‌کان) کاری ده‌کرد، کتێبخانه‌که چه‌ندین به‌شی تێدا بووه، که هه‌ر یه‌کێکیان ژماره‌یه‌کی بێشومار ڕه‌فه‌یان تێدا بوو، که یه‌ك له‌سه‌ر یه‌ك دانراون و کۆشکێك بووه بۆ خۆی. هه‌ر به‌شێك بۆ زانستێکی جیاواز ته‌رخان کراوه، وه‌ك: زانسته ئایینییه‌کان، بیرکاری، ئه‌ستێره‌ناسی، کیمیا، یاسا، هۆنراوه، زانستی

زمان... هتد. جگە لەمانەش، لەم کتێبخانەیەدا کەتەلۆگێك هەبووە کە بە شێوەیەکی نایاب، بە پێی بابەتەکان کتێبەکانی تێدا ڕێك خراوە. ئیبن سینا دەڵێت، لێرەدا ئەو کتێبانەی بینیوە کە هیچ کاتێك لە ژیانیدا نەیبینیون.

• پزیشکێك کە بانگهێشت کرابوو بۆ لای ئەمیری ویلایەتی بوخارا، دەڵێت کە چوار سەد باری حوشتر، کتێبی لێ بووە. هەر وەك چۆن لە زۆربەی مزگەوتەکاندا کتێبخانە هەبووە، لە هەندێك شاردا کتێبخانەی گشتیش هەبووە. لە ساڵی (٩٣٠)دا لە موسڵ کتێبخانەیەك هەبووە، کە لەلایەن خێرخوازێکەوە دامەزراوە. لەوێدا قوتابییەکان دەیانتوانی نەك تەنها کتێب، بەڵکو کاغەزی پێویستیش بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. لیستی کتێبەکانی کتێبخانەی گشتیی شاری (ڕەی)، بە دە کەتەلۆگی گەورە ئینجا تەواو دەبوو.

• کتێبخانەی بەسرە، مانگانەی دەدا بەو زانایانەی لە کتێبخانەکاندا کاریان دەکرد. یاقوتی جوگرافیناس، بۆ کۆکردنەوەی پێداویستییەکان بۆ ئەو فەرهەنگی جوگرافیایەی ئامادەی دەکرد، لە کتێبخانەکانی (مەرف و خەرزەم)دا سێ ساڵی تەواو کاری کردووە.

• ئەو کاتەی مەغۆلەکان بەغدادیان ڕووخاند، ٣٦ کتێبخانەی گشتی لە شارەکەدا هەبوون. دانایەك بانگهێشتی حاکمی ویلایەتی بوخارای ڕەت کردبووەوە، کە داوای لێ کرابوو لە کۆشکەکەی ئەودا بژی، چونکە تەنها بۆ گواستنەوەی کتێبخانەکەی پێویستی بە چوار سەد حوشتر هەبووە. (ئەل وەقیدی) لەدوای خۆی، شەش سەد

سندوقی کتێبی جێ هێشتبوو، هەر یەکێك لەم سندوقانە، بەزۆر بە دوو کەس هەڵدەگیرا. لە سەدەی دەیەمدا، ژمارەی کتێبەکان لە کتێبخانەی فەرمانڕەواکانی وەك (ئیبن عەباسی ساحیب) لە ژمارەی کتێبەکانی هەموو کتێبخانەکانی ئەوروپا زیاتر بووە. جگە لە سەردەمەکەی (مینگ هوانگ)ی چینی، لە سەدەکانی هەشتەم و نۆیەم و یازدەیەمدا، لە هیچ شوێنێکی جیهاندا بەم شێوەیە شەیدایانی کتێب نەبووە.

• ئیسلامەتی، ئیتر گەیشتبووە لوتکەی ژیانی ڕۆشنبیری. لەو هەزار مزگەوتەی هەر لە قورتوبەوە تا سەمەرقەند درێژ بوویوونەوە، ژمارەی زاناکان لە ژمارەی پایەکانی مزگەوتەکان زیاتر بوون. بە قسە ڕەوانبێژییەکەیان جیهانیان دەهەژاند. ڕێگا وبانەکانی دەوڵەت پڕ بوون لەو جوگرافیناس و ئایینەوان و مێژووناسانەی، بۆ فێربوونی زیاتر بەدوای زانستدا ڕایان دەکرد.

• ئەگەر کتێبەکانی (فەخرەدین ڕازی)ی موفەسیر کۆ بکەینەوە، هێندە زۆرن ناتوانین سەریان لێ دەربکەین. تەنها ئەو بەرهەمەی لەسەر تەفسیر نووسیویەتی، دوازدە هەزار لاپەڕەیە! کاتێك هەژماریان کردووە، دەڵێن هەر ڕۆژێکی ژیانی، بە تەمەنی منداڵیشییەوە، پازدە بۆ بیست لاپەڕەی بەر دەکەوێت... سوڵتان (محمد فاتیح)یش یەکێك بوو لە گەورەپیاوانی وڵات، کە زۆر کتێبی دەخوێندەوە و کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی هەبووە.

• سوڵتان (سەلیم یاوز)، هەندێک شەو هەتا بەیانی دەیخوێندەوە و چاوی دەبوو بە گۆمی خوێن. لە ڕۆژێکدا هەشت کاتژمێر دەیخوێندەوە. لە گەشتێکیدا بۆ میسر، سێ باری هێستر کتێبی برد لەگەڵ خۆی. حەسەن جانی هاوڕێی سوڵتان (سەلیم یاوز) دەڵێت: "هیچ کاتێک کتێب لەبەر چاوی لا نەدەچوو، هەمیشە دەیخوێندەوە و ئارەزووی خەو و خواردنی نەدەکرد."

• (کاتیب چەلەبی)، هەندێک جار لەناو کتێبدا ڕۆدەچوو و لە خۆرئاوابوونەوە هەتا خۆرهەڵاتن مۆم لە ژوورەکەیدا دەسووتا و بێ بێزاربوون دەیخوێندەوە. کاتێک کتێبی (ئیبراهیم حەققیی)ی خاوەن بەرهەمی (مەعریفەتنامە)ی دەخوێندەوە، تەنانەت نانخواردنیشی لەبیر دەچووەوە. (عومەر نەصوحی)ی موفەسیری بەناوبانگی ئیسلام دەڵێت: "کە منداڵ بووم، ئەو بەرهەمانەی دەستم دەکەوتن لە ماوەی شەوێکدا تەواوم دەکردن، چاوم دەبووە گۆمی خوێن و تەندروستیم تێک دەچوو. دایکم درەنگانی شەو دەهات و شووشەی چرا داگیرساوەکانی خاوێن دەکردەوە و هەندێک جاریش دەیوت: 'ئیتر بخەوە!' و فووی لێ دەکرد."

• ئیبن ڕوشدی ئەندەلوسی، بەبەردەوامی کتێبی دەخوێندەوە. لە ژیانیدا دوو شەو هەبوو کە کتێبی نەخوێندووەتەوە تیایدا، ئەوانیش: ئەو شەوەی هاوسەرگیریی کرد، لەگەڵ ئەو شەوەی باوکی کۆچی دوایی کرد...

• (ئەل نەدیم) لەساڵی (٩٨٧)دا کتێبێکی سەرچاوەناسی بە ناوی (فهرس العلوم) نووسی، کە ئاماژەی بۆ هەموو کتێبە عەرەبییەکان (بە دانراو و وەرگێڕدراوەوە) لە هەموو لقەکانی زانستدا دەکرد و بۆ نووسەری هەر یەکێکیشیان، تێبینییەکی لەسەر بەهرە و کەموکورتییەکانی نووسیوە. دەتوانین دەوڵەمەندیی بەرهەمە ئیسلامییەکانی ئەو کاتانە بەم شێوەیە باس بکەین: ئەو کتێبانەی ئەو بەیانی کردوون و ئەمڕۆ لەبەر دەستمانایە، تەنانەت یەك لەسەر هەزاری بەرهەمەکانیش نین.

• قاهیرە و ئەسکەندەرییە و قودس و شام و موسڵ و تونس و نیشابور و چەندین شاری تر، بە قوتابخانە ئاست بەرزەکانیانەوە شانازییان دەکرد. لە ساڵی (١٠٦٤)، بەتەنها ژمارەی قوتابخانە ئاست بەرزەکانی سی دانە بوون. ساڵێك دواتر، (نیزامولمولك) یەکێکی دیکەی بە ناوی (نیزامییە)وە زیاد کرد بۆیان.

• (ئۆلگا پینتۆ)، لە مەقالەیەکیدا کە دەربارەی کتێبخانە ئیسلامییەکان نووسیویەتی، دەڵێت: "موسوڵمانەکان بۆ دابینکردنی پێداویستیی خۆیان، گرنگییەکی زۆر دەدەن بەو کتێبخانە گشتییانەی بنیادیان ناوە. لەپاڵ ئەوەدا، لە شوێنەکانی وەك: شیراز و قورتوبە و قاهیرەدا، بە شێوەیەکی تایبەت بینا بۆ کتێبخانەکان دروست کراوە. بیناکە لە چەندین ژوور پێك هاتووە، کە لە هۆڵێکی زۆر فراواندا یەك دەگرن، ڕەفەکان -بۆ ئەوەی کتێبیان تێدا هەڵبگیردرێت- لە دیوارەکاندا دروست کراون."

بەشێك لە ژوورەکان بۆ خوێندنەوە و بەشێکی تریشی بۆ چاپکردنی کتێبەکان دانرابوون. بەشێکی دیکەشیان وەك هۆڵی وانەوتنەوە بەکار دەهێنران. بەشێك لە کتێبخانەکانیش لە هەندێك باردا ژووری مۆسیقایان تێدا بووە، تا ئەو خوێنەرانەی ویستویانە ماندوێتییان بڕەوێتەوە، بچنە ئەو ژوورە. هەموو ژوورەکان بە شێوەیەکی جوان و هێمنکەرەوە پۆشتە کرابوون. زەوییەکە، بۆ ڕاگرتنی دڵی ئەو ڕۆژهەڵاتییانەی حەزیان دەکرد لە کاتی خوێندنەوە و نووسیندا لەسەر زەوی دابنیشن، بە فەرش و کومبار ڕووپۆش کرابوو. دەرگا و پەنجەرەکان پەردەی جوانیان پێوە بوو. پەردەیەکی پتەو بە دەرگای سەرەکیی کتێبخانەکەشدا هەڵواسرابوو، بۆ ئەوەی لە زستاندا ڕێگە بگرێت لە هاتنە ژوورەوەی هەوای سارد بۆ ناو ژوورەکان.

• لە سەردەمی فاتمییەکاندا ئەو بینایانەی بۆ کتێبخانەکان تەرخان کرابوون، تا بڵێی گەورە بوون. کتێبخانەیەك چل ژووری هەبووە، کە تەنها یەك ژووری هێندە فراوان بووە کە جێگەی هەژدە هەزار کتێب بووەتەوە تیایدا و کتێبی لە هەموو لقەکانی زانستدا لەخۆ گرتووە.

• (مەقدەسی)، لە زۆر لایەنەوە زانیاریمان دەداتێ، لە بارەی کتێبخانەکەی (عتود الدولە) لە شیراز. لەسەر بینا و ڕێکخستنی کتێبخانەکە بەم شێوەیە دەدوێت: "کتێبخانەکە لە ڕاڕەوێکی درێژ پێك هاتووە، کە لە هەموو لایەکییەوە ژووری پڕ لە کتێب هەیە. هەموو دیوارەکانی ڕاڕەوەکە و ژوورەکان دۆڵابی لە دار دروستکراویان تێدایە،

که به بەرزی باڵای پیاوێك و بە فراوانی سێ باڵ دەبن و دۆڵابەکان دەرگاشیان هەیە، کە لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەکرێنەوە. کتێبەکان یەك لەسەر یەك لەسەر ڕەفەکان دادەنرێن. بۆ هەر لقێکی زانست، ژوورێکی تایبەت جیا کراوەتەوە."

• ئیمامی (غەزالی) گلەیی لە سەردەمەکەی خۆی دەکرد، بە هۆی ئەوەی هەر کتێبێك لە ئەندەلوس دەنووسرا، سێ مانگ دواتر دەخرایە سەر پەڕاوەکانی شام و سکاڵای ئەوەی دەکرد، کە ئیتر مرۆڤەکان گرنگی بە سەروەت و سامان دەدەن و بەلایانەوە لە زانست لەپێشترە. لە سەردەمی ئیمامی غەزالیدا، یەکێك لە دەوڵەمەندترین کتێبخانەکانی ئەو سەردەمە، کتێبخانەی زانکۆی سۆربۆن بووە، تەنها ١٣٠٠ بەرگ کتێبی لێ بووە.

• زانست بە شێوەیەك ڕەواجی هەبوو، کە (جاحظ)ی شەیدای کتێب لەبەر ئەوەی پارەکانی بەشی کڕینی کتێبەکانی نەدەکرد، بە کرێ لە کتێبخانەکاندا کاری دەکرد و شەوان دەرگاکەی قفڵ دەکرد و تا بەیانی کتێبی دەخوێندەوە. (جاحظ)، کە بۆچوونەکانی بڵاو دەبوونەوە و بە ئامانجەکانی خۆی گەیشت، مردنەکەیشی هەر وەك ژیانی بوو. ئەو بەوە ڕاهاتبوو لەنێوان ئەو کتێبانەدا دابنیشێت، کە بە دەوری خۆیدا وەك دیوار لەسەر یەك ڕیزی کردبوون. ئەوە بوو کاتێك نەخۆش کەوتبوو، کتێبەکان کەوتبوون بەسەریدا و کۆچی دوایی کردبوو.

• موسـولمانەکان لە سـالّی (٧١٢)دا، لەدوای دەستبەسەرداگرتنی سەمەرقەندا، لە چینییەکانەوە فێری دروستکردنی کاغەز بوون. لە جیهانی ئیسلامیدا، یەکەم کارگەی دروستکردنی کاغەز لە ساڵی (٧٩٢)دا، لەلایەن (فازڵ)ی کوڕی وەزیری (هاروونە ڕەشید) لە بەغداد کرایەوە. هونەری دروستکردنی کاغەز، لەلایەن عەرەبە موسوڵمانەکانی سەقلییە و ئیسپانیاوە هێنرا، لەوێشەوە بە ئیتاڵیا و فەرەنسادا ڕۆیشت. کاغەز لە چین لە ساڵی (١٠٥)، لە مەککە لە ساڵی (٧٠٧)، لە میسر لە ساڵی (٨٠٠)، لە ئیسپانیا لە ساڵی (٩٥٠)، لە ئەستەنبوڵ لە ساڵی (١١٠٠)، لە سەقلییە لە ساڵی (١١٠٢)، لە ئیتاڵیا لە ساڵی (١١٥٤)، لە ئەڵمانیا لە ساڵی (١٢٢٨) و لە بەریتانیاش لە ساڵی (١٣٠٩)دا دەست کراوە بە بەکارهێنانی.

• ئەوروپا، ٥٠٠ ساڵ لەدوای جیهانی ئیسلامییەوە کاغەزی ناسیوە. لە سەردەمێکدا کە بەغداد زیاتر لە سەد کتێبخانەی هەبووە، کاتێك لە شارێکی بچووکی وەك نەجەفدا کتێبخانەیەکی چل هەزار کتێبی هەبووە و لە غەرناتە ٧٠ کتێبخانەی گشتی هەبووە و لە قورتوبەدا کتێبخانەیەکی لێ بووە ٦٠٠.٠٠٠ بەرگ کتێبی تێدا بووە، کە تەنها کەتەلۆگی کتێبەکان ٤٤ بەرگ کتێب بووە. (ساینت ڤێرسن) کە گەورەترین کتێبخانەی ئەوروپا بووە، ١١ هەزار کتێبی تێدا بووە و لە (ساینت گۆڵ)یشدا تەنها ٤٠٠ کتێب هەبووە.

• لە مێژوودا، کتێبخانە وەك ئامرازێکی ڕۆشنبیری و ناوەندی بڵاوکردنەوەی کتێب و وەك سەنتەری ڕۆشنبیری، بۆ یەکەم جار و بۆ

ماوەیەکی درێژ، تەنها لە جیهانی ئیسلامیدا هەبوون. لە سەدەی دەیەمدا، لە جیهانی ئیسلامیدا کتێب فرۆشتن بووەتە پیشەسازی. پەڕاوگەگەری، خەتخۆشی، بەرگ تێگرتن و دیزاینکردن، تەنها کەمێکن لەو هونەرانەمان، کە شارستانێتیی کتێب هێناونییەتە کایەوە.

• دکتۆر (سیگرید هونك)، نووسەری کتێبی (ئەو خۆری ئیسلامەی بەسەر ئەورووپادا هەڵهات) دەڵێت: "خۆشەویستیی کتێب تایبەت نییە بە زاناکانەوە، بەڵکو هەر کەسێك فێری خوێندنەوە بووبێت، هەر لە گەورەپیاوانی دەوڵەتەوە هەتا ڕەژووکاران، لە قازییەوە هەتا بانگبێژ، خوێنەرێکی باشی کتێبن. ئەو کەسەی خاوەنی کتێبخانەیەکی پڕ لە کتێبی نایاب و هەمەجۆر و بەنرخ نەبێت، لێی نایەت پێی بوترێت دەوڵەمەند."

• (فەخرەدین موبارەکشا)ی مێژووناسی بەناوبانگ، لە میوانخانەکەیدا کتێبخانەیەکی جوانی بۆ خوێندەوارەکان و تاقمێکی شەترەنجیشی بۆ نەخوێندەوارەکان دانابوو. لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانییەکاندا، کە لە هەموو مزگەوتێك و لە هەمووماڵێکدا کە خوێنەوارێکی تێدابووبێت، کتێبخانەیەك هەبووە. نزیکەی ٧٦٣ کتێبخانە هەبوون، کە بەپێی بڕیاری (توحید التدریسات) کە لە ساڵی (١٩٢٤)دا دەرکرا، هەموو ئەمانە لە ناوەندێکی دیاریکراودا کۆ کرانەوە. لەدوای (کودەتای حەرف)ی ساڵی (١٩٢٨)یشدا، کتێبخانەکان و بەتایبەتیش کتێبخانە کەسییەکان، تاڵانی و پەرتەوازە کران بۆ ئەوەی شوێنەواریان نەمێنێتەوە.

- بەپێی باسێکی حافز سەخاوی (ئەبو ئەیوب سلێمان کوڕی داود شازکونی) کە لە ساڵی (٢٣٤) لە ئەسفەهان کۆچی دوایی کردووە و یەکێك بووە لە حافزە گەورەکان، دەڵێت لەدوای مردنی شازکونی، لە خەونیدا دەیبینێت و لێی دەپرسێت: "خودا چۆن مامەڵەی لەگەڵدا کردیت؟" شازکونیش لە وەڵامدا دەڵێت: "لە من خۆش بوو." کاتێکیش لێی پرسی: "بە کام کردارەت؟" ئەویش وتوویەتی: "لە نزیکی ئەسفەهانەوە بووم کە لەبەر باران ڕێم لێ گیرا و چەند کتێبێکیشم پێ بوو، نەمتوانی بچمە ژێر شتێکەوە تا لە تەڕبوون بمپارێزێت، بۆیە هەتا بەیانی کە بارانەکە خۆشی کردەوە، خۆم نوشتاندبووەوە بەسەر کتێبەکانمدا تا تەڕ نەبن. خوای گەورەش بەم هۆیەوە، لەناو ئەوانەی دیکەدا لە من خۆش بوو."

- هەموو کاتێك کەسانێك هەبوون وابەستەی کتێب بوون، بەڵام هەشمانە وەك (جەمیل مەریچ) کە لەڕادەبەدەر وابەستەی کتێب بووە. (سەڵاح بیرسەل) بەم شێوەیە باسی شەیدابوونی (جەمیل مەریچ) بۆ کتێب خوێندنەوە دەکات:

"زمانی فەڕەنسی زۆر باش دەزانی و بە شەو و بە ڕۆژ دەیخوێندەوە. بەو هۆیەشەوە هەموو ڕۆژێك چاوی کەمێك کز دەبوو. بەڵام ئەو ئەمانەی بەلاوە گرنگ نەبوو، کورسییەکی دەخستە سەر مێزی ژوورەکەی و خۆیشی دەچووە سەر کورسییەکە و لە دووری ٣٠ سانتیمەتر لە گڵۆپەکەوە کتێبی دەخوێندەوە.

بۆیە ئەمەی دەکرد، لەبەر ئەوەی پارەی نەبوو گلۆپەکەی تا خوارەوە پێ درێژ بکاتەوە. هۆکاری ئەو بێ پارەییەشی ئەوە بوو، کە هەموو ئەو پارەیەی دەستی دەکەوت، دەیدا بە کتێب."

ئامانجمان لە باسکردنی ئەمانە، ئاسوودەکردنی خۆمان نییە بە شانازیکردن بە زانست و مەعریفەتی ڕابردوومانەوە. بەپێچەوانەوە، وەبیرهێنانەوەی ئەو بەرپرسیارێتییەی سەرشانمانە، وەك نەوەیەکی ئەو مرۆڤانەی لەو هەلومەرجەدا هێندە بایەخیان بە پەروەردە داوە. ئەگەر نا، ئەمە شەرمەزارییەکە نەك شانازیکردن.

# 3

# هۆکارەکانی کەم خوێندنەوەمان چین؟

لە پۆلدا لەگەڵ خوێندکارەکانم باسی ئەم بابەتەمان دەکرد. بیر و بۆچوونەکانی دووان لە خوێندکارەکانم سەرنجڕاکێش بوون.

یەکێك لە خوێندکارەکانم وتی: "لە کەم خوێندنەوەی کتێبدا ئێمە تاوانبار نین، چونکە ئێمە فێری خوێندنەوە نەکراوین و ڕووبەڕووی کەسانێکیش نابینەوە، کە خوویەکی ڕێکوپێکی خوێندنەوەیان هەبێت. نزیکترین کەسیشمان کە دایك و باوکمان و مامۆستاکانمانن، ڕەفتارێکی وایان نیشان نەداوین کە ببنە نموونە و فێری خووگرتن بە خوێندنەوەمان بکەن. واتە، ئێمە منداڵی ئەو دایك و باوکەین و قوتابیی ئەو مامۆستایەین، کە زۆر کەم دەخوێننەوە. لە کاتێکدا ئەمە حاڵمانە، دەکرێت چاوەڕێی ئەوەمان لێ بکرێت خوو بە خوێندنەوەوە بگرین؟ "

دووەم خوێندکاریش ئەمانەی وت: "دەوڵەت ستراتیژییەکی نییە بۆ خوێندنەوە. دەڵێیت هەوڵ بۆ نەخوێندنەوە دەدرێت. بیر بکەنەوە، ڕۆژنامەکان و کتێبەکان گرانن، کتێبخانەکان کەمن. ئەگەر هەشبن،

بەسوود نین و نەبوونەتە هاندەر بۆ هاوولاتیان. جگە لە هەندێك لە ڕێکخراو و شوێنە خێرخوازییەکاندا، خوێندنەوە و هاندەرێکی جددی بۆ خوێندنەوە بوونی نییە. ئەی ئەو کەسانەی باری ئابووریان باش نییە، لەکوێ کتێب بکڕن و بیخوێننەوە؟ پێویستە وەك خوێندکارێك، هەر لە قۆناغی بنەڕەتییەوە فێری خۆشەویستیی خوێندنەوەمان بکەن. وەك ئەوەی ئەمەش نەکراوە، ئێستا دەشڵێن: 'دەخوێنیتەوە تا ببیت بە چی؟ بێکارێکی بڕوانامەدار؟' دەبوو لەباتی ئەوەی خوێندنەوەمان وەك دەرگای نان پەیداکردن نیشان بدرێت، باسی ئەو دەستکەوتانەمان بۆ بکرایە، کە وەك تاك لە ئاکامی خوێندنەوە بەدەستیان دەهێنین. هەروەها ئەو کەسانەشی پارەیان زۆرە، لە هەموو شوێنێکدا لە سەروو خوێنەرەکانەوەن."

گرنگیدان بە بابەتەکانی وەك؛ لێکۆڵینەوە، زانست و تەکنەلۆجیا، ڕۆشنبیریی گشتی و پارێزگاریکردن لە بەهاکان و گواستنەوەیان بۆ نەوە نوێیەکان، بە خوێندنەوەی بەردەوام و ڕێکوپێك بەدەست دێت. ئەگەر کتێب خوێندنەوە ئەوەندە گرنگە، بۆچی (ڕاهاتن لەسەر خوێندنەوە) نەگەیشتووەتە ئاستی پێویست؟ ئەمەش بەگشتی سێ هۆکاری هەیە:

١- ئەو کێشانەی، کەرەستەکان هۆکاریانن.

٢- ئەو کێشانەی، خوێنەرەکان هۆکاریانن.

٣- هۆکارەکانی دەرەوەی ئەمانە؟

## ١- ئەو کێشانەی، کەرەستەکان هۆکاریانن:

أ. نەبوونی کتێبی سەرچاوەی پێویست.
ب. ئامادەکردنی بڵاوکراوەکان بە مەبەستی بازرگانی.
ت. نەبوونی ناوەندی پێویست لەناو بازاڕدا.
پ. نەبوونی ناوەندی نایاب.
ج. نەبوونی نووسەری ئاست بەرز.
ح. تەواو نەناساندنی بڵاوکراوەکان.
خ. نەبوونی کتێبخانەی پێویست.
د. نەبوونی کتێبفرۆشی پێویست.
ژ. دژواری لە گەیشتن بە کتێبخانەکاندا.
ر. کێشەی زمانەوانیی کەرەستەکانی خوێندنەوە.

## ٢- ئەو کێشانەی خوێنەرەکان هۆکاریانن:

أ. کەسەکە حەزی لە خوێندنەوە نییە.
ب. خوێندنەوە کەسەکە ماندوو دەکات.
ت. باوەڕی وایە، کە خوێندنەوە بەپێی پێویست سوودی پێ ناگەیەنێت.
پ. هەوڵی پێویست نادات بۆ ڕاهاتن لەسەر خوێندنەوە.
ج. حەزی لە بیرکردنەوە نییە.

ح. بیر لەوە دەکاتەوە، ئەوانەی دەخوێننەوە باری ئابوورییان نەگۆڕاوە.

خ. خوێندنەوە بە بێترخ دەبینێت.

د. کاتێك دەخوێنێتەوە، کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەورووبەرەکەیدا دروست دەبێت.

ڕ. باوەڕی وایە، ئەگەر نەشخوێنێتەوە هەر سەرکەوتوو دەبێت.

ر. خوێنەر تەمبەڵی دەکات لە خوێندنەوەدا.

ز. بۆ کتێب کڕین، باری ئابووری بە گونجاو نابینێت.

س. کاتی پێویستی نییە.

بەپێی توێژینەوەیەکی بەشی ئەدەبیاتی زانکۆی (هاجێت تەپە)، حەزنەکردنی گەلەکەمان لە خوێندنەوە، لە پێنج ماددەدا کورت کراوەتەوە:

١- بنەما هاندەرەکانی خوێندنەوە، لە پێکهاتەی کلتووری و دابونەریتی کۆمەڵگەکەماندا تا بڵێیت کەمن. خوێندنەوە نەبووە بە بەشێك لە سروشتی ژیانی کۆمەڵگەکەمان و ئەو کەسەشی دەخوێنێتەوە، گرنگییەکی زۆری پێ نادرێت. بۆ چارەسەرنەکردنی کێشەکانیش لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، تاکە ڕێگەی خوازراو فێڵبازییە.

٢- سیستمی پەروەردەیی وڵاتەکەمان، دوورە لەو تایبەتمەندیانەی وا لە خوێندکاران دەکەن بە خوێندنەوەوە ڕابێن.

٣- فشار و قەدەغەکارییە شاراوە و ئاشکراکانی سەر بەرهەمە فیکرییەکانی وڵاتەکەمان، یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی ئەم بارودۆخە.

٤- کتێبخانەی خوێندنگەکان و کتێبخانە گشتییەکان دوورن لە تایبەتمەندیی هاوچەرخ و بەپێی پێویست، سەردەمییانە نین. بۆیە دەبنە بەربەست، لەبەردەم خواستی خوێندنەوەدا.

٥- ئەو هەوڵانەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەدرێن، پەرتەوازە و ناتەواون و لە تێڕوانی سیاسی دەسەڵاتی دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی دیکەوە دوورن. ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە، کە شایەنی گرنگیپێدانە.

## نموونەیەك

لە لێکۆڵینەوەیەکی بچووکدا، کە لەنێوان خوێندکارەکانی خۆمدا ئەنجامم دا، لە فاکەڵتی پەروەردەی (کرشەهیر)، لە ساڵی خوێندنی (٢٠٠١-٢٠٠٢) لەنێوان ٢٠٠ خوێندکاردا، لەبارەی هۆکارەکانی کەم خوێندنەوەوە، ئەنجامگەلێکی جێی بایەخ سەبارەت بە (هۆکارەکانی نەخوێندنەوە یان کەم خوێندنەوە) دەرچوون. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە، کە سەبارەت بە (هۆکارەکانی کەم خوێندنەوەی خوێندکاران) ئەنجام درا، لە پەنجا ماددەدا کۆ کرایەوە. هەندێك لەمانە بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

١- پەروەردەی خوێندن لە ئاستی پێویستدا نییە.

٢- چەکەرەنەکردنی حەزی خوێندنەوە.

٣- بنیادنەنانی چێژی خوێندنەوە.

٤- هۆگرنەبوونی خێزانەکان بە خوێندنەوەوە.

٥- نیشاننەدانی خوێندنەوە، وەك پێویستییەکی سروشتی.

٦- پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکان بە کۆمەڵە شتێکی دیکە، لەبری خوێندنەوە.

٧- پەرۆشنەبوون بۆ خوێندنەوە.

٨- پەروەردەکارەکان نەبوونەتە پێشەنگ بۆ خوێندنەوە.

٩- سووربوون لەسەر بەدەستهێنانی پارە، بووەتە بەربەست لەپێش خوێندنەوەدا.

١٠- گرانیی گۆڤار و کتێبەکان.

١١- پاڵپشتینەکردنی ئەو کەسانەی دەیانەوێت ببنە هۆکار، بۆ دەوڵەمەندکردنی ئاستی ڕۆشنبیری.

١٢- کتێبخانەکان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش دیزاین نەکراون.

١٣- گرنگیدانی سیستمی پەروەردە و خوێندن بە بنەمای (ئەزبەرکردن)، لەبری (خوێندنەوە و شیکردنەوە).

١٤- نیشاننەدانی ڕێز و گرنگییەکی پێویست، بەرامبەر ئەو کەسانەی زۆر دەخوێننەوە لە کۆمەڵگەدا.

١٥- نرخی کتێب و ڕۆژنامەکان، لە سەروو توانای تاکەوەیە. ئەگەر لەبەر تاکە هۆکارێکیش نەبێت، گشتاندنی لەگەڵ هۆکارەکانی دیکە شایەنی گرنگیپێدانە.

هەر وەك دەبینرێت، هۆگرنەبوون بە كتێب خوێندنەوەوە دوو هۆكاری بنەڕەتیی هەیە:

١. دەوڵەت سیاسەتێكی كاریگەر و پتەوی نییە، سەبارەت بە (هاندان بۆ كتێب خوێندنەوە.)

٢. لە سیستەمی پەروەردەییماندا، هەوڵێكی چڕ و بەردەوام و بەرنامە نەدراوە بۆ خوێندنەوە. ئەگەر هەشبێت، لەگەڵ هەلومەرجی ڕۆژانەدا ناگونجێت و پێویستییەكانی هاووڵاتییان بە باشی پڕ ناكاتەوە.

بۆ ئەوەی هاندەر و پێشەنگ بین بۆ خوێندنەوە، بە پلەی یەكەم ئەرك دەكەوێتە سەر دایك و باوك و مامۆستاكان.

# چیرۆکێک

## جوانیی ئیزرائیل

کاتێک لە نەخۆشخانەی شێرپەنجەدا پزیشک بووم، نەخۆشێکی گەنجم بە ناوی (سەراب) هەبوو. ئەم نەخۆشە دووچاری شێرپەنجەی مەمک بووبوو. هەر چەندە دەیویست بۆ وەرگرتنی چارەسەر بچێتە دەرەوەی وڵات، بەڵام لەبەر هەندێک هۆکاری تایبەت نەیدەتوانی. من بە گرنگییەکی زۆر و بەتایبەتی چاودێریی سەرابم دەکرد. پاش ماوەیەکیش بینیم کە بە پشتیوانیی خوای گەورە، بەرەو باشبوون دەڕۆیشت. بەڵام وەک هەموو نەخۆشەکانی دیکەی شێرپەنجە، پێویست بوو سەرابیش ئەو پێنج ساڵەی سەرەتای بە وریاییەکی زۆرەوە بەڕێ بکات. سەراب، کە خانمە بازرگانێک بوو، دوای چوار ساڵ بۆ مەبەستی کارەکەی، ویستی بچێت بۆ ئیزمیر.

لەبەر ئەوەی لە مانگەکانی زستاندا بوو، بەو مەرجە ڕازی بووم بچێت، کە بە فڕۆکە بڕوات. بەداخەوە بلیتی دەست نەکەوتبوو و بێ ئاگاداریی من بە پاس ڕۆیشتبوو و لەوێدا دووچاری ڕووداوی هاتوچۆ بووبوو و بۆ ماوەی شەش کاتژمێر لەناو ئەو بەفرەدا مابوویەوە. ماوەیەکی کورت لەدوای گەڕانەوەی، شێرپەنجەکەی بەنێو ئێسک و سییەکانیدا بڵاو بووبوویەوە. سەراب بە هۆی شێرپەنجەی

ئێسکەکانییەوە نەیدەتوانی بەڕێدا بڕوات، لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی ئەوەی شێرپەنجەکە گەیشتبووە سییەکانی، دەبووایە بەبەردەوامی ئامێری ئۆکسجین بەکار بهێنێت و ناچار بوو لەدوای هەر وشەیەك، دووبارە دەمی بنێتەوە بە ئامێرەکەوە بۆ ئەوەی هەناسە بدات.

ئەو ڕۆژەی ڕۆییشتم بۆ مالّیان، بەزۆرلەخۆکردنەوە پێی وتم: "جەنابی پزیشك، من لێت زویرم."

- بۆچی؟

- بەڕێزت کەسێکی خواناسیت، بۆچی باسی خودا و مردن و ڕۆژی دواییم بۆ ناکەیت؟

لەبەر ئەوەی دەمزانی باوەڕی بە ئایین لاواز بوو، کاتێك ئەم داواکارییەم بیست سەرم سوڕما، بەڵام بۆ ئەوەی دڵی نەیەشێت پێم وت: "گەیشتن بە پزیشکەکان ئاسانە، چونکە هەر ئەوەندە پارەت دا، ئەو چارەسەرە وەردەگریت کە دەتەوێت، بەڵام بۆ چارەسەری باوەڕ، دەبێت لە دڵەوە بیخوازیت..."

لەبەر ئەوەی بواری قسەکردنی زۆر نەبوو، سەری ڕاوەشاند وەك بڵێی: "من ئێستا هەست بەو داخوازییە دەکەم." ئیتر لەگەڵ چارەسەرکردنێکی پزیشکیی بێهیواییانە، دەستی کردبوو بەو وانە ئیمانییانەی ڕەچەتەی ژیانی هەتاهەتایی و بەختەوەرین. لەبەر ئەوەی سەراب لە کۆتا ڕۆژەکانی ژیانیدا بوو، ئەمانە بووبوونە فێرکردنێکی خێراکراو بۆی. بە دڵ و بە گیان گوێی لەو ڕاستییانەی ئیمان دەگرت، کە بۆم باس دەکرد و لەو نێوانەشدا پرسیاری دەکرد.

کاتێک هەفتەیەکی مابوو بۆ مردنی وتی: "جەنابی پزیشک، من پێویستە چی بڵێم کاتێک دەمرم؟"

وتم: "بارودۆخەکەی تۆ زۆر هەستیارە، شایەتومانهێنان بۆ تۆ درێژە، هەر کاتێک هەستت بەو ساتە کرد، تەنها بڵێی خودا، ئەوەندە بەسە."

ئەو، بەو بارودۆخەیەوە بە زەردەخەنەوە دووبارە سەری ڕاوەشاند. لەبەر ئەوەی زۆر ئازاری دەچەشت، بەبەردەوامی مۆرفینمان بۆ دەکرد و هەوڵمان دەدا بیخەوێنین. من بە هۆی سەفەرێکەوە، بۆ ماوەیەک نەمتوانی سەردانی بکەم. کاتێک گەڕامەوە، پەیوەندیم بە دایکییەوە کرد و لە بارودۆخیم پرسی، وتی: "سەراب یەک هەفتەیە ڕێگە نادات مۆرفینی بۆ بکەین، هەتا بەیانی دەناڵێنێت و ئازار دەچێژێت."

دەستبەجێ ڕۆیشتم بۆ ماڵیان و لێم پرسی: "بۆچی ڕێگە نادەیت دەرزییەکەت بۆ بکەن." ئەو وەڵامەی وەرم گرت، هەتا ئێستاش لەبیرمە و هەر کاتێکیش بیرم دەکەوێتەوە ڕادەچڵەکێم. سەراب وتی: "ئەی ئەگەر بە هۆی کاریگەریی مۆرفینەکەوە خەوم لێ بکەوێت و لە دوا هەناسەمدا نەتوانم ناوی خودا و پێغەمبەر بهێنم؟"

سەراب، خانمێکی لەو شێوەیە بوو. پاشان داوای لێ کردم لەو ماوەیەدا دوعای ئیستیخارەی بۆ بخوێنم و ئەگەر چەند ڕۆژێکی دیکەی مابێت لە تەمەنی، بۆ ئەوەی لە کۆتا ڕۆژیدا بەئاگا بێت مۆرفینی بۆ نەکەم. سەرەڕای ئەوەی هیچ کاتێک ئەمە لە بەرنامە و خووی مندا نەبووە، ئەو شەوە کە بەیانییەکەی هەینی بوو، دوعای

ئیستیخارەم بۆ خوێند. هەستم بەوە کرد کە دەتوانێت تا چەند ڕۆژێکی تر بژی، بۆ ڕۆژی دواتر پێم وت: "هیچ مەترسە، دەتوانیت دەرزییەکە بکەیت."

سەراب بەو نیگایانەی کە نیشانەی ماڵئاواییان پێوە دیار بوو، کۆتا پرسیاری کرد: "جەنابی پزیشک، ئیزرائیل چۆن دێتە پێش چاوم؟"

- کچەکەم، مەگەر ئەو فریشتە نییە؟ هیچ مەترسە، زۆر بەجوانی دێت بۆ لات.

ڕۆژی سێشەممە، کاتێک هەواڵی خراپبوونی بارودۆخیم پێ گەیشت، دەستبەجێ ڕۆیشتم بۆ ماڵیان، بەڵام فریا نەکەوتم لە دوا ساتەکانی ژیانیدا ببینم و گیانی سپاردبوو. خێزانەکەی حاڵیان زۆر خراپ بوو. تەنها خانمێکی خزمیان، کە تەماشای سەرابی دەکرد و ڕامابوو، کاتێک منی بینی هات بۆ لام و پێی وتم: "جەنابی پزیشک، دەزانی چی؟ کەمێک پێش ئێستا لەم ماڵەدا موعجیزەیەک ڕووی دا. سەراب کاتژمێرێک لەمەوپێش ئامێری هەناسەدانەکەی فڕێ دا و سەرەڕای ئەوەی وترابوو هەستانی لەسەر جێگەکەی مەحاڵە، بەڵام ئەو هەستا و دەستنوێژی گرت و دوو ڕکات نوێژی کرد. هەموو ئەندامانی خێزانەکە سڕ بووبوون لە سەرسوڕماندا. کەمێک پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات، پاش شایەتمانهێنانی، وتی: 'بە جەنابی پزیشک بڵێن، ئیزرائیل زۆر لەوە جوانتر بوو کە ئەو وتی.'"

**خالوق نورباقی**

# بەشی پێنجەم

##ماڵەکەتان بکەن بە قوتابخانەیەك

# نامەیەك

مامۆستای خۆشەویستم، باوكی دوو منداڵم، هەردووكیشیان كوڕن. یەكێكیان لە قۆناغی بنەڕەتییە و ئەوی دیكەیان لە دواناوەندییە... بۆچی منداڵەكان دەچن بۆ خوێندنگە؟ مەگەر بۆ فێربوونی هەڵسوكەوت و ڕەوشتی جوان و پەروەردەیان نییە؟ بەداخەوە مامۆستا، دەڵێی منداڵەكانمان بۆ لەدەستدانی ڕەوشت و پەروەردەیان دەڕۆن بۆ خوێندنگە! ناتوانین لە یەكتر تێبگەین. هەموو ڕۆژێك دووچاری گرژی و دەمەقاڵێ دەبین.

هێشتا بەم تەمەنەوە دەستیان كردووە بە جگەرەكێشان. كاتێك دێنە ماڵەوە، سەعیكردن هەر نییە..

تاكە شتێك ئەوان پێوەی سەرقاڵن، تەلەفزیۆن و گۆرانییە. هاوڕێكانیان وەك خۆیان بێسەرەوبەرەن. من نازانم چی بكەم. هەر لەبەر ئەمەشە، جگە لە دەمەقاڵێ و شكاندنی دڵی یەكتر، هیچ شتێك ناكەین.

پێویستە چی بكەم و لەكوێوە دەست پێ بكەم؟ ڕێگەیەكم نیشان بدەن.

**داود چیلەك**

## پێشنیارێك

ئەگەر منداڵەکان، چـواردەور و هاوڕێکانیـان بـاش نەبـن، ئەنجامەکەیـان هەر ئەمە دەبێـت. دایـك و باوکەکـان هەمـوو ڕۆژێك لەناو ئەم جۆرە کێشانەدا، ئازارێکی سەخت دەچێژن.

پەروەردەی منداڵ لە ماڵەوە دەست پێ دەکـات. ئەمەش دەبێت لە سـەرەتای تەمەنەوە دەستی پـێ بکرێـت، تـا بەر لەوەی کار لە کار بترازێـت، بتوانرێـت منـداڵەکە کـۆنترۆڵ بکرێـت. تـاکە ڕێـگە بـۆ پاراسـتنی منـداڵ لە مەترسـییە نەرێنییەکـانی هـاوڕێ و دەوروبەر، بـریتییە لەوەی مـاڵ بکرێت بە قوتابخانە. هەر وەك دەزانین یەکێك لە گرنگترین ئەرکەکانی قوتابخانەش، خۆشەویستکردنی خوێنـدنە لای منداڵ.

کاتێك دەڵێین: "بـا ماڵەکانمـان بکەیـن بە قوتابخـانە"، مەبەستمان ئەوەیە، خوێنـدن خۆشەویسـت بکرێـت لەلای منـداڵەکانمان. ئەگەر نـا، نـاڵێین وەك دایـك و باوکێـك لە ماڵەوە ڕۆڵـی (مامۆسـتا) بگێـڕن. بـۆ ئەوەی منـداڵەکانتان هەمیشە لەبەر چاوتانـدا ڕابگـرن و ڕێـگە بە ڕۆیشـتنیان بـۆ ژینگەیەکـــی زەرەرمەنـــد نەدەن، پێویســـتە ڕێگاکـــانی بەسەربردنی کاتێکی خۆش لەگەڵ منداڵەکاندا بدۆزنەوە.

## پابەند بن:

١- وەك دایك و باوك پێویستە لەبارەی پەروەردەكردنی منداڵەوە بە كتێب خوێندنەوە و سەردانكردنی پەروەردەكارەكان خۆتان پێبگەیەنن. ئەم كارە دەبێت بەدانایییەوە بكرێت، چونكە پەروەردەی پەرتەوازە و هەڕەمەكی سەركەوتوو نابێت.

٢- بەپێی ویستی منداڵەكانتان، ژوورەكەی بۆ بڕازێننەوە و ئەو پەیامەی پێ بگەیەنن كە لە ماڵەكەدا ماف و بەرپرسیارێتیی هەیە.

٣- لانی كەم لە هەفتەكەدا، ڕۆژێك لەگەڵ ئەندامانی خێزانەكەدا بكەن بە ڕۆژی خێزان. لەو ڕۆژەدا میوانداریی خۆتان بكەن و بە گرنگیپێدانێكی زۆرەوە گوێ بۆ منداڵەكانتان بگرن. ئێوە هەرچەندە گرنگی بەوان بدەن، ئەوانیش بە هەمان ئاست ڕێز لە ئێوە دەگرن.

٤- عیبادەتەكانتان پێكەوە ئەنجام بدەن، با منداڵەكان لەسەر ئەو كەشە مەعنەوییە ڕابێن.

٥- پێویستە لە ماڵەكەتاندا بەرنامەیەكی خوێندنەوە هەبێت. با منداڵەكان ئەركەكانی قوتابخانەیان تەواو بكەن و ئەو بەرنامە تەلەڤزیۆنییانەی دەیانەوێت تەماشایان بكەن و دواتریش لەگەڵ دایك و باوكیاندا ئەو كتێبانەی پێشتر دەستنیشانیان كردووە بخوێننەوە، پاشان ئەو شتانەی لێی تێگەیشتوون بۆ یەكتری باس بكەن. ئەگەر منداڵەكانتان تێڕوانینێكی بێبنەما و پووچیشیان هەبێت، بەرز بینرخێنن و بەپێكەنینەوە بە سووك تەماشایان مەكەن.

٦-   با هەر تاکێکی ماڵەکە کتێبی خوێندنەوەی هەبێت. خەڵات بدەن بەو کەسەی کە زۆرترین دەخوێنێتەوە و کتێب خوێندنەوەکەتان سەرنجڕاکێش دەربخەن.

٧-   منداڵەکانتان بەرن بۆ کۆنفڕانس و ڕۆژی واژۆ و پێشانگاکانی کتێب. بیانناسێنن بە نووسەرەکان و هەوڵ بدەن خۆشی و تامی جیهانی کتێب و خوێندنەوەیان پێ بچێژن. تەنانەت هانیان بدەن بۆ ئەوەی نامە بنێرن و قسە بکەن لەگەڵ ئەو نووسەرەی خۆشیان دەوێت.

٨-   پێکەوە لەگەڵ منداڵەکانتان بەشداری ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانە بکەن، کە لە چواردەورتان ئەنجام دەدرێن. بەم شێوەیە منداڵ حەزی لە خوێندنەوە دەبێت.

٩-   ڕێگەیەکی دیکەی گۆڕینی ماڵەکانتان بۆ قوتابخانەیەك، ئەو ژینگەیەیە کە منداڵەکەتان کۆششی تێدا دەکات. بەپێی خواست و ئارەزووی منداڵەکە، ژوورەکەی ڕەنگ بکەن. ئەو مێزەی بۆ هەڵبژێرن کە خۆی دەیەوێت. ئەو کتێبخانەیەی بۆی دەکڕن، با ئەو شێوەیە بێت کە خۆی حەزی لێیەتی. لەبەر ئەوەی ئەو شوێنەی سەعی لێ دەکات، چەندێك بەدڵی بێت، بەو ئەندازەیەش ویستی لەسەر سەعیکردن دەبێت.

١٠- کتێبخانەیەکی جوان لە ماڵەوە دروست بکەن و ئەو کتێبانەی تێدا دابنێن، کە پێویستە لەبەر دەستدا بن. ئەوەش بزانن کە منداڵەکان دڵیان بەو کتێبانە خۆشە، کە لەگەڵ ئەواندا دەگونجێت.

١١- بەرنامەی پەروەردەیی بکەنە ناو کۆمپیوتەری منداڵەکانتانەوە، بەڵام ئاگادار بن، دەبێت ئەم کارە بە چاودێریی خۆتان ئەنجام بدرێت.

١٢- میوانداریی ئەو کەسانە بکەن کە بەڕێزن و وتە و بۆچوونەکانیان کاریگەرن. بە منداڵەکانتانی بناسێنن، چونکە منداڵەکانتان بەو کەسانە کاریگەر دەبن، کە بەلایانەوە گرنگن و سوودی زیاتر لە بۆچوونە بەسوودەکانیان وەردەگرن.

١٣- منداڵەکەتان زۆر بەباشی بناسن. بەزۆر شتێکیان پێ ئەنجام مەدەن، بەڵکو خۆتان ئەنجامی بدەن و ببن بە نموونە بۆیان. لەبیرتان نەچێت ئەگەر دەتانەوێت ئەوان کتێب بخوێننەوە، ئەوا پێویستە سەرەتا خۆتان ئەم کارە بکەن.

# 1

# کتێبخانەیەک لە ماڵدا دروست بکەن

دەبێت زۆر بەباشی بزانرێت کە خۆشەویستیی خوێندنەوە دەبێت بکرێتە نەریت و خووی خێزانی. منداڵ دەبێت خوێندنەوە ببینێت و تیایدا بژی و هەست بە گۆڕانکارییەکانی بکات. ئەگەر خوێندنەوە بەشێک نەبێت لە ژیانی ڕۆژانەی خێزانێک، ئەوا ئەگەری زۆرە کە منداڵەکانیش نەخوێننەوە. چونکە خۆشەویستیی خوێندنەوە بە سەپاندن نابێت، خوێندنەوە شتێک نییە فێر بکرێت، بەڵکو دەبێت تیایدا بژین. یەکێکیش لە ڕێگاکانی خۆشویستن و خۆشەویستکردنی خوێندنەوە، بوونی کتێبخانەیەکی سەرنجڕاکێش و لەبەرچاوە.

## پابەند بن:

١- دەبێت کتێبخانەیەکی جوان دروست بکەن و لەسەریەوە یان لەتەنیشتییەوە وتەی هاندەری خوێندنەوە بنووسن.

٢- کتێبەکان دەبێت بەپێی بابەتەکانیان جیا بکرێنەوە و وا باشە ئەو کتێبانەی خوێنراونەتەوە لەناویاندا کورتەی بابەتەکە دابنرێت.

٣- دەبێت منداڵەکان فێر بکرێن چۆن سوود لە کتێبەکان وەربگرن.

٤- دەبێت هەم ئەو سەرچاوانەی تێدا بێت کە یارمەتیی منداڵەکان دەدات لە وانەکانیاندا، هەم ئەو کتێبانەشی کە سەرنجیان ڕادەکێشێت و حەزیان لێیەتی.

٥- کاتێك کتێب بۆ کتێبخانەکە دەکڕن، دەبێت هەلی هەڵبژاردنی کتێب بدەنە منداڵەکانتان و بۆ ئەوەی گرنگی زیاتر بە کتێبەکان بدەن، هەر لەگەڵ خۆیاندا کتێب بکڕن.

٦- دەبێت لەبەردەم کتێبخانەکەدا مێزێك هەبێت. ئەگەر مێزی لێ بێت، وا لە کەسەکان دەکات بە کتێبخانەکەوە پەیوەست بن و کاتەکانیان لەوێدا بەسەر بەرن.

٧- ڕۆژانە، هێنانەوەی ڕۆژنامە و هەندێك گۆڤار، گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ هۆگربوون بە خوێندنەوەوە. ئەو بابەتانەی سەرنجڕاکێشن، خێرایی خوێندنەوە زیاد دەکەن و پەرە بە ڕۆشنبیریی گشتیش دەدەن.

لەبیرتان نەچێت، ئەو خێزانانەی لە ماڵەوە کتێبیان نییە، منداڵەکانیشیان بێ کتێب گەورە دەبن.

# 2

# بەرنامەیەك بۆ خوێندنەوەی کتێب دابنێن

پێویستە هەموو خێزانێك ببێتە قوتابخانە. لەم ڕۆژەدا هەموو خێزانێك ناچارە ئەمە بکات، چونکە ڕێگەیەکی دیکە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ نییە. لەبەر ئەوەی هیچ کەسێك هێندەی ئێوە، لەبیری منداڵەکانتاندا نییە. مادەم وایە، بۆ پێگەیاندنیان ناچارن ماڵەکەتان بگۆڕن بۆ قوتابخانە.

بۆ ئەوەی کەشی قوتابخانە باڵ بەسەر ماڵەکەتاندا بکێشێت، دەبێت بە شێوەیەکی دروست و بەردەوام چالاکییەکانی خوێندنەوە ئەنجام بدرێن. (هۆگربوون بە خوێندنەوە)، پێگەیەکی گرنگی هەیە لە پێکهێنانی کەسایەتیی منداڵەکەتان و دەستخستنی هەندێك لە بەها بنەڕەتییەکان بۆی. هۆگربوونی خوێندنەوەش، بە بەرنامەیەکی خوێندنەوەی دروست پەرە دەسێنێت.

# نامەیەك

مامۆستای بەڕێزم کاك خالید... نزیکەی حەوت هەشت مانگە پابەندی ئەو بەرنامەی خوێندنەوەیەوەین، کە ساڵی پار بۆت ناردین. سەرەتاکەی نەماندەتوانی زۆر پابەند بین پێیەوە، بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کەموکوڕییەکانی خۆمان دەبینی و بەخۆڕاگرییەوە بەردەوام بووین. زۆر سوپاس بۆ خودا، ئێستا من و هاوسەرەکەم و سێ کچەکەم هەموو ڕۆژێك بەرنامەیەکی خوێندنەوەمان هەیە. بەرنامەکەی ئێمە بەم شێوەیەیە:

١- لە هەموو هەفتەیەکدا، ڕۆژێك لەدوای نانی ئێوارە کۆبوونەوەی خێزانیمان هەیە. باسی کێشە تایبەتییەکانمان دەکەین و هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەریان بۆ دەدەین. لەو دانیشتنەدا هەموومان قسە دەکەین و بڕیارەکان بە کۆی دەنگ دەردەکرێن. لەپاش بڕیاردانیش، پێوەی پابەند دەبین.

٢- هەموو ئێوارەیەك نوێژی خەوتنان پێکەوە دەکەین. پێکەوە تەفسیر دەخوێنینەوە، هەر یەکە و لاپەڕەیەك دەخوێنێتەوە و هەوڵ دەدەین ئەوەی خوێندوومانەتەوە، ڕوونی بکەینەوە و لێی تێبگەین. بە دوعاکردن، کۆتایی بە بەرنامەکەمان دەهێنین. لە کۆتاییەکەشیدا،

هەر یەکێکمان چەند ئایەتێکی قورئان دەخوێنینەوە. چاودێریی یەکتر دەکەین و هەوڵ دەدەین کەموکورتییەکانمان چاك بکەینەوە. پاشان (جەوشەن) دەخوێنینەوە و پێکەوە دوعا دەکەین. هەمان ئەو چالاکییانە بە شێوەیەکی کەمتر، لەدوای نوێژی بەیانیش ئەنجام دەدەین.

٣- ڕۆژانی یەکشەممەشمان بۆ خوێندنەوە و گەڕان تەرخان کردووە. یەکشەممەیەك دەچین بۆ سەیران و لەگەڵ منداڵەکان یاری دەکەین، یەکشەممەیەکی دیکەشیان بەشداری کۆنفرانس و کۆبوونەوە و ڕۆژی واژوو و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان دەکەین. یەکشەممەی سێیەمیش دادەنێین بۆ خوێندنەوە لەماڵەوە.

٤- ئەو کەسانە بانگهێشت دەکەین بۆ ماڵەوە، کە دەتوانین سوودیان لێ وەربگرین، یاخود ئێمە سەردانی ئەو جۆرە کەسانە دەکەین.

٥- لە ساڵێکدا یەك جار سەردانی شوێنە مێژووییە هەمەجۆرەکانی وڵاتەکەمان دەکەین و لەو شوێنە واتادارانەدا ڕادەمێنین و بیر دەکەینەوە.

سوپاس بۆ خودا، ئەم هەوڵانە لە ماوەیەکی کەمدا بەرهەمەکەی دەرکەوت. باشتر لە یەکتر تێگەیشتین و بووین بە هاوبەشی یەکتر و خوێندنەوەمان خۆش ویست. خودا لێت ڕازی بێت.

**ئۆکان کۆلۆنجو**

# پێشنیارێك

لە چوارچێوەیەی دانانی بەرنامەیەکی خوێندنەوە لە ماڵەوەدا، دەبێت ئەمانەتان لەبیر نەچێت:

باشترین ڕێگا بۆ هاندانی ئەو منداڵانەی لە ماڵەکەدا خوێندنەوە نازانن، یان لە تەمەنی فێربووندان بۆ خوێندنەوە، بریتییە لە خوێندنەوە بە دەنگی بەرز بۆیان. تەنانەت ئەگەر منداڵ حەزیشی لە خوێندنەوە نەبێت، حەزی لە گوێگرتنی چیرۆکی خۆش و دانیشتن لەگەڵ دایك و باوکی هەیە. ئەو کتێبانە هەڵبژێرن کە پاڵەوانی سەرنجڕاکێشیان تێدایە و پەیامێکی گرنگیان لەخۆ گرتووە. خوێندنەوە بەدەنگەوە و بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی دەنگتان و گۆڕینی تۆنی دەنگتان لە کاتی خوێندنەوەکەدا، دەبێتە هۆی پەرەسەندنی توانای قسەکردنی خۆشتان.

لە لایەکی دیکەوە، ئینسکلۆپیدیا و فەرهەنگ لە ماڵەوە بەکار بهێنن. ئەمە گەشە بە گەنجینەی زمانەوانی و ئاستی پەیوەندییەکانتان دەدات. خوێندنەوە ئامرازێکی نموونەییە بۆ فێربوونی وشە و زانیاریی نوێ. دەتوانن لە ماڵەوە کۆکراوەیەکی کتێب و سەرچاوەکانی وەك فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیا و ئەتڵەسی گونجاو لەگەڵ تەمەنی منداڵەکانتان دروست بکەن و بەکاریان بهێنن.

یەکێـك لەو بنەمـایەی پێویستە بزانرێـت ئەمەیە: ئەو منداڵەی توانـای تێگەیشـتنی لە خوێنـدنەوە زیـاد دەکـات، توانــای بەکارهێنــانی مێشـك و بیرکردنەوەشـی لە کـاتی نووسیندا گەشە دەکات. نووسـین، وا دەکـات خوێنـدنەوە بەچێژتر و خۆشتر بێت. باشـترین شـێواز کە هـانی منـداڵ دەدات لەسـەر نووسـین، دانـانی دەفـتەری یادداشـتنامەیە. دەتوانن لەم بارەیەوە هاندەریان بن. ئەو کاتانەشـی هەسـت دەکەن نـاتوانن کـاتی تەواویـان بـۆ تەرخـان بـکەن، لە ژوورەکەیانـدا یـان بە دەرگاکەیـانەوە پەیامگەلێکیـان بـۆ بنووسن، کە چێژی لـێ ببیـنن. ئەوانـیش بە هەمـان شـێوە وەڵامتان بۆ دەنووسن و پێتان دەگەیەننەوە.

لەبیرتـان نەچێـت! منـداڵەکان زۆر حەزیـان لەوەیە لەبەرامبەر کارێکی باش یان ڕەفتارێکی جواندا، سـوپاس و دەستخۆشـییان لـێ بکرێـت و پێـی بەهێـز دەبـن. کاتێـك گرنگی بە خوێندنەوە دەدات و هەوڵی بۆ دەدات، پاداشتی بکەن. هەندێك جار ئەوانە لە کاغەزێکدا بنووسـن، یـاخود کاتێك لەگەڵیان دەدوێن، نازنـاوێکی هانـدەریان بـۆ بەکـار بهێنن. بۆ نموونە؛ شێوازێکی وەك: "ئەم مۆرانەیەی کتێـب، بـزانین ئەمـڕۆ لە چ کتێبێکـدا هـێلانەی کـردووە!" بەکـار بهێنرێت، کە دڵی پێی خۆش دەبێت.

منداڵەکان چەندێك گرنگییان پێ بدرێت، ئەوەندەش بەهێز دەبن. بەتایبەتی ئەگەر خوێندنەوە بکرێتە پێشبڕکێیەك، لەوە تێدەگات کە سەر کەوتووە و کاتێك لەبەرامبەریشدا دیاری بچووکی پێشکەش دەکرێت، واتای ئەوەیە گەیشتوون بە ئامانجی (خۆشویستنی خوێندنەوە).

# 3

# پێویستە چ کتێبێك بخوێنرێتەوە؟

هەموو مرۆڤێك بۆ تێگەیشتن لە خۆی، ژیانی، وڵاتەکەی، جیهان، بەها نەتەوەیی و مەعنەوییەکانی، ئامانجی ژیان و زۆر بابەتی گرنگی دیکە، پێویستە کتێبە زانستی و ڕۆشنبیرییەکان بخوێنێتەوە. بەدڵنیاییەوە ئەو کتێبەی دەخوێنرێتەوە کەوتووەتەوە سەر ئارەزووی کەسەکە، بەڵام زۆربەی کات تەنها حەز و ئارەزوو بەس نین بۆ هەڵبژاردنی کتێبێك. بۆیە پێویستە هەندێك سنوور و پێوەر بۆ ئەمە دابنرێن.

## ١- پێویستە چ کتێبێك هەڵبژێرن؟

١- ئایا ئەو کتێبەی هەڵی دەبژێرن، زانیاریتان لە بوارەکەی خۆتاندا زیاد دەکات؟

٢- ئایا بابەتێکتان فێر دەکات کە نایزانن؟

٣- کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر ڕۆشنبیریی گشتیتان دروست دەکات؟

٤- لێکدانەوەیەکی تازە، تێڕوانینێکی تازەتان دەست دەخات؟ ئایا لە پەیوەندی و بەها مرۆڤایەتییەکاندا کاریگەریی گرنگی دەبێت؟

٥- ئایا کاریگەرییەکی ئەرێنی لە هەڵسوکەوتەکانتاندا دروست دەکات؟

٦- ئایا دەتوانن بەئاسوودەیی بیکەن بە دیاری بۆ هاوڕێکانتان؟

ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارانە و هاوشێوەی ئەمانە (بەڵێ)یە، ئەوا ئەو کتێبانەی دەیخوێننەوە زۆر سوودتان پێ دەگەیەنێت و پێویستە بخوێنرێنەوە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، هەروەك چۆن ئەو کارانەی ئەنجامیان دەدەن ڕیزبەندییەکان بۆ دادەنێن، بە هەمان شێوەش دەبێت ئەو کتێبانەی دەیانخوێننەوە، بە پێی گرنگییەکانیان ڕیز بکرێن و بێگومان دەشبێت بیانخوێننەوە. لانی کەم دەبێت بەپێی پلە و پێگەتان بیر بکەنەوە و هەڵیان بژێرن.

کتێبەکان دەبێت وەك هاوڕێ هەڵبژێردرێن، کەم بن بەڵام سوودبەخش بن. ئەم وتەیەی (دیلۆن ڤی لیگ) کە دەڵێت: "ئەو نووسەرەی بەرهەمەکانی دەخوێننەوە، دەبێت وەك هەڵبژاردنی هاوڕێ هەڵی بژێرن." پشتڕاستکەرەوی ئەمەیە.

خوێندنەوە بە کتێبی زۆر نا، بەڵکو بەو کتێبە دەگات بە ئامانج، کە توانات هەبێت لێیان حاڵی ببیت. چەند هاوڕێیەکی ڕاستەقینە، لە زۆر ناسیاوی دوور باشترە. لەبری کەم خوێندنەوەی زۆر کتێب، دەبێت کەمێك کتێب زۆر زۆر بخوێننەوە. دەبێت هەست بە ئاسوودەیی

بکەین، کاتێک زوو زوو کتێبێک دەگرین بە دەستمانەوە. چەندە باشیشە کە بەبیرکردنەوەوە کتێب بخوێنرێتەوە و بەدەم کتێب خوێندنەوەوە بیر بکرێتەوە! (ڕۆسێڵ) سەبارەت بە کتێبەکان دەڵێت: "بابەگەورەتان بەباشی هەڵبژێرن." (چەرچڵ)یش دەڵێت: "هەر وەك چۆن بەتەمەنەکان دەبێت ئاگادار بن لەو خواردنانەی دەیانخۆن، دەبێت گەنجەکانیش بە هەمان شێوە وریا بن لەو کتێبانەی هەڵیان دەبژێرن بۆ خوێندنەوە و دەبێت بەپێی پێویست ورد بن تیایدا."

ئەم وتەیەی (فرانسیس بەیکۆن)یش، کە دەڵێت: "هەندێك کتێب بۆ تامکردنن و هەندێکیش بۆ جوینن و ئەوەشی کە دەمێنێتەوە بۆ قووتدان و هەرسکردنن." پێوانەیەکی باشی بۆ کتێبەکان داناوە. کتێب باشترین هاوڕێیە، بەڵام هەموو کتێبێك نابێت بە هاوڕێی باش. هەر وەك هاوڕێ، کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاریش سوودبەخش و زیانبەخشیشیان هەیە. مەگەر دەکرێت ئەو کتێبانەی لە مێژوو لایان داوە و بەها ئاینییەکان بە سووك دەزانن و گەنجەکان بۆ بێڕەوشتی هان دەدەن، بە باش و جوان ببینرێن؟

کتێبی خراپ، لە قسەی خراپ خراپترە. هەر وەك ڕەفتارە خراپەکان، شێوازی تێڕوانین و بیرکردنەوەی نەوەی نوێ دادەڕێژن. سەرەڕای ئەوەی لاشەی نووسەر دەڕزێت و لەناو دەچێت، بەڵام ئەو کتێبەی لەدوای خۆی جێی هێشتووە، بەردەوام دەبێت و بەنەمری دەمێنێتەوە.

## ٢- دەبێت چ جۆرە کتێبێک بخوێنرێتەوە؟

کتێبێک کە ناوەڕۆکەکەی زۆر زانستی و قورس بێت، بۆ کەسێک کە تازە دەستی کردبێت بە خوێندنەوە، بێزارکەر دەبێت. ئەگەر ئەو کەسە لەو بابەتانەوە دەست بکات بە خوێندنەوە کە حەزی لێیانە، دەتوانرێت ئاسوودەتر بخوێنێتەوە و لە خوێندنەوەدا بەرەوپێش بچێت. پێویستە مرۆڤەکان بۆ دابینکردنی پێداویستییە ماددی و مەعنەوی و ڕۆشنبیرییەکانی ژیان، هەندێک بەرهەمی بنەڕەتی بخوێننەوە.

## ٣- ئەوانەی پێویستە گرنگییان پێ بدەین

١- ئەو کتێبانەی زانیاریی مێژوویان کردووە بە ئامانجی سەرەکییان.

٢- ئەو کتێبانەی لەبارەی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی و مەعنەوییەوە دەدوێن.

٣- ئەو کتێبانەی ناوەڕۆکەکەیان بەهای ئایینی و ڕەوشتییان لەخۆ گرتووە.

٤- ئەو کتێبانەی بەهرە کەسییەکان دەخەنە ڕوو.

٥- ئەو کتێبانەی هانمان دەدەن بۆ کۆششکردنی دروست و نموونەیی.

٦- ئەو کتێبانەی باسی چیرۆکی سەرکەوتنی کەسایەتییە ناودارەکان دەکەن.

٧- ئەو کتێبانەی گرنگیی خێزانیان کردووە بە ئامانجی سەرەکییان.

٨- ئەو کتێبانەی پاڵەوانە ئایینی و نیشتیمانییەکانیان کردووە بە سەرباس.

٩- ئەو کتێبانەی کە پەیوەندییان بە زانست و تەکنەلۆژیاوە هەیە.

١٠- ئەو کتێبانەی ترس و دڵەڕاوکێ کەم دەکەنەوە و کێشە دەروونییەکان دەدەنە بەر باس.

## ٤- پێویستە بەدوای چ تایبەتمەندییەکدا بگەڕێن؟

١- دەبێت ببێتە هۆی جێگیربوون و چەسپاندنی تێڕوانینەکانتان.

٢- دەبێت هەستی لێبووردەیی بەهێز بکات.

٣- دەبێت توانای شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن زیاد بکات.

٤- دەبێت ئەو شتەی کە دەیزانن بۆتان تەواو بکات و پەرەی پێ بدات، یان شتێکتان فێر بکات کە نایزانن.

٥- دەبێت بەدوورتان بگرێت لە دڵەڕاوکێ و ئاسوودەتان بکات.

٦- دەبێت ئومێد و متمانەبەخۆبوونتان تێدا بڕوێنێت.

٧- دەبێت ڕێکوپێکی و بنەما بهێنێتە ناو ژیانتانەوە.

٨- دەبێت بەها ئایینی و کلتوورییەکانتان واتادارتر بکات.

٩- پێویستە هەستی یارمەتیدان و خزمەتکردنی مرۆڤایەتی پتەو بکات و پێشینەبڕیار و خۆپەرستیتان تێدا بسڕێتەوە.

١٠- پێویستە بۆچوون و ئامانجتان بۆ پێك بهێنێت.

١١- پێویستە لە كۆمەڵە ڕەفتارێكی خراپ بەدوورتان بگرێت و فێری هەڵسوكەوتی باش و سوودبەخشتان بكات.

پێویستە بزانن كە ئەو كتێبەی دەیخوێننەوە، دەبێت بەهای مرۆڤایەتی و ڕەوشتیتان پێ ببەخشێت. دەبێت لەو كتێبانە بێت كە گەشە بە بۆچوون و هەڵسوكەوتەكانتان دەدەن.

# 4

# ڕاهێنانەکانی کتێب خوێندنەوە

ئەو کەسانەی ئەزموون و زانیارییان لە بارەی ڕاهێنانەکانی خوێندنەوەوە هەیە، خێراتر و ئاسوودەتر دەخوێننەوە و زیاتر ویستیان لەسەریەتی.

لەم سەردەمەدا ئەو تایبەتمەندییە بنەڕەتییەی مرۆڤی لەوانی دیکە جیا کردووەتەوە، خواستی زانست و سەرکەوتن و فێربوونە. خێراترین و هەرزانترین و کاریگەرترین ئامراز بۆ گەیشتن بەمە، خوێندنەوەیە. لەم سەردەمەماندا کۆمەڵێك تەکنیك دانراون بۆ ئەو کەسانەی، سکاڵای نەبوونی کاتی خوێندنەوە دەکەن. ئەگەر وەك چالاکییەکی جەستەیی بیر لە خوێندنەوە بکەینەوە، خێرا خوێندنەوەش ڕێگایەکە بۆ زیادکردنی ئەو چالاکییە جەستەییە. توانای خێرا خوێندنەوە، لە ئەنجامی زنجیرەیەك مەشق دێتە ئاراوە، کە بە مەبەستی ڕزگارکردنی چاو لە تەمبەڵی و بینینی لاپەڕەکە بە شێوەیەکی گشتی، واتە فراوانکردنی مەودای بینین و خێرا تێگەیشتن ئەنجام دەدرێن.

خێرا خوێندنەوە، ئامانجی زیادکردنی خێرایی خوێندنەوەیە، هاوشان لەگەڵ تێگەیشتن لە نووسینەکە. بێگومان هەموو نووسراوێك بە هەمان خێرایی ناخوێنرێتەوە، بەڵکو بەپێی تایبەتمەندیی دەقەکە جیاوازیی تێ دەکەوێت.

بە شێوەیەکی تیۆری سەلمێنراوە، کە مێشکی مرۆڤ ئەگەر تەنانەت بیر لە شتێکیش نەکاتەوە، لە یەك خولەکدا پێنج سەد وشەی پێدا دەڕوات. ئەو خوێنەرەی تەکنیکەکانی خێرا خوێندنەوە نازانێت، لە خولەکێکدا نزیکەی سەد و پەنجا وشە دەخوێنێتەوە. ئەو سێ سەد و پەنجا وشەیەی ماوەتەوە، بەو وشە ناپێویست و پاشماوانەی بە مێشکدا دەڕۆن پڕ دەبێتەوە. بەڵام مرۆڤ بە تواناکانی خێرا خوێندنەوە دەتوانێت ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە و خێرایی خوێندنەوەکەی سێ ئەوەندە زیاد بکات.

خێرا خوێندنەوە -بەو مەرجەی لەگەڵیدا پەرە بە توانای تێگەیشتن و مەودای بینین بدەین- تێگەیشتن ئاسان دەکات و چێژ بە خوێندنەوەش دەبەخشێت.

ئێمە هەر لە قۆناغی بنەڕەتییەوە دەست دەکەین بە خوێندنەوە و فێربوون. ئەم کردارە بە درێژایی تەمەن بەردەوام دەبێت. ئەمەشە بنەڕەتی بوون بە کۆمەڵگەیەکی زانا و هۆشیار، یان ڕاستتر بڵێین بوون بە مرۆڤە. بەڵام زۆربەمان بیرمان لەوە نەکردووەتەوە کە خوێندنەوە، یان ڕاستتر خێرا خوێندنەوە چییە. ئەگەر بیر بکەینەوە

کە کات سەرمایەیەکە مرۆڤ دەبێت زۆر بە وریایی و هۆشیارییەوە بەکاری بهێنێت، ئەوا وەڵامی ئەم پرسیارە هەر خۆی دەدرێتەوە.

## پابەند بن:

### ١- فێری بەکارهێنانی کات بن.

زۆربەمان گلەیی و سکاڵای ئەوە دەکەین، کە کاتمان بۆ زۆر شت نییە. لە کاتێکدا تەنها (٢٠%)ی ئەو کاتەی بۆ کارەکانی ڕۆژانەمان تەرخانمان کردووە، بەرهەمدارانە بەکاری دەهێنین. بۆ نموونە؛ لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا (٨٠%)ی قسەکان لە دەرەوەی مەبەستە سەرەکییەکەن. بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەك لە ڕۆژنامەیەکەوە، پێنج هێندەی ئەو کاتەی بۆ دەستخستنی ئەو زانیارییە پێویستە، بە لاپەڕەکانی دیکەی ڕۆژنامەکەوە بەفیڕۆی دەدەین. یاخود بەشێکی زۆری کاتی کارەکەمان بەو قسانە پڕ دەکەینەوە، کە لە دەرەوەی ئەو کارەن.

### ٢- ئامانجە کەسییەکانتان دیاری بکەن.

لێرەدا ئەو شتانە دەستنیشان دەکرێن، کە ڕۆژانە دەیانخوێنینەوە. ئامانجە هەفتانە و مانگانە و ساڵانەییەکانمان، بۆ کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە و ڕاپۆرتە پیشەییەکان... هتد چین؟ با لیستێك بۆ بەرهەمەکانی ناو کتێبخانەکەمان دروست بکەین و بەپێی گرنگییان، پلانێکی خوێندنەوە دروست بکەین و دەست بە کارەکە بکەین. کاتێك کتێبێك دەکڕین، بەرواری ڕۆژی کڕینەکەی بنووسین و بە تێبینی لەسەری بنووسن، دەبێت چ کاتێك تەواو بکرێت. با لەدوای

خوێندنەوەوە، چاودێریی خۆمان بکەین. دەکرێت ئەو لیستەی دامان ناوە، بەپێی هەلومەرجەکان تازە بکرێتەوە.

**٣- کاتەکانی خوێندنەوە دیاری بکەن.**

هەر وەك ئەو کـــارانەی دیکەمـــان کە بە کـــاتەوە بەنـــدن، جیاکردنەوەی کاتێکی دیاریکراو و سنوورداریش بۆ خوێنـدنەوە و دەستهەڵگرتن لە کارەکانی دیکە لەو کاتەدا، باشـترین کـارە. لەبەر ئەوەی خوێندنەوە کـارێکی جـددییە، بـۆیە وەك هەمـوو کـارێکی جددی دەبێت بەرنامە و پلانی بۆ دابنرێت.

**٤- بەربەستەکانی خوێندنەوە لەسەر ڕێتان لاببەن.**

لەم ڕۆژگـارەدا، خێرایـی ئاسـایی خوێنـدنەوە بـۆ دەسـتدانی پێویسـتییەکانی تاکەکـان بەس نییە، بەڵام گەشـەکردنی خێـرای تەکنەلۆژیا و هاتنی ئینتەرنێت بـۆ نـاو ژیانمـان، بە ڕێژەیەکـی زۆر ئاسانکارییان بۆ مرۆڤەکان کـردووە بـۆ گەیشـتن بە زانیارییەکـان. ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ ئێمە، وەرگرتن و ڕاڤەکردنی ئەو زانیارییـانەیە. تاکە ڕێگەش بۆ ئەمە، خێرا خوێندنەوەیە.

**٥- خۆتان لەسەر خوێندنەوە ڕابهێنن.**

هەر وەك چۆن هەموو یاریزانێك پـێش دەسـتکردن بە مەشـق، ماسوولکەکانی خاو دەکاتەوە، بە هەمان شێوەش پێویستە خـوێنەر چەند چالاکییەك ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی هۆگری و بەربەستەکانی خوێنـدنەوەی کە پەیوەنـدییان بە بیرکـردنەوە، بینـین، تێگەیشـتن و

ڕاڤەکردنییەوە هەیە، دەستنیشان بکات و گەشەیان پێ بدات، یان ڕێگرییان لێ بکات.

**٦- خووەکانتان بگۆڕن.**

خووەکان، ئەو هەڵسوکەوتانەن کە بە تێپەڕبوونی کات بەدەست دێن. بۆیە گۆڕینیان ئاسان نییە، بەڵام لە ئەنجامی ئارامگرتن و هەوڵدانی بێوچان، دەتوانرێت خووی تازە بەدی بهێنرێت. جگە لەوەش، لەبەر ئەوەی خووە تازەکان خۆیستانە بەدەست هێنراون، پابەندبوون پێیانەوە بەچێژ و ئاسان دەبێت و متمانەتان پێ دەبەخشێت.

**٧- بێ ئەوەی لەسەر وشەکان بوەستن، بخوێننەوە.**

لە کاتی خوێندنەوەدا هەندێك کات لەسەر وشەکان دەوەستین، بەڵام گرنگ تێگەیشتنە لە پەیامی دەقەکە، نەك ئەزبەرکردنی وشەکان.

**٨- ژینگەکەتان بە پێی پێداویستییەکانتان ساز بکەن.**

ژینگەی هێمن و گونجاو بۆ خوێندنەوە، گڕوتین بە خواستی خوێندنەوەمان دەدات و دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئەنجامی باشتر. بەم شێوەیە، هەروەك زیادکردنی بڕ و خێرایی خوێندنەوە، ژینگەکە وامان لێ دەکات پابەندی خوێندنەوەکە بین و ڕێگریمان لێ دەکات لەو خەیاڵانەی کە مێشك لە دەقەکە دوور دەخەنەوە. بەم شێوەیە، گواستنەوەی زانیارییەکان ئاسانتر دەبێت.

**٩- خێرایی خوێندنەوەتان دیاری بکەن.**

واتە بەبەردەوامی دەستنیشانکردنی ژمارەی ئەو وشانەی لە کاتی خوێندنەوەدا دەخوێنرێنەوە و لە هەمان کاتدا هەوڵدان بۆ زیادکردنی ئەو خێراییە. ئەم کارە ئەگەرچی لە سەرەتاشەوە بێزارکەر بێنرێت، بەڵام گەر بەپشوودرێژییەوە ئەنجام بدرێت، هەست دەکرێت خێرایی خوێندنەوە بە رێژەیەك لە خێرایی پێشووتر زیاتر بووە.

**١٠- تەواوی سەرنجتان لەسەر کتێب خوێندنەوە چڕ بکەنەوە.**

تەرکیزکردنە سەر کتێب خوێندنەوە، لە شۆفێریکردن دەچێت. هەر کە ساتێك لێی بێئاگا بوون، ناتوانن بەسەریدا زاڵ بین و هیچ تێناگەن لەوەی خوێندووتانەتەوە.

**١١- لە هەر چوار سووچی لاپەڕەیەکدا، چوارگۆشەی بچووك بچووك دروست بکەن و وشەیان تێدا بنووسن.** ئەو وشانەی کە نووسیوتانە، لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەخێرایی بیانخوێننەوە. هەموو رۆژێك بۆ ماوەی پێنج بۆ دە خولەك ئەمە ئەنجام بدەن. ئەم کارە بواری بینینی چاوەکان فراوان دەکات، یارمەتیی چاو دەدات تا بەخێرایی بەسەر وشەکاندا بڕوات و تەرکیزیان لەسەر بکات.

**١٢- لاپەڕەیەك بگرن بە دەستانەوە، وشەی یەکەم و کۆتایی هەر دێرێك بە (هایلایت) دیاری بکەن.** لە سەرەوە تا خوارەوە چاوتان بەسەر وشە ڕەنگکراوەکاندا بگێڕن و بەخێرایی بیانخوێننەوە. بەردەوام ئەمە دووبارە بکەنەوە، چونکە یارمەتیی خێرا جووڵان و تێگەیشتنی چاوەکانتان دەدات.

١٣- بەخێرایی لە سەرەوە تا خوارەوە و لە خوارەوە تا سەرەوە، چاو بەسەر لاپەڕەکەدا بگێڕن، یاخود چاوتان لە سەرەوە تا خوارەوەی ڕووی دیوارەکەدا بگێڕن. ئەمەش وا دەکات، چاوتان لە تەرکیزکردندا گورجوگۆڵ بێت.

١٤- بەبێ ئەوەی سەرتان بجووڵێنن، چاوتان بۆ لای ڕاست و چەپ و سەرەوە و خوارەوە بجووڵێنن. ئەمەش ماسوولکەکانی چاوتان دەخاتە کار و توانای جووڵانیان پێ دەدات.

١٥- ئەگەر چاوتان ماندوو بوو یان خەوتان هات، هەستن و کەمێك بجووڵێن و دەموچاوتان بشۆن. لەسەر پشت ڕابکشێن و بۆ ماوەیەك چاوتان دابخەن، یاخود لەپی دەستتان بخەنە سەر تەواوی چاوتان و بەنەرمی بیشێلن.

١٦- بۆ زیادکردنی خۆڕاگریی چاوەکانتان و بەهێزکردنی تەرکیزتان، لەناوەڕاستی کارتۆنێکی گەورە بازنەیەکی بچووك بکێشن و بە دیوارەکەدا هەڵی بواسن. بەرامبەر کارتۆنەکە، لەسەر کورسییەك دابنیشن و چاوتان لەسەر بازنەکە ڕابگرن و هەموو ڕۆژێك ماوەی ئەم چاوڕاگرتنە لەسەر بازنەکە زیاتر بکەن.

١٧- بۆ ئەوەی لە کاتی خوێندنەوەدا، لەبری خوێندنەوەی دانە بە دانەی وشەکان، کۆمەڵە وشەکان بخوێننەوە ئەم، چالاکییە ئەنجام بدەن:

کۆمەڵە وشەکانی ناو لاپەڕەیەك بە هێڵی جیاجیا دیاری بکەن‌و هەوڵ بدەن لە چاوتروکانێکدا لێیان تێبگەن و، هەموو ڕۆژێك بە لایەنی کەمەوە دە جار ئەمە ئەنجام بدەن، سەرکەوتنەکەتان دەبیننەوە.

**١٨- بۆ ئەوەی کێش و خێرایی ڕێکردنی چاوتان زیاد بکەن، ئەم چالاکییە ئەنجام بدەن:** نووسراوێکی چوار پێنج پەڕەیی بهێنن و لەسەر هەموو لاپەڕەکان، لە سەرەوە تا خوارەوە هێڵێکی زیگزاگ بکێشن. بە شوێنکەوتنی هێڵە زیگزاگەکە، هەوڵ بدەن هەموو لاپەڕەکان بەخێرایی بخوێننەوە. چەند جارێك ئەمە دووبارە بکەنەوە، لە سەددا سەد خێرایی خوێندنەوەتان زیاد دەکات.

**١٩- چەند لاپەڕەیەك بهێنن، کە لە هەر دێڕێکدا چوار وشە نووسرابێت و ئەم لاپەڕانە بەستوونی بخوێننەوە.** بەم شێوەیە دەتوانن پەڕەکە لە ماوەی یەك لەسەر دە، یان یەك لەسەر بیستی ئەو کاتەی بە خوێندنەوەیەکی ئاسۆییەوە بەفیڕۆی دەدەن، بخوێننەوە. بەم ڕێگەیە، خوێندنەوەی هەر لاپەڕەیەك سی چرکە دەخایەنێت.

**٢٠- یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی ڕێگە لە خێرا خوێندنەوەکان دەگرن، بەبێ ئاگا گەڕانەوەیە بۆ وشەکانی پێشوو.** لە ئەنجامی خەیاڵ ڕۆیشتن و بیر پەرتەوازەبوون، ئەو دەقە یان ئەو پەرەگرافەی دەتوانرێت بە یەك جار بخوێنرێتەوە، پێویستی بە دووبارە و سێبارە خوێندنەوە دەبێت و بە هیچی خۆڕایی کات بەفیڕۆ دەچێت. ئەم گەڕانەوانە وەك ئەوە وایە، لە کاتی قسەکردندا بەردەوام قسەکان ببڕیت.

**۲۱- بە خونجەکردن، یاخود وشە بە وشە مەخوێننەوە.** تێگەیشتن لە پەیامی دەقێکی نووسراو، بە خوێندنەوەی یەکە بە یەکەی وشەکان نابێت، بەڵکو بە تەرکیزکردنە سەر تەواوی ڕستەکان و پەرەگرافەکان دەبێت. چونکە وشەکان جگە لە کۆمەڵە هێمایەك کە لە مێشکدا بەرامبەرێکیان بۆ دانراوە، هیچی دیکە نین. کاتێك وشەی (درەخت) دەبیستین، دروستبوونی وێنە و ڕەنگی درەختێك لە مێشکماندا هەر بە هۆی ئەمەوەیە. سەرەڕای ئەوەش، ئەو خوێنەرەی بەم شێوەیە دەخوێنێتەوە، لەبەر ئەوەی لە سەری دێڕەکەوە تا کۆتاییەکەی یەکە یەکەی وشەکان دەخوێنێتەوە، کە دەگاتە کۆتایی دێڕەکە، ئەوانەی خوێندوونییەتەوە بیری دەچنەوە. ئەمەش لە کاتێکدا چاو وەك کامێرایەکی وێنەگرتن کار دەکات، ئەو بەشانەی دەیبینێت، دەیانێرێت بۆ مێشك و بەشەکان لە مێشکدا پێکەوە دەلکێنرێن. ئەم بەشانە چەندێك گەورە بن، پێکەوەلکاندنیشیان ئەوەندە زیاد دەکات و ئاسان دەبێت.

**۲۲- لە کاتی خوێندنەوەدا، تەرکیز بخەنە سەر دەنگتان.** بە پشتبەستن بەو خاڵەی سەرەوە، واتە بڕگە بڕگە خوێندنەوە، دەنگدانەوەیەك لە مێشکدا دروست دەکات. لە ئەنجامدا خێرایی بینین هاوتای خێرایی قسەکردن دەبێتەوە و خێرایی خوێندنەوە کەم دەبێتەوە. خێرایی خوێندنەوە بە شێوەیەك کەم دەبێتەوە، کە دەگاتە خوێندنەوەی سەد و پەنجا وشە لە خولەکێکدا، واتە هەمان خێرایی قسەکردن.

ئەگەر بزانین ئامانجی خێرا خوێندنەوە، خوێندنەوەی شەش سەد وشەیە لە هەر خولەکێکدا، باشتر تێدەگەین کە بە هۆی بوونی دەنگدانەوەی وشەکان لە مێشکماندا، چەندێك کات بەفیڕۆ دەدەین. دەکرێت بە زیادکردنی چوار سەد و پەنجا وشە بۆ سەر خێرایی خوێندنەوەمان، دەنگدانەوەی وشەکان لە مێشکماندا نەهێڵین.

سەرئەنجام، پێویستە خوێنەر خۆی دەرباز بکات لە بۆچوونە هەڵەکانی وەك؛ "بۆ ئەوەی بەسەرنجەوە بخوێنمەوە، دەبێت هێواش بخوێنمەوە." یان "بۆ ئەوەی لە دەقەکە تێبگەم، دەبێت یەك وشە نەپەڕێنم." لەبەر ئەوەی توانای وەرگرتنی مێشکی مرۆڤ پێنج سەد وشەیە لە خولەکێکدا، ڕازیبوون بە خوێندنەوەی سەد و پەنجا وشە، زەمینە بۆ سەرقاڵبوونی مێشك بە شتی ناپێویستەوە خۆش دەکات.

دەکرێت ئەم سەرقاڵییانە، گرنگیدان بە ئامرازە دەرەکییەکانی وەك: یاریکردن بە پێنووس، خەیاڵکردنەوە، گوێگرتن لە مۆسیقا، یان تەماشاکردنی تەلەفزیۆن بێت. جگە لەوەش، هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە هەموو شتێك، دەبێتە بەربەرست لەبەردەم تێگەیشتنی زۆر شتدا.

کاتێك ڕاهێنانەکانی خێرا خوێندنەوە ئەنجام دەدەن، ڕەنگە لە سەرەتاکەیەوە ئەنجامێکتان دەست نەکەوێت، بەڵام ئەگەر لانی کەم بۆ ماوەی پازدە ڕۆژ لەسەر ڕاهێنانەکان بەردەوام بن و لە هەر ڕۆژێکدا چەند جارێك دووبارەیان بکەنەوە، گەشەکردنێکی سەرسوڕهێنەر لە خێرایی خوێندنەوە و تێگەیشتنتاندا دەبینن.

# پێڕست